دەزگای رۆژنامەنووسی و بڵاوکردنەوەی کوردی
• مەیدانی الخیلانی شەقامی • الجمهوریة •
بەغدا - س.پ ١٤٠١٦ تەلەفۆن ٨٨٧٥٧٩٥-٥ خەت
سەر نووسەر : سعاد ادیب علی

هاوکاری

٨ لاپەڕە — ٢٥ فلسە

سەرۆکی فەرماندە
احمد حسن البکر

• دووشەممە ٤ی کانونی١ ١٩٧٨ ژمارە ٤٥١ •
سالی ١٩٧٠ دامەزراوە
• الاثنین ٤ کانون الاول ١٩٧٨ العدد ٤٥١ •

سەرۆکی فەرماندە :

هەرەوەزی نیشتمانی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری بەرەو پێشدەوەچوونێکی شارستانیتی یاندی گەورە یە

• یەکەمجارە تاقیکردنەوەیەکی وەها دەگمەن و پێشەنگ و کامڵ لە وڵاتەکەماندا رووەدا •

• پێویستە جەماوەری گەل و هەموو رێکخراوەکانی گشت تین و توانایان بۆ شەڕی رزگاربوون لە جەهالەت و دواکەوتەیی بخەنە کار •

بەڕێز سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکر دووپاتی کردەوە کە رۆژی زانیاری کە جەماوەری گەل ئاهەنگی بە دەستپێکردنی هەرەوەزی نیشتمانی سەرتاپاگیری لەناوبردنی ئیجباری نەخوێندەواری بۆ دەگێڕێ ، بەرەو پێش چوونێکی گەورەی شارستانیەتی یانە لە مێژووی ئەم گەلە تێکۆشەرەدا پێك دێنێ •

ئەمە لە نامەیەکدا وتراوە کە لە بری سەرۆکی فەرمانده، بەڕێز محمد محجوب ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری پەروەدە سەرۆکی ئەنجومەنی بەرزی هەرەوەزی نیشتمانی پێنج شەممەی را بوردوو لە مەیدانی کەشافەدا ئاراستەی جەماوەری کرد ، کە ئەمە دەقی نامەکەیە :

ئەی رۆڵە مەزنەکانی گەلەکەمان

پیرۆزبایینتان لێدەکەم و پیرۆزبایی ئەم رۆژە مەزنەی رۆژانی سەرکەوتنە گەورە کانتان لێدەکەم کە شۆڕشە سەرکردەکەتان بەدی دەهێنێ و کە کاروانی سەرکەوتووی بەکۆششی و قوربانی و بەوەفایی ئیوەوە بۆی و بە ئامادەبوونتان بۆ لەئەستۆگرتنی ئۆبالە مێژوویی یەکان لەپێناو گەل و نەتەوەدا لەسەر رێبازی هێنانەدی ئامانجەکانمان لە یەکێتی و سەربەستی و سۆشیالیستی ، لە رۆیشتندایە بەرەو ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەیی یەکانی •

• رۆژی زانیاری

ئەم رۆژی زانیاریە کە جەماوەری گەل ئاهەنگی بۆ دەگێڕێ و کە هەرەوەزی نیشتمانی سەرتاپاگیری لەناوبردنی نەخوێندەواری تێدا دەستپێدەکا ، بەرەو پێش چوونێکی گەورەی شارستانیەتی یانە لە مێژووی ئەم گەلە تێکۆشەرەدا پێك دێنێ و نیشانەیەکی بۆ سەر رێگای دوارۆژو کارێکی شۆڕشگێرانەی هەڵکەوتووشە بە هەموو مەودا سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکری یەکانی یەوە لە مێژووی هاوچەرخماندا کە یەکەم جارە وڵات تاقیکردنەوەیەکی دەگمەن و پێشەنگ و کامڵی وا بەخۆیەوە دەبینێ کە ئەرکی دوایی پێهێنانی رواڵەتێ لە رواڵەتەکانی دواکەوتوویی و وەستان و دوا ئەو پاشماوانە بەجێ دێڵێ کە ئیمپریالیزم جێی هێشتوون لە نەزانین و دواکەتنی شارستانی یەوە کە کۆسپ دەخەنە بەر رێڕەوی گەل و نەتەوەو راپەڕین و دوا رۆژی کۆت دەکەن و تەگەرەو سنوور دەخەنە بەردەم وژە دروستکەرو ئەو توانا بەرزانەوە کە گەلە تێکۆشەرەکەمان هەیەتی • ئەم گەلەی کە بە درێژایی مێژووی پیرۆزی تێکۆشانی • ئیسپاتی قوولی رەسەنایەتی خۆی و راستی تێکۆشانەکەی و بەرزی توانابوونی بۆ داهێنان و قوربانی دان و بەخشش ، کردوە •

• سەرکردایەتی حزبو شۆڕش لە مەترسی نەخوێندەواری بە هۆشن

سەرکردایەتی حزبو شۆڕش لە مەترسی نەخوێندەواری و هەموو ئەو شتانەشەوە کە پێوەی بەندن وەك وەستان و دواکەوتوویی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی بە هۆش و هوشیار بوو • لە بەر ئەوە بە ورەو بەردەوامی یەکی گەورەوە کاری کرد بۆ ئامادەکردنی نەخشەو پێداویستە پێویستەکان بۆ راپەڕاندنی ئەرکە مێژوویی یەکانی بۆ دەربڕینی گیانی شۆڕشگێڕی و دیموکراتی و سۆشیالیستی یانەی حزب لە رزگارکردنی مرۆڤ و تەقاندنەوەی توانا کانی و ئامادەکردنی هەموو دەرفەت و دۆخێك بۆ ئەوەی کاربکاو دابهێنێ و بەشداریی لە دروستکردنی ئیستاو دوارۆژدا بکا بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی شۆڕشە سەرکەوتووەکەمان •

• ئەی گەلی مەزن :

حزبە تێکۆشەرەکەتان ، حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست باوەڕی بە مرۆڤە وەك بەهایەکی بەرز چ لە رووی ئامانج چ لە رووی هۆوە ، لەبەر ئەوە دووپاتی کردۆتەوە کە پێویستە بە فیکرو بەزانیاری و بە بەهاوە ئامادەو دروستە بکرێ ، تاوەکو نەرادەی ئەو ئۆبالە مێژوویی یانە دابێ کە دێنە سەر ئەم [illegible] نەتەوەیەو توانای بەسەر بەرەنگاربوونی مەیدانکردی یە چارەنووسی یەکاندا بشکێنێ و بۆ هاوبەشی کردنی کرداری پێشکەوتن و بنیاتنان دەست بکا هاوبەشی کردنی کرداری پێشکەوتن و بنیاتنان دەست بدات •

لەم پێوداناوە ، شۆڕشە مەزنەکەتان شۆڕشی حەفدەی تەمووز دەستی کرد بە راپەڕاندن و بەجێهێنانی بڕوباوەڕەکان لە بوارە جۆربەجۆرەکانی پەروەردەو فێرکردنداو راپۆرتی سیاسی هەشتەم کۆنگرەی فوتری حزب ، ستراتیجیەتێکی نیشانە ئاشکرای بۆ نشونما پێکردنی کەرتی پەروەردەو خوێندن دەستنیشان کردوە بەوەی کە بەکێکە لەو مەیدانە بنچینەییانەی کە هاوبەشی لە ئامادەکردنی مرۆڤی نوێدا دەکا بۆ ئەوەی ببێتە بنکەیەکی بەهێزو هۆشمەندو بەکاری ئیشکردن و بەخشش و تێکۆشان بێ بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی نوێ و چەسپاندنی بنچینەکانی بنیاتنانی سۆشیالیستی بە درێژایی ئەو رێڕەوە درێژە کە وڵات لە دە سالی تەمەنی درێژی شۆڕشەکەتاندا بە خۆیەوە دیوە •

• هەنگاوێکی جۆرەکی لە بواری فێربوونداو

شۆڕشە سەرکەوتووەکەتان توانی هەنگاوی جۆرەکی و بنەڕانە لە بواری پەروەردەو فێربوونداو بنێ و گواستنەوەیەکی دیارو ئاشکراش لە مەیدانی نەخشەکانی پەرەپێدانی ئەتەوەیی و بنیاتنانی سۆشیالیستیدا بەدی بهێنێ ، بەوەی کە فێربوونی نایبەتی ئەهێشت و دەواڵەت وای بە پێویست زانی کە خۆی پابەندی سەربەرشتی کردنی فێرکردن و ئامۆژگاری کردنی مناڵەکانی بێ • هەروەها لە بڕوابوونی بە دیموکراتیەتی خوێندن و باوەڕی دەرفەتدان بە جەماوەری گەلەوە ، خوێندنی بەخۆڕایی بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن بەدی هات • هەروەها بە ئامانجی بەدیهێنانی خوێندنی ئیجباری بۆ قۆناغی ناوەندی لە بڕوامانەوە بەوەی کە خوێندن مافی هەموو هاوولاتێکەو ئەرکی سەرشانیەتی ، خوێندنی ئیجباری سەرکەوتووانە لە قۆناغی سەرەتاییدا دەست پێ کرا • هەروەها دەزگاکانی پەروەردەو خوێندن دەستیان کرد بە پەرەپێدانی جۆرەکی و چەندیەتی دەزگاکانیان و دەرفەتی خوێندن لە بارستایی قۆناغەکانی خوێندندا بۆ هاوولاتان رێك خراو بەرنامەی نوێ و پەرەسەندوو کە لەگەل فکری حزبو رێبازەکانیدا بگونجێ و هاوشانی چەرخ و پەرەسەندنەکانی بێ ، بەرهەم هێنراون • هەروەها خوێندنی پیشەیی و هونەری و زانکۆیی پەرەسەندنێکی ئاشکرای بە کێڵگەو شارەزایەتی یەکانیەوە دیوەو پێداویستی پێشکەوتن و سەرکەوتنی بۆ رەخساندوون •

بڕوانە : ل : ٧

ئاشکرابوونی کوشتارێکی درێندانە لە خوارووی لوبناندا

بێروت ئاژانسەکان

ئاژانسەکان وا دەزانن کە هێزە راسترەوەکانی سەر بە سعد حدادی بەرگریکەراو، ناوچەی نێوان راشیا الفخارو کفر حمامیان بۆمبابارانکردوەو هەواڵە رۆژنامەوانیەکانیش ئەوە دەگەیەنن کە هێزێکی نەرویجی سەر بە هێزی ناوبژیکەری دەواڵەتان رێگای بە هەندێ کەسی راسترەو داوە کە لە سەریەکێ لە رێگاکانی نزیك شاری ابل السقی ، خۆیان مۆڵ بدەن •

لە لایەکی ترەوە رۆژی چوار شەممەی رابوردوو لە بێروت پەردە لەرووی ئەوە کەسابخانەیە هەڵماڵرا کە هێزە زایۆنی و راسترەوەکان لە خوارووی لوبناندا گێڕاویانەو ئەو راپۆرتانەی کە لە هێڵی سەر سنووری فەلەستینەوە هاتوون ئەوە دەگەیەنن کە (٦)لاشە لە دوو بیردا دۆزراونەوە ، بیرێکیان دەکەوێتە سەر رێگای رمیش- عیتا الشعب و بیرەکەی تریشیان دەکەوێتە ناوەڕاستی شاری مروحین • هەروەها راپۆرتەکان ئەوەیان نیشادا کە ئەولاشانە هی ئەو هاوولاتانەن کە هاوپەیمانیەتی زایۆنی - راسترەو لە کاتی دەستدرێژی یە زایۆنی یەکەی ئەم دوایەدا بۆ سەر خوارووی لوبنان فڕاندوبوونی •

لە لایەکی ترەوە رۆژنامەی (معاریف)ی زایۆنی رایگەیاند کە سامی شدیاق کە لە گەل سعد حدادی بەرگریکەراودا سەرکردایەتی هێزە راسترەوەکانی خوارووی لوبنان دەکا ، داوای جنسیەی (ئیسرائیلی) کردوە ، رۆژنامەکە پەنجەی بۆ ئەوە کێشاوە کە وەزارەتی ناوخۆی زایۆنی دوژمن ئێستا لە داواکەی دەکۆڵێتەوە •

ئەوەی شایانی باسە شدیاق ئافرەتێکی زایۆنی خێزانیەتی و ئێستا لە شاری نهاریای ناو خاکی داگیراودا دەژی •

لە لایەکی کەشەوە رۆژنامەی القبس کە لە کوێت دەردەچێ وتی ، هێزە عەرەبی یە دامرکێنەرەکان ئێستا بە دوای بیست بەرگریکەراو جاسووسی زایۆنی دا دەگەڕێن کە لە بێروت و هەندێ ناوچە شاخاوی یەکانەوە خۆیان کوتاوەتەناو ناوچەی رۆژئاواوە • رۆژنامەکە وتی ئەو هەواڵە سەرەتایی یەی بە هێزەکانی دامرکێن گەیشتووە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو جاسووسانە پەساپۆرتی سەختەی لوبنانی یان پێیەو هەوڵی ئەوە دەدەن کە هەندێ لە گەورەکەسانی فەلەستینی بکوژن و هەندێ بۆمبایش بخەنە شوێنە قەرەباڵغەکانەوە بۆ ئەوەی خەڵکی پێ بترسێنن •

لە لایەکی ترەوە بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنان بە بۆنەی سەردانی سەرۆك سەرکیس لە پاریس بە یاننامەیەکی دەرکردوە تێیدا داوای ئەوەی کردوە کە پشتگیری یی حکومەتی شەرعی ی لوبنان بگیرێ و سەرلەنوێ لوبنانی یەکگرتوو لە سایەی ئەو شەرعیەتەدا دروست بکرێتەوە • هەروەها بە یاننامەکە داوای رێزگرتنی ئەو پەیمانانەی کردوە کە لە نێوان حکومەتی لوبنان و هێزی بەرگری فەلەستیندا بەستراون •

هەروەها هەواڵەکان وایان گەیاند کە ئەو گفتوگۆیەی سەرۆك سەرکیس لە پاریس لەگەل کاربەدەستانی فرەنسادا کردویەتی دەربارەی ئاڵوگۆڕی دۆخی لوبنان و هاوبەشی کردنی فرەنسا بۆ گەڕانەوەی ئاشتی و بیناکردنەوەی لوبنان بوو •

باری ئێران هەر لەسەر ئاڵۆزی بەردەوامە

تاران ئا • د • ع :

ئێوارەی شەممەی رابوردوو دۆخی تارانی پایتەختی ئێران بەشێوەیەکی ترسناك تێك چووە دوای تێپەڕبوونی نیو سەعات بەسەر وەختی قەدەغە کردنی هاتوچۆدا خۆپێشاندان سەلەنوی تازە بۆوەو ناوچەیەکی زۆری تارانی گرتەوە •

لەسەرەتای خۆپێشاندانەکاندا دەنگی تەقەو هوتاف کێشان کە واپێدەچوو لەمیکروفۆنی دەنگ گەورە کردنەوە دەرە چێ ، دەبیسترا • ئەوەی شایانی باسە شاری تاران شەوی هەینی رابوردوو خۆپێشاندان و پێك هەڵپڕژانێکی خوێناوی بەخۆیەوە دی و گەلێ کەسی تێدا چوو •

لە لایەکی ترەوە بەرپێوەبەرێتی گشتی پەروەردە ، هەموو قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندی یەکانی تاران دەوروپشتی بۆ ماوەی (١٠) رۆژ داخست •

هەروەها ئیزگەی تاران رای گەیاند کە لە رووداوەکانی رۆژی هەینی تاراند (٧) کەس کوژراون و (٢٤) کەسیش بریندارن و سەد کەسیش گیراون • هەروەکو ئیزگەکە وتی چەند بینایەك لەمەیدانی شانازو لە شەقامی ئرباەناگر تێبەردراون •

جگە لەمە شارە کانی تری ئێرانیش بەتایبەتی ئیسفەهان و بوشهر خۆپێشاندانی زۆرو کاروباری توندو سەختیان تێدا رووداون و بوونەتە مایەی کوژراوان و بریندار بوونی گەلێ کەس •

لە لایەکی تریشەوە دەنگوباسی سەرشەقامەکان ئەوە دەگەیەنن کە حکومەتی فەریقی یەکەم غەلام رضا نەژهەری لەکار دەکشێتەوەو لەوانەیە ئەرکی پێکهێنانی وەزارەتێکی نوێی مەدەنی بە علی ئەمینی پسپێرێ کە یەکێکە لە سەرەك وەزیرەکانی

بڕوانە ل : ٧

صدام حسین و بولند ئەجیڤید دەربارەی پەیوەندی دوو مۆڵی عیراق و تورکیا دەدوێن

لەسەعات دوانزەی رۆژی شەممەی رابوردوودا لەبینای ئەنجومەنی نیشتمانی گفتوگۆی نێوان عیراق و تورکیا دەستی پێ کردو بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ، لەگفتوگۆکەدا سەرۆکایەتی لایەنی عیراقی کردو بەڕێز بولند ئەجیڤید سەرەك وەزیرانی تورکیاش سەرۆکایەتی لایەنی تورکیای کرد •

لایەنی عیراق لە بەڕێزان عدنان حسین ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری زەخشەدانان و بەڕێز دکتۆر سعدون حمادی وەزیری دەرەوەو باڵوێزی عیراق لە تورکیا ، پێکهاتبوو •

لایەنی تورکیاش لە بەڕێزان حکمت جتین وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئابووری و کندز نۆکجین وەزیری کاروباری دەرەوەو دنیزبیقال وەزیری وزەو سەرچاوە کانزایی یەکان و باڵوێزی تورکیا، پێکهاتبوو •

لەگفتوگۆکەدا کە بەدرێژی پەیوەندیی دووقۆڵی نێوان هەردوو وڵاتی تێدا خرابە گۆڕێ ، باسی لە سیاسی ئابووری بە هاوبابەخەکانیشی تێداکران • لەو بارەیەوە وەزیری دەرەوە دکتۆر سعدون حمادی بە ئاژانسی دەنگوباسی عیراقی راگەیاند کە پەیوەندی بە دۆستایەتی یە دووقۆڵیەکانی هەردوو وڵات بەشێکی گرنگی گفتوگۆکەی گرتبوو لەسەر ئەوە پێکهاتن کە لە دوارۆژدا لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی هاوبەشی هەردوو وڵات و هەردوو گەلی دۆست پەرەیان پێ بدەن • هەروەها وتی باری سەرنجی هەردوولا بەرامبەر وژەی تورکیاشی تێدا ئامادە بوو ، باسی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانی یەکانی نێوان هەردوو وڵاتی دراوسێ و رێبازی چەسپاندنیانی تێداکران •

بڕوانە : ل : ٧

هاوڕێ حداد

کۆنفرانسی هاوکاری لەگەڵ ئافرەتانی فەلەستین دەکاتەوە

هاوڕێ نعیم حداد ئەندامی سەرکردایەتی ئەتەوەیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش رۆژی شەممەی رابوردوو کۆنفرانسی هاوکاری کردنی لەگەڵ ئافرەتانی فەلەستیندا کردەوە

کۆنفرانسەکە کە یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق رێکی دەخا ، لە ئافرەت و مناڵی فەلەستینی ناو خاکی داگیرکراوی عەرەب دەدوێ و لە هەندی باسیش دە کۆڵێتەوە کە سەبارەت بە لایەحەی مافی مرۆڤ و مناڵ لە جیهاندا ، لەگەڵ گرنگی ی دوو لایەحەکەو ئەو دۆخە سەختانەش کە ئافرەتی فەلەستین و مناڵانی فەلەستین لە سایەی داگیرکردنی زایۆنیدا تیایاندا دەژین ••

لە کۆنفرانسەکەدا وەفدی رێکخراوە میللی و پیشەیی کانی وڵات و مەلبەندی دیراساتی فەلەستینی لە بەغدا بەشدار بوون •

باری تەندروستی بومدین هەر لە ترسدایە

پێری ئاژانسی دەنگوباسی جەزائیر سەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە تیایدا رووناکی کردەوە کە باری تەندروستی سەرۆك هەواری بۆمدین هیچ چاك بوونێکی بەسەردا نەهاتوەو ئەو حاڵی بورانەوەیەی تووشی بووە ترسی زیاتری لەسەر کەڵەکە دەکا •

ئاژانسەکە لە زمانی سەرچاوەیەکی پزیشکی جەزائیرەوە رای گەیاندوە تەقەللای سووك کردنی باری شانی سەرۆك بومدین لەباری تەندروستی یەوە بەردەوامەو کەچی ئەمە دوو هەفتەیە نەهاتۆتەوە هۆش خۆی •

رۆژنامەی - الشعب ی جەزائیری وتاریکی بەپێنوسی دەستەی نووسەران بڵاوکردۆتەوە کە تیایدا دەستی بۆ ئەوە کێشاوە کە هێزەکانی ئیمپریالی و کۆنە بەرست دەیانەوێ دەسکتەوتەکانی شۆڕشی جەزائیر لەناوبەرن و ئاچاری بکەن واز لە سیاسەتی خۆمالی کردن و بنیاتنانی شۆشیالستی بهێنێ •

رۆژنامەکە رونی کردۆتەوەکە ئەم جۆرە ئاواتەی ئیمپریالی و کۆنەپەرست خەیاڵەو وادبارە حسابیان بۆ ئەو بنەڕەتە نەکردوە کە بنکەکانی شۆڕشی جەزائیری لەسەر دامەزراوە •

دبسان ئەوەی دوپات کردۆتەوە کە گەلی جەزائیرو هێزە چەکدارەکانی بەباوەڕەوە لەسەر رێڕەوی یەیمانی نیشتمانی دەرۆن و گەلی جەزائیرو سەرکردایەنیەکەی هەتاهەتایە بەوەفادەبن بەرامبەر ئەوەو سیاسیەی هەڵیان بژاردوە •

Institute de Paris

بەسەرکردایەتی سەرۆك البکر رۆژی هەینی رابوودوو هەرەوەزی نیشتمانی سەرتاپاگیر بۆلە ناوبردنی نەخوێندەواری بە ئیجباری لە هەموو وڵاتدا دەستی پێ کرد

رۆژی هەینی رابوردوو ، هەرەوەزی نیشتمانی سەرتاپاگیر بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری بە ئیجباری، بە سەرکردایەتی بەڕێز سەرۆك احمد حسن البکر دەستی پێ کرد ٠

ئامانجی هەرەوەزەکە ئەوەیە ، باری نەخوێندەواری لەسەر ملیۆنێك و (٦١١) هەزارو (٧١١) هاووڵاتی مێینە و (٧٤٢) هەزارو (٥١٤) هاووڵاتی نێرینە لابەرێ، بۆ ٤ افرەتان بە چوار قۆناغ و بۆ پیاوان بەدوو قۆناغ ٠ ماوەی هەرقۆناغەشەش مانگ ٠٠ قۆناغی یەکەم بەتەنها زیاتر لەیەك ملیۆن کەس دەگرێتەوە ٠

پێویستیەکانی بەجێهێنانی سەرکەوتووی هەرەوەزەکە ئامادەکراوەو بۆ ئەم مەبەستە پارەی پێویست کە بریتیە لە (٦٦) ملیۆن دینار دانراوەو دە هەزار مەلبەندی لەناوبردنی نەخوێندەواری ومەشق پێ کردن و ئامادەکردنی پەنجا هەزار مامۆستای ئافرەت و پیاوو تا ئێستا تەواو بوە ، لە جوارچێوەی ئامادەکردنی (٧٦) هەزار مامۆستای ئافرەت و پیاودا کە بۆ هەموو هەرەوەزەکە رەچاوکراوە ٠

ئەوەی شایانی باسە ، یاسای هەرەوەزی سەرتاپاگیر بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری بە ئیجباری لە (٢٢)ی مایسی رابردوودا لە لایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە دەرکراو رۆژی دوایی ئەنجومەن بریارێکی تری دەرکرد کەبەگوێرەی ئەو جەماوەریانەی تێدابەکاربهێنرێ کە لە دەستدان و پێداویستی مادی و زانستی پێویستیان بۆ دابین بکرێ ٠٠

راستیە زانستیە چەسپاوەکانی ئەم رۆژگارە ئەوەی دەردە خەن کە بەرهەمداری هاووڵاتی خوێندەوار زیاترە لە هی هاووڵاتی نەخوێندەوار ٠٠٠ وئەم جیاوازیە شان بە شانی بەکارهێنانی تەکنولۆژیایی پیشکەوتوتر لە بەرهەم هێناندا زیاتر دەبێ ٠٠ راستی ئەم قسانە لەو لێکۆڵینەوانەدا دەرکەوتوە کە لە ساڵی ٩٧٠ دەرکرا خستیە سەر دەوڵەت کە نەخوێندەواری لەناوبەرێ ٠٠٠ دوای بەدوای ئەو دەرکردنی یاسای لەناوبردنی نەخوێندەواری لە ساڵی ١٩٧١دا دەبرێکی ئاشکرای ئەمەبوو ٠ جگە لەوەی کە لە باوەڕنامەی کاری نیشتیمانیدا وتراوە ٠

بڕیارەکانی حزب لەکرداردا ، سەرکردایەتی سیاسی حزب و شۆڕشی بۆ دەرکەوت کە ئەم فرمانە ئەرك وتوانایەکی زۆری گەرەکە ٠٠٠ هەر لە بەر ئەمە ، کۆنگرەی قوتری هەشتەمی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست کە لە کانونی دوەمی ١٩٧٤دا گیرا هەندێ بڕیاری دەرکرد کە تێیدا شێوەی کاری قۆناغی ئایندەی دەرخست کە لەوانەش نەهێشتنی نەخوێندەواریە بە هەرەوەزێکی نیشتیمانی سەرتاپاگیر کە حزب سەرکردایەتی بکاو رێکخراوە میللی و هێزە چەکدارەکان و دەزگاکانی دەولەت تێیدا بەشدار بن و هەموونەو توانا نیشتیمانی و دواکەوتوو رزگاری بوو بێ و خاوەنی بیرێکی زانستی کراوە بێ ، ئەمەش وا پێویستدەکا کەنەخوێندەواری بە تەواوی وبە پەلە لە ناو ببرێ بە هۆی لێکدان و کۆکردنەوەی هەموو دەسەڵاتەکان و حزب و رێکخراوەکانەوە ٠

حزب لەوکاتەوە لەو لاتدا دەسەڵاتی گرتۆتە دەست لە شۆڕشی حەفدەی تەمووزی ٩٦٨دا ، ئەم بنەڕەتە تیوریانەی خستۆتە مەیدانی بەجێهێنانەوە ، ئەوەبوو ئەو دەستوورە وەختەکی یەی کە ساڵی ٩٧٠ دەرکرا خستیە سەر دەوڵەت کە نەخوێندەواری لەناوبەرێ ٠٠٠ دوای بەدوای ئەو دەرکردنی یاسای لەناوبردنی نەخوێندەواری لە ساڵی ١٩٧١دا دەبرێکی ئاشکرای ئەمەبوو ٠ جگە لەوەی کە لە باوەڕنامەی کاری نیشتیمانیدا وتراوە ٠

لەبەر تیشکی ئەم راستیە ، بەشی لێکۆڵینەوەی دەزگای راپەڕاندنی ئەنجومەنی بەرزی هەرەوەزی لە ناوبردنی نەخوێندەواری لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی ئەو ئاکامە ئابووری و کۆمەڵایەتی یانە کردوە کە لە لەناوبردنی نەخوێندەواریەوە دێنە دەست و بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵەی کرێکاری جۆتیاری هەڵبژێراون ، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە وڵات ئێستا خەریکی دروستکردنی ئیشتیراکیەتەو بۆ ئەم مەبەستە بایەخێکی زۆرو بەردەوام دەدا بە راپەڕینێکی کشتوکاڵی کەلەسەر ئەساسی زانست و تەکنۆلۆژیایی پێشکەوتوو بنیات نرابێ ٠٠٠

لەو هەرەوەزی لەناوبردنی نەخوێندەواریەدا کەوڵاتەکەمان دەیکات ، سوود لە هەڵەی وڵاتەکانی تر لەم بوارەدا وەردەگێرێ و ئەوکەسەی لە چنگی نەخوێندەواری رزکاری دەبێ دەتوانێ خوینەدن ئێواران تەواو بکات ٠

ئەوەی شایانی باسە ، رۆژی هەینی رابردوو لەبەغداو لە هەموو پارێزگاکانی وڵاتدا مەسیرەی جەماوەری گەورە گەورە رێك خرا ، هەروەها لە پارێزگا وقەزاو ناحیەکاندا ئاهەنگ و میهرەجانی هونەری ووتار خوێندنەوە بەرپا کرا ٠

لە بەغدا ، پاش نیوەڕۆی مەینی مەسیرەیەکی جەماوەری گەورە لە ساحەی مەیدانەوە دەستی پێ کردو چارەکە ملیۆنێك خەڵك بەشداری تێداکرد کە نوێنەرانی کەرتە حزبی و میللی و پیشەیی یە کانیش تێدا بوون ٠ لەم مەسیرەیەدا هاوڕێ طاهر توفیق ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حزب بەعسی عەرەبی سوشیالیست و هەندێ لە هاوڕیان ئەندامانی لقی بەغدا بەشداریان کرد ٠

لە پێشەوی مەسیرەکە دووڕێنەی، بەڕێز سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکرو هاوڕێی تێکۆشەر صدام حسین و ئالای وڵاتە عەرەبیەکان هەڵگیرابو و پاش ئەوەی مەسیرەکە گەیشتە ساحەی (کشافە) ، ئاهەنگێکی جەماوەری گەورە لە ژێر چاوەدێری بەڕێز سەرۆك احمد حسن البکر سەرکردەی هەرەوەزی نیشتیمانی سەرتاپاگیر بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری بە ئیجباری رێك خرا ٠٠ لەجیاتی بەڕێز سەرۆك ، بەڕێز محمد محجوب ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری پەروەردە سەرۆکی ئەنجومەنی بەرزی هەرەوەزی نیشتیمانی سەرتاپاگیر بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری لە ئاهەنگەکەدا ئامادەبوو ٠

بروانە : ل : ٧

لەسلێمانی

خوێپیشاندانێکی جەماوەری لەرۆژی دەستکردن بە هەرەوەزی لە ناوبردنی نەخوێندەواریدا

لە رۆژی دەستکردن بە جێبەجێکردنی یاسای هەرەوزی نیشتیمانی سەرتاپاگیر بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری بە ئیجباری دا خۆپیشاندانێکی جەماوەری گەورە لە سلێمانی رێکخرا کەلەبەردەم قوتابخانەی ئامادەی پیشەسازیەوە دەستی پێ کردو بەرەو شەقامی مەولەوی و کاوەو سەیوان هەتا گەیشتە یاریگای ئیدارەی محەلی ٠

ئەوەی خۆپیشاندانەکە دوو وێنەی سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکرو هاوڕێ صدام حسین لە ئالایەن پێشرەوەکانی پارێزگاکەوە هەڵگیرابوو ٠ دوا بەدوای ئەوان ئەندامانی لیژنەی ناوخۆی لەناوبردنی نەخوێندەواری و نوێنەرانی سەرکردایەتی شعبەی سلیمانی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست و ئەندامانی لیژنەی بەرەی نیشتیمانی و رێکخراوە پیشەیی و میلیەکان و فەرمانبەرانی پارێزگاکە ٠ دوای ئەوەی خۆپیشاندانەکە گەیشتە یاریگەی ئیدارەی محەلی میهرەجانێکی وتار خوێندنەوە دەستی پێ کرد ٠ لەپێشەوە وتاری لیژنەی ناوخۆی لەناوبردنی نەخوێندەواری لەلایەن هاوڕێ عبدالرزاق فارس رازگری سەرکردایەتی شعبەی سلێمانی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستەوە خوێندرایەوە تێیدا وتی :

ئەمڕو بە ئاکامی ئەوهەوڵو تێکۆشانە تایبەتیەی سەرکردایە تی پارت و شۆڕشی ١٧ی تەموز ئاهەنگ دەگیرین بۆ لەناوبردنی ترسناکترین پەتای بەجێماوی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی کە بوبوە هۆی پێش ئەکەوتنی گەلی عیراقمان ئەویش دەردی نەخوێندەواریە ، ئەم هەوڵەشمان پاش ئەوخۆتەرخان کردنەو بەتەنگەوە هاتنەی سەرکردایەتی پارت و شۆڕشمان بۆ هاتە دەست کە هەمو پێداویستەکانی ئەم مەبەستەیان بۆ تەرخان کردین ،

لەدواییدا دەستنیشانی ئەو دەسکەوتانەی کرد کە شۆڕشی ١٧ی تەموز بۆ جەماوەرانی عیراقی بە دەست هێناوە ٠٠ هەروەها وتی ئەمرۆکە هەرەوەزە نیشتمانیەکەمان دەست پێ ئەکات و هەمومان بەرامبەر بە سەرکەوتنی یەکجاری ئەم هەوڵە لیژنەی بەرەی یەکگرتوی نیشتمانی پێشکەوتنخواز بەم بۆنەیەوە خوێنرایەوە و تیایدا بەخێر هاتنێکی گەرمی هاوبەشی کەرانی ئەم خۆپیشاندەرانەیان کردو وتی : ئەمڕۆ رۆژێکی مێژوییە لە وڵاتەکەماندا و ئەمەش یەکێکەلەو دەسکەوتانە کە سەرکردایەتی پارت و شۆڕشی ١٧ی تەموز بە گەلی عیراقی بە خشیوە هەروەها وتی بە لەناوبردنی ئەم پەتایەی ناومان کە جاران بوبوە دیوارێك لە نێوان مرۆڤ و بنیاتنانی پاشە ڕۆژیدا هەموو ئاواتەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان لەناو دەبەین لەبەر ئەوە بۆمان هەیە هەموو ساڵێك لەم رۆژەدا بەم بۆنەوە ئاهەنگ بگێڕین و بیکەین بە جەژنێکی وڵاتەکەمان ، لە دواییدا وتاری نیقابەو رێکخراوەکانی پارێزگای

بروانە ل : ٧

لە چالاکیەکانی بەریوەبەریتی گشتی پەروەردە لە سلیمانی بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری

١ ـ تۆمارکردنی (١٠٠) شریت بە دروشمەکانی لەناوبردنی نەخوێندەواری و گۆرانی کوردی بۆ دابەشکردنی بەسەر شوێنە گشتیەکاندا تا بۆ جەماوەر لێبدرێن ٠

٢ ـ نیشاندانی فیلمی سنیما لە دەرەوەو ناوەوەی شار ٠

٣ سەردانی کاربەدەستانی پەروەردەو نەهێشتنی نەخوێندەواری لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی پارێزگاکە بۆ کاروباری هەرەوەزی نیشتیمانی لەناوبردنی نەخوێندەواری ٠

٤ ـ بەستانی کۆڕ بۆ ئەو مامۆستایانەی کە لە هەرەوەزەکەدا بەشداری دەکەن ٠

٥ ـ کردنەوەی یەکەمی مەشق کردن بۆ ئامادەکردنی کادیر بۆ هەرەوەزەکە ، بە جۆرێك کە ژمارەی مامۆستا بەشدارەکان لەویەکانەدا ، چ پیاو چ ئافرەت ، ئاتیستا گەیشتۆتە (١٤) کەس

٦ـ کردنەوەی (٥٠) مەلبەندی پیاوان و (٢٣) مەلبەندی ئافرەتان کە (٢٦٤) شوعبەیان تیدایە ، لەم مانگەدا ٠

٧ ـ چاپکردنی ژمارەیەکی زۆر دروشم تاو بۆستەری تایبەت بە هەرەوەزەکە ٠

ـ نەخوێندەواری پڕ مەترسی ترین کۆسپە لەرێگای پێشکەوتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریدا ٠

ـ هەرەوەزی نیشتیمانی لەناوبردنی نەخوێندەواری هۆشیاری جەماوەر قووڵتر دەکاتەوە ٠

ـ هەرەوەزی نەهێشتنی نەخوێندەواری پتەوکەری رێڕەوی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمانە ٠

ـ وەرزێری خوێندەوار وەرزێرێکی بەرهەمهێنەرە ٠

ـ ئازادکردنی مرۆڤ لە نەخوێندەواری پێویستی یەکی دیموکراتی و ئینسانی یە ٠

ـ ئافرەتی خوێندەوار ئافرەتێکی بەرهەمهێنەرە ٠

ـ بەشداری کردن لە هەرەوەزی نیشتیمانی سەرتاپاگیردا بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری ئەرکێکی نیشتیمانیە ٠

ـ بەشداربوون لە لەناوبردنی نەخوێندەواریدا شەرەفو ئەرکێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی یە ٠

بەستی دهۆك بەم زوانە دەستی پێدەکرێ ٠

لەسەرەتای ساڵی داهاتوودا ، وەزارەتی ئاودێری کاروباری دروستکردنی پرۆژەی بەستی دهۆك جێبەجێ دەکات کە خەرجەکەی (٢٠) ملیۆن دیناره ٠

پرۆژەکە کە لەسەر رووباری « روبار » دروستدەکرێ بریتیە لە بەستێك کە درێژایی ٥٩٥ مەترو بەرزایی ٦٤ مەترەو کۆمەڵە جۆگەیەکی ئاودان بە پرژاندن و دڵۆپاندن ٠ بەگوێرەی ئەم پرۆژەیە ئاوی رووبارەکە لە سەرووی شاری دهۆکەوە عەمار دەکرێ و دوای بەردەدرێ بۆ ئاودانی (١١) هەزارو (٢٤٤) دۆنم زەوی ، بە درێژایی ساڵ ، هەروەها بۆ مەبەستی تەندروستیش بەکار دەهێنرێ وەکو ئاوی مەعدەنی ، ئەمە جگە لەوەی کە ناوچەکە دەبێتە مەلبەندێکی گەشت و گوزار ٠

بەلەکردن لە جێبەجێ کردنی پرۆژەکەدا ، لە سەر راسپاردەی سەرکردایەتی سیاسیە کە بەگوێرەی ئەوان دەبێ لە کاری جێبەجێکردنی پرۆژە کشتوکالیە گرنگەکاندا دەست و بردبکرێ ٠ ئەوەی شایانی باسە ، لەپێشدا بڕیار وابوو ساڵی ١٩٨٠ دەست بەم پرۆژەیە بکرێ ٠

« هاوکاری » کۆمەڵانی خەڵك

● **کاك ئازاد رەفیق کەریم** قوتابی لە قوتابخانەی ئامادەیی بیشەسازی تامیم لە نامەکایدا دەڵی قوتابخانەکە مخصصات بۆ ئەووهاوەڵە قوتابیەکانی سەرف ناکا بۆیە ناچارن هەموو رۆژێك بچنەوە بۆ ماڵی خۆیان کە زۆربەیان لە گوندو ناوچەکانی دەوروبەری شاری کەرکوکن ٠ جا کاك رەفیق داوای ئەوە دەکا یان جێی نووستن بۆ قوتابیەکان دابین بکرێ ، یان پارەیان لە جیاتی ئەوە بۆ سەرف بکرێ تا بۆ خۆیان جێو رێ بەکرێ بگرن ٠

ئێمەش لای خۆمانەوە تکا لە قوتابخانەی ئامادەیی بیشەسازی تامیم دەکەین کە چارەسەرێك بۆ ئەم سەسەلەیە بدۆزێتەوە تا کاك رەفیق و هاوەڵەکانی بتوانن بە ئاسودیی و بێگیروگرفت بخوێنن ٠

● **کاك نورالدین غریب محمد** لە هەڵەبجەوە نامەیەکی بۆ ناردوین تێیدا باسی ئەوە دەکا کە پێشانگای « دەزگای فرۆشیاری میری » لە هەڵەبجەدا شتی ئەوتۆی تێیدانیە کە لەبازاڕدا نەبێت ئەگەر بێتیش ، ئەوا هەر بەزوویی دەقۆزرێتەوەو زۆربەی دانیشتوان بەریان ناکەوێ و داوادەکا کە پێشانگاکە زیاتر ئەوە شتانە بێنێ کە لەبازاڕدا دەست ناکەون و ئەوەندەش بهێنێ کە لەك هەر چەند کەسێك بەلکو هەموو خەڵك دەستی بکەوێ ٠

لە بەشێکی تری نامەکەیدا ، کاك نورالدین باسی ئەوە دەکا کە لە چەند ساڵ لەمەوبەرەوە بڕیارە لە هەڵەبجەدا کارگەی پوختەکردنی توتن دابمەزرێ و ئەگەرچی بیناش بۆ ئەم کارگەیە دەمێکە دروست کراوە ، کەچی هێشتا هەر بە بەتاڵی ماوەتەوە ٠ جا داوا دەکا هەنگاو بۆ دامەزراندنی کارگەکە بنرێ تا کۆمەڵانی خەڵك بتوانن کاری تێدابکەن و بشبێتە مایەی بووژانەوەی ئابووری نیشتیمانی ٠

لە بەشی سێیەمی نامەکەیدا ، کاك نورالدین داوا دەکا لە هەڵەبجەش ، وەکو هەندێ قەزای تری پارێزگاکە ، لقی ئۆرزدی باك بکرێتەوە ٠

« هاوکاری و کۆمەڵانی خەڵك » بش واهەر سێ داواکەی کاك نورالدین دەخاتە بەردەم کاربەدەستانی پارێزگای سلێمانی ، بە هیوای ئەوەی بەچاوی بایەخەوە سەیریان بکرێت ٠

● **لە ژمارە (٤٤٩) ی (٢٠)ی تشرینی دومی هاوکاری و هەر لەم بەشەدا ، بەناوی کاك (عزت عزیز)ی** مامۆستای ئامادەیی کشتوکالی بەکرەجۆوە هەندێ تێبینیمان لە بارەی ئامادەیی کشتوکالی بەکرەجۆوە کە پەیوەندیان بە وەزعی قوتابیەکانی ئەو ئامادەیی یەوە هەیە ٠

کاك عزت ئێستا نامەیەکی بۆ ناردوین تێیدا دەڵێ ، من بە هیچ جۆرێك ئاگام لەو نامەیەنیە ٠

ئێمە بەر لەوەی بێینە سەر باسی نامەکە ، بۆ کاك (عزت)ی روون دەکەینەوە کە رۆژنامەی هاوکاری رۆژنامەی هەموو کۆمەڵانی خەڵکەو ئامادەیە هەر خواستو داوایەکی بەجێ کە نقورچی بۆ هیچ کەس تێدا نەبێت بخاتە روو و داوای چارەسەرکردنی بکا ٠ ئەمەش پەشێکە لە ئەرکی رۆژنامەگەریمان ٠ وە لەبەر ئەوەی کە ئەو نامەیەی لەسەرەوە باسمان کردو ئەو دەڵێ پەیوەندی پێوەی نیە ، چەند شتێکی تێدا باسی کرابوو کە پەیوەندیان بە باری ژیانی کۆمەڵێك خەڵکەوە هەیە کە قوتابیە خۆشەویستەکانمانن ، ئێمە بێیەکو دوو بلاومان کردنەوە ٠ ئەمە جگە لەوەی کە داواکان هیچ هێرشیان تێدانیەو بۆنی خراپەیان لێ نایەت کە پیاو شانیان لێ هەڵتەکێنێ ٠

لەهەموو حاڵێکدا ، ئێمە تەوازۆ بۆ کاك عزت دێنینەوەو هیوادارین کەس بەناوی خەڵکی ترەوە شتمان بۆ نەنێرێ ٠

● **کاك سلێمان مولود پیرداود** ـ دانیشتووی گوندی «چەرت»ی سەر بە ناحیەی کەندیناوە (ئێستا دانیشتووی گەڕەکی بەلاشاوە لە هەولێر) : سوپاس بۆ هەستی پیرۆزت بەرامبەر بەم رۆژنامەیە ٠ ئێمە وای بەباش دەزانین مەسەلەکەت یەکسەر لەگەڵ پارێزگای هەولێردا باس بکەیت و وابزانم ئەمیش ، وەکو هی خەڵکی تر ، چارەسەر دەکرێ ٠

● **کاك بەیان دلسوز ـ دهۆك :** بەلای منەوە نامەکە یەکسەر بۆ ئەو برادەرە خۆی بنووسی باشترە ٠ بانگی موحەمەد بە ئاشکرا خۆشە ٠

● **کاك عبدالرحمن ممند رەسول ـ** پۆلی دوەم (ل) ـ بەشی کارەبا لە ئامادەیی بیشەسازی (١٧) ی گەلاوێژ لە سلێمانی : وا لەخوارەوە داوا کاریەکانت دەخەبنە بەرچاو : ـ

١ ـ بینای قوتابخانەکە بجووکەو بەشی قوتابیەکان ناکا ئەمەش بۆتە هۆی دروستبوونی گیروگرفت بۆ قوتابیان و مامۆستایان ٠

٢ ـ وەك ئاشکرایە زۆربەی قوتابیان خەڵکی دەرەوەی (سلێمانی)ن ٠ کەچی بەشی ناوخۆیی نیە بیانگرێتە خۆی ٠

٣ ـ ئەو « مخصصات »ەی بۆ قوتابیان دانراوە مانگ بە مانگ نادرێ ٠

هیوادارین دەزگای ئامۆژگا پیشەیی یەکانو بەڕێوەبەرایەتی پیشەسازی (١٧)ی گەلاوێژ هەولی : چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتانە بدەنو چاوەڕوانی وەڵامین ٠

Institut kurde de Paris

کاروباری رەخنەو رەخنەکاری

کاکەی فەلاح

ناشکرایە کە ئەمە ماوەی چەند ساڵێکە لە گۆڤارو رۆژنامە کوردیو عەرەبیەکاندا ، بەناوی رەخنەو لەژێر سێبەری درەختی ئەو ئەرکە پیرۆزەدا ، زۆر نووسین دەبینین کە وەك تووترك خۆی لە کاروباری شەخسی و لاوەکیەوە ئالاندووەو نەك هەر لێی نابێتەوە بەڵکو لەوەدەچێت هەر تەواو پێکەوە نووسابن و نیازی جیابوونەوەیان نەبێت .

بە چەشنێك ئەگەر بێتو زۆر بە دڵسۆزی و هێمنیەوە دانیشین و ئەو نووسینانە تەتەڵە بکەین و لەسەنگی محەکی بەراوردو وردبوونەوەو هەڵسەنگاندنیان بدەین ، بە ئاسانی دەگەینە ئەو پێ سەلماندن و ئەنجامەی کە بەشی زوربەی هەرە زۆری ئەو نووسینانە بریتین لە پووش و کاو چیلکەو چەوێلی سەر کۆزەرو تەنها بۆ وەزنی شیعرو بۆ ئاهی سوێند دانیان تیایە کە ئەویش بەشێکی هەر پووچەڵە .. تا ئەوەبوو لەم دواییەشدا چەند نووسەریك ، بە کوردی و عەرەبی، دڵسۆزانە هاتنە دەنگ و داوای بەربەستبوونی ئەم لافاوی بەناو رەخنەیەیان کردو منیش لەراست خۆمەوە بە ئەرکی خۆم زانی کە بیرو راو بۆچوون و تاقی کردنەوەو باری سەرنجی خۆم دەربارەی ئەم پاشاگەردانی رەخنەو رەخنەکاریە دەربڕم و لە چەند خاڵێکی دیاری کراوو بەچەند نوو کە قەڵەمێکی درشت شتێك لەم بارەیەوە بۆ نووسەرو خوێنەرانی بەرێزی کورد روون بکەمەوە .

١ ـ پێم وایە هەموو لایەکان نکولی لەوە ناکەین کە بەناوی رەخنەوە دیاردەیەکی نەخۆشی ناهەموار ، وەك ڕەشەبایەکی سەختی تەپو تۆزاوی و لافاوێکی پەتای شەخسی ، سەرو دڵی ئەدەبە کەمانی داگرتووەو بەراستو چەپدا خستویەتە گیروکازونارە حەتی و سەرلێ شێواندووە . مەترسی ئەم دیاردەیەش لەوەدایە ، ئەگەر زوو بەربەست نەگرێت ، کاری راستەوخۆ بکاتە سەر جیهانی ئەدەبو زمانەکەمانو هەر هیچ نەبێت لە کاروانی پێشکەوتن و گەشەو خەملاندنی دوابخات .

٢ ـ بێ گومان ئەم دیاردەیەشس وەك قارچکە مارانە لە خۆیەوە هەڵ نەتۆقیوەو هیچ دیاردەیەکیش ، تەنانەت قارچکیش ، بەبێ هۆو رەگ و ریشەو بێویستیەکانی ژیان دروست نابێت و سەر هەڵ نادات و ئەم دووکەڵی رەشی گوایە ڕەخنەیەش بەبێ ئاگری هۆنیەو ئەم درەختە گەندەڵەش بەبێ ڕەگ و ریشەی مەبەستو ئارەزو ناڵەرێتەوە .

٣ ـ لەبیستەکان و لە سیەکان و چلەکان و پەنجاکاندا ، ئەدەبو رۆشنبیری و کتێبو گۆڤارو رۆژنامەگەری و بەهرەو قەڵەم تاڕادەی پەرستن بەرێزو خۆشەویست و پیرۆزبوو ، لەم دەربرینە مەبەستم ئاوات خواستن بەو دەورو بەرەنا هەمواره نیە ـ لەوە لاترچێت ـ بەڵکو تەنها مەبەستم دەرخستنی راستیەکی ئەوتۆیە کە تیاژیاوم و کە بێی ژیاوم . ئەوسا شاعیرو نووسەرو رۆشنبیری کورد کەم وپتەو بوون ، خاوەن زەخیرەی زۆرو تابلێی ڕەسەن و لێهاتوو خاوەن بەهرەو بەرهەمبوون ، خۆیێ گەیاندنی رۆشنبیریانەیا زۆرتر بە خوێندنەوەو ماندوبوون و خۆ بەکەمزانین و بێ هەوایی و کەم بەرهەم بلاوکردنەوەو داهێنانەوە گرێو جۆش دابوو ، لەو سەردەمەدا کە بەگشتی کەمتر زمانی بێگانەیان دەزانی و سەرچاوە ئەدەبی و رۆشنبیری یە جیهانیەکانیش لە وزەو توانای ئەواندا یان زۆر کزو دەگمەن بوون .

٤ ـ لە رۆژگارەکانی پێشوودا ، نووسەرو ئەدیبی کارامەو بەهرەدار ، کەمتر دەرەتانی بلاو کردنەوەی هەبوو ، بەرهەمەکان زۆرتر لە تەنووری هەڵگیر ساوی ژان و پەژارەو داخی دەروون و ناخدا دەبرژان و سووورتر دەبوونەوەو دەکران بە خۆراکی مێشك و گیانی خوێنەرو زۆرتر پاداوی بیربوون .

٥ ـ رۆژگاری ئەمڕۆ ، لە زۆر سەرەوە ، جیاوازی لەگەڵ ئەو سەردەمانەدا هەر تەواو زۆرە : ئەمڕۆ خوێندەواری و ژمارەی خوێنەران لەگەڵ دوێنێدا هەر بەراورد ناکرێت . سەرچاوەکانی رۆشنبیری و ئەدەب ، بەهەموو لق و پەلەکانیەوە ، لە ژمارە نایەن . ئەو نووسەرو خوێنەرانەی زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و رووسی و فەرەنسی و ... هتد دەزانن پەرەیان سەندووەو زۆر بوون ، لە کوردستانی عیراقدا چەند گۆڤارو رۆژنامەیەکی کوردی ئەوتۆ هەن کە بەبێ پسانەوە ، بەرێکوپێکی دەردەچن و شەوو رۆژ لە کاردان بۆ بلاوکردنەوەی بەرهەمی ئەمو ئەو . چەند دەزگایەکی رۆشنبیری هەن کە ئەرکی یاریدەدان و لە چاپدان و بلاوکردنەوەی کتێبی کوردیان گرتۆتە ئەستۆی خۆیان و لەم بارەیەوە بەرهەمو جێدەستی دیارو پەسندیان هەیە . نووسین و بلاوکردنەوەی وتارو لێکۆڵینەوەو شیعرو بەرهەمی نووسەران پاداشتی هەیەو بە خۆڕایی نیە ... هتد .

٦ لە شەستەکان بەدواوە چەند رۆڵەیەکی نووسەرو خاوەن بەهرەو خولیای ئەدەبو رۆشنبیری ی نەتەوەکەمان ، لە جیهانی خوێندنی بەرزو کاروباری ئەکادیمیانەدا ، توانیان لە بەشەکانی ئەدەبو زمان و لێکۆڵینەوەو فولکلۆرو مێژوودا ، بروا نامەی دکتۆرا و مەربگرن و بەپێی توانا و دەستەڵاتی خۆیان خزمەتی ژیانی رۆشنبیری گەلەکەمان بکەن .

٧ ـ بە هۆی ئەو سەربەستی بلاوکردنەوەو تەقینەوەی ژان و گنگلەو پیشخواردنەوە راستەوخۆیەی دوای شۆرشی چواردەی گەلاوێژو ئەو لێشاوی هەر تەواو زۆری دوای بەیاننامەی یانزەی ئازاروو ورووژاندنە گشتی یەی سەربەستی مافی نەتەوایەتی ، بە تایبەتی رۆشنبیری ، دروستی کرد ئەم چەند شەپۆلەی لای خوارەوە لە رووباری ئەدەبو ژیانی رۆشنبیری نەتەوەکەماندا بەرچاو کەوتن :

ا ـ بەناوی نوێ کردنەوەی ئەدەبو بزواندنی جوولانەوەی رۆشنبیری نەتەوەکەمانەوە حەماسەتو سەرگەرمی کەوتە خۆیو ناوو هەوایەکی وا دروستبوو کە ئەدەبی کورد لە سیەکانەوە تا پیش حەفتاکان هەمووی کۆنەو بابەتی کەلەپوورەو کورد پێویستی بە ئەدەبێکی هاوچەرخانەی نوێ هەیە .

ب ـ چەن دەستەو کۆمەڵێك و بەشێك لێرەو لەوێ دروست بوون و کەوتنە کارو کنەو جووڵە ... لەسەروە هەمووبانەوە کۆمەڵی (روانگە) بوو کە شەپۆلی هەرە دیارو هەرە بەتین بوو .

ج ـ سیفەتی بێ هەوایی و خۆماندووکردن و خۆبندنەوەو خۆ پێگەیاندن و یەلە نەکردن و بڕوا بە خۆکردن ، کە ڕەوشتی دەقاودەقی نووسەرو ئەدیب و شاعیرو رۆشنبیری رەسەنە ، بەشێوەیەکی گشتی ، لە تابلۆی ژیانە رۆشنبیریەکەی دوای سەرەتای حەفتا ، هەر تەواو کاڵ بوونەوە ، تەگەر نەڵێم نەمابوون .

د ـ دەرەتان و ماوەی بلاوکردنەوە ، بەهۆی گۆڤارو رۆژنامەو نامیلکەو کتێبەوە ئەوەندە زۆر بوو ، کە تەنانەت کۆلکە نووسەرو خوێندەواریش ، ئەمڕو بێ یان سبەینێ ، ئەوەندەی پێ دەبڕا کە ئەو (مافە) وەربگرێت کەنووسەرو شاعیری چاکەو شتی پێیە .

هـ ـ بە تایبەتی بەرێوبەرو کاربەدەستان و لێپرسراوانی **گۆڤارو رۆژنامەو دەزگا رۆشنبیریەکان بەرامبەر بەم پاشاگەردانی رەخنەو نووسینی کاڵو کرچو بێ پێزانە هەر تەواو رووی دەم تێ کراوو بەرپرسیارن .**

و ـ لافاوی هاندانی نووسین و بەرهەمی لاو، بەناوی نوێ کردنەوەوە ، بێ گوێدانە بەهرەو توانای نووسین و باری هونەری و دەستەڵاتی زمان و رادەی رۆشنبیری و داهێنان ، کارێکی وای کردوە ، نەك هەر بە هەزاران نووسەرو شاعیرو رەخنەگرمان هەیە بەڵکو وادەگەیەنێت کێ بەتەمەن بچووك تر بێت ئەوا ئەو لاوترو خاوەن بەرهەمی بەپێزو نوێترە ، بێ گوێدانە تاقی کردنەوە .

ز ـ نرخی شیعرو نووسین و پاداشتی زۆر لە گۆڤارو رۆژنامەکانیش ئەوەندەی تر قورەکەی خەستەتر کردووەو ناگری هەڵیەو پەلەپەلەکەی خۆیش ترو بەجۆش تر کردووە .

ح ـ حەزبکەین و حەزنەکەین جۆرە مونافەسەیەکی ئاشکرا یان نەهێنی لە نێو دەزگا کوردیەکان و بەرێوەبەرانی گۆڤارو رۆژنامە کوردیەکاندا هەیەو لە بڕەودایە . ئەم راستیە وای کردوە ، بۆ بەرژە وەندی ناودەرکردن و لە بەرچاوی ڕەشی پاداشت و نرخی مادی نووسین و بە نیازی پەك نەکەوتن لەسەر کەرەسەی نووسین ، هەر لایەو دەستەیەکی خۆی هەیەو مشوورو دەخوات . ئەم چەشنە مونافەسەو بڕەو پێدان و مشوورو بەرژەوەندیە تایبەتی یە هەمووی تێکڕا لەسەر حسابی ئەدەبو زمانی نەتەوەکەمانە .

ط ـ نەفسیەتی تاریکی خۆپەرستی و بەرچاوتەنگی و حەسوودی و هەست بەکەمی کردن و کەلکەڵەی ناو دەرکردن و ملی ئەمو ئەو شکاندن بەهەر نرخێك بێت و ئەو ئالۆزی و گرێ کوێرانەی لە دەرون و ناخدا هەن و بەسەر یەکدا ترشاون و دەجوێلێن و دەخوڕن ، دەستێکی باڵایان لە شێواندنی جیهانە پاك و بێ گەردەکەی ئەدەبو پاشا گەردانیەکەی نووسین و رەخنەدا هەیە .

ی ـ شەپۆلی سریالی و وجوودی و بایەخدان بە هەستەکانی دیوی ناوەوەو ئەو دیوی هەستو ئەدەبی ناماقووڵ و چەسپاندنی سەربەستی و مافی تاکە کەسی مرۆڤ و جۆشدانی ئاگری سۆزو ئەندێشەو کەمکردنەوەی نرخی بیرو یاساکانی گورینی کۆمەڵ و بایەخەکانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی و بەستنەوەیان . بە یەکترەوە ، دەورێکی زەقیان لە شێواندن و ئالۆزاندی باری رەخنەو نووسینەکاندا دیوەو دەبینێت .

ک ـ ئەمانەو لەبەر ئەوەی هیچ حسابێك بۆ ئەو حەقیقەتە گەورەیە ناکرێت کە تائێستا لە جیهانی ئەدەبو رۆشنبیری کوردیماندا کەسمان وەك (اختصاصی) رەخنە گرێکی کارامەو رەسەن خاوەن بەهرەو زاتاو لێهاتوومان تیا نیەو تێکڕاڵی و پەلەکانی شیعرو ئەدەبو زمان و رەخنەو شانۆگەری و لێکۆلینەوەیان داوە بەسەر یەکدا لەکاتێکدا رەخنەو لێکۆلینەوە باڵاترو تینووی زانستی و شارەزایی و چێشەو تاقی کردنەوەو بەراوردو ردەکاری و وریایی و لەنگەرو پێو دانەو پێویستی بە تیورە بنەرەتی و بنچینە پتەوەکانی جیهانی رەخنەو هەڵسەنگاندن و بایەخدان و نرخاندن هەیە .. هیوادارم لە دەرفەتێکی نزیکدا بتوانم پەنجەی قەناعەت بۆ چەند چارەیەکی ئەم پەتای دیاردە ناهەمواره ی رەخنەو رەخنەکاریە درێژ بکەمو لە پێناوی خزمەتی ئەدەبو زمان و رۆشنبیری گەلەکەماندا درێژە بەم نووسینەم بدەم .

شخارتە بێ گیانەکە

لە چاوەکانیا هەستم بەسوژدەی دەروون ئەکرد .. بەر لە ئێستا ئەم ناسی . بەڵام ئەمە بۆیەکەم جار بوو ئاوا بە جووتە لەشوێنیکا پیکەوە دانەنیشنین خۆشی ئەی ئەزانی باسی چی ئەکا .. گرنگ لای ئەو ئەوە بوو بدوێ .. بدوێ تا سامناکی بێدەنگی باڵی بەسەرمانا نەکێشێ .

لە وتەکانیا هەستم بەگەورەیی ئەو ئەکرد . ئەی وێست بە وشەکانی کرنووش بۆ چاوەکانی بەرم . نازانم بۆ لە ناخیا هەستی بەو ترسە ئەکرد ؟ ... لە گەڵ ئەوەشا نەی ئەوێست ئەو ترسە دەربڕی . بەدەستی بوایە بەس لەئێستا هەڵ ئەستاو خۆی لەدەست ئەم بەندیتیە قوتار ئەکرد .

بۆ جاری دەیەم یاری بە شخارتەکەی بەردەمی کرد هەڵی گرتو خستیە ناو هەردوو پەنجەیەوەو فڕێدا ... شخارتە بەتەنیشتا کەوت ... وەك لەخەمێکی گەورە قوتاری بووبێت ... ئاهێکی ئاسودەیی هەڵکێشاو بەزەردە خەندەیەکەوە ووتی .

ـ توبڕوات بەمە هەیە ؟ .

+ بەچی ؟! .

ـ بەبەخت .. بە بەخت ئاگرلێنەوەو زانینی پاشماوە ڕۆژو نهینی ! .

+ تو لای خۆت ڕۆشن بیری . چۆن بیر لەشتی وا دەکەیتەوە .

ـ کە چاوم کردۆتەوە ، دایکم ئەمەی ئەکرد .... هەر کە لەگەڵ باوکما دەمیان لەیەك بگێرایە بە درێژایی

بروانە ل : ٧

دڵی چێکی سادە

محمد علی مەدهۆش

ئەو هەتیوانەی ئەکەونە شوێنم
نامەوێ ناوی هیچ کامیان بێنم
دایم پۆلێکم وابەشوێنەوە
بەزەردەخەنەو بە بەلێنەوە
بەدرۆی خۆیان ئەبنە تورباڵم
بو ئەوەی تۆزێ ئێیان بڕوانم
ئەبینن جوانم بەڵام هەژارم
وەزانن دەسکێ گوڵی بازارم
هەتیوێ نەبوو دایکی بنێرێ
خوازبێنی کەرم لێ راسبێرێ
لە دڵی خۆما ئەڵێم داخیان کەم
سەریان لێ تیك دەم تووشی ئاخیان کەم
بیان دەم بەشەڕ لەناو خۆیانا
ریسوایان بکەم لە کۆڵانانا
لەوەش ئەترسم کە بەچاوو راو
دەساودەم ناوم بکەوێتە ناو
وەیان نەتوانم ڕێی دڵم ببڕم
بەرگەی بەلێنو درۆی لاو بکرم
لەباتی ئەوەی خەڵك بحەمە داو
ئانم بۆ داپنێن خۆم بکرێم بەراو
واچاکە دڵی کەس نەرەنجێنم
بۆ خۆم پێدەنگ بم کەسیان نەدوێنم
ڕێی دڵی جوانان قەت نەگیراوە
شوێن کچان کەوتن لای کوڕان باوە
بەڵام ئەی ئەوەی خۆم خۆشم ئەوێ
چۆن درۆو راستی دڵیم دەس کەوێ
ئەمەیان گرێی دڵی زەبوونمە
سەری گوڵزەی هیوای دەرونمە

بۆچی کورد هەموویان شاعیرن؟

لە هاوکاری ژمارە (٤٤٠)داو تاریکی بەوناوەی سەرەوەوە بلاوکرابۆوە ، بەلای منەوە مەسەلەی وتارەکە گرنگەو کارێکی دیاری هەیە لە سەرڕێوەی ڕۆشنبیری ئەمڕۆ ، و تا ڕادەیەکی زۆریش وتارەکەبە ڕاست دەزانم . ئەو دەڵێ کورد هەموویان شاعیرنو زۆری تریش وایان وتووە ! بەڵام بۆچی ؟

بۆچی کورد هەموویان شاعیرن ؟ !

ڕاستی یەکەی کورد هەموویان شاعچ نین بەڵکوو هەموویان شاعر نین بەڵکوو رۆشنبیرەکانیان شاعیرن . .

لە ڕووی زگماکی یەوە ئەوپەڕی لێکدانەوە ئەگەر هەبێ ئەوەیە کورد دەبێ خاوەنی دەماختێك یا کۆمەڵە خانەیەکی دەماری وان کە زووتر کاری تی دەکرێت (هەرچەندە) هەرشاعیر زوو کاری تێناکرێت) . بێگومان ئەمەش مەرج نیەو نەسەلێنراوەو کەسیش ناتوانێ بڵێ وایە . کەواتە لەم ڕووەوە کورد هەموویان شاعیر نین ، دەمێنێتەوە سەر کاری دەوروبەر .

منداڵی کورد کە لە دایکدەبێ بەلایەلایەو گورگانە شەوێ دەی کەنە خەو کە شیعری فولکلورین ، واتە منداڵ لە سەرەتاوە گوێی بە شیعر دەزرنگێتەوە (ئەمەش هەر بە تیبەت کوردەوە وانی یەو منداڵانی ـ هەموو میللەتێك گورانی لەو بابەتەیان هەیە) بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە ئەم لایەلایەو گورگانە شەوێیە کارێکی ئەوتۆ (لەڕووی شیعرەوە) ناکاتە سەر منداڵ چونکە فێری زمان نەبووە شیعرەکەی دایکی لە کۆمەڵە دەنگێکی ڕێك و پێك جیاناکاتەوە .

دوای ئەوەی منداڵ دەگاتە دەوروبەری شەش ساڵی ، زانیاری زیاد دەکات لە ڕێی زمان و مومارەسەوە . لەم کاتەوە دەتوانێ شیعر (هەرچەندە ماناکەی نازانێ) لە قسەی ئاسایی جیا دەکاتەوە . گورانی و مەتەڵو پەندە شیعریەکان و جنێوەکانی ناو خەڵکی لەمەدا کاریان زۆرە .

وەك دەزانین شیعر دەربڕینێکی بە ئاوازەو هەست بزوێنەو بەهۆی ڕێك و پێکی ئیقاعەوە زیاتر کار لە مرۆڤ دەکات و زۆرتر لە گوێی بیسەردا دەمێنێتەوە ، بۆیە مرۆڤ (بە منداڵیشەوە) هەوڵ دەدات قسەکانی بە تایبەتی ئەوانەی مەبەستیەتی لە جنێوو پیاهەڵدان ، بە ئاواز واتە شیعری بن . هەربۆیە دەبینین زۆربەی ئەو جنێوانەی بەدەم خەڵکی یەوەن بە تایبەتی منداڵان کیش و سەروایان هەیە ، تەنانەت جاری واهەیە تێوە دێڕیکیان هیچ پەیوەندی بە مەسەلەکەوە نیەو تەنیا بۆ ئەوە هێنراوە نیوە دێڕەکەی دوایی بکات بە شیعر .

هەر لەبەر هەمان هۆی سەرەوەیە دەبینین زۆربەی پەندەکان بە ئاواز یا شیعرین ، بیگومان وەك وتمان ئەم جۆرە ڕێك خستنە پەندەکە دلگیرتر دەکات .

ئەم سیفەتانەی دەربڕینی شیعری و بلاوی لەناو خەڵکدا کار دەکەنە سەر مرۆڤو شیعری لا دلگیر دەکەن و رەنگە واشی لێبکەن رۆژێ لە رۆژان ببێتە شاعیری میللی یا هونەری . بەڵام وەنەبێ ئەم خاسیەت و زروفە هەر لای کورد هەبێت بەڵکوو هەموو میللەتێك پیویستی بە کارکردنە سەر خەڵك هەیە بۆیەش دەربڕینی شیعری لا پەسەندەو دواییش شیعری فولکلۆری زۆرە . کەوابێ مرۆڤی کورد ڕووبەڕووی دەوروبەرێکی بە شاعیرکەر نابێ و مرۆڤی تر دەوروبەرێکی بە شاعیر نەکەر ، بەڵکوو هەردووکیان لەو ڕووەوە کە باسمان کرد زۆر جیاواز نین .

ئەی کەواتە بۆچی کورد هەموویان شاعیرن ؟!

وەك وتم لەراستیدا کوردیش وەك میلەتانی ترنو بە هیچ جۆرێ هەموویان شاعیر نین . کوانێ لەپێش ئەم سەدەیەوە ، ئەو هەموو کوردە شاعیرە بۆچی بە پەنجەی دەست دەژمێررێن ؟! کەواتە بۆچی زۆر لە کورد ناسەکان و تەنانەت زۆر لە خۆیشمان هێشتا دەڵێن کورد هەموویان شاعیرن و کەیفیان پێدێ ؟! من بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەوانە مەبەستیان لە کورد تەنیا ئەدیبو نووسەرەکانیەتی ، بۆیە زووش وتم ئەدیبەکان هەموو شاعیرن نەك کورد . کوردناسەکان کە بەدوای کتێبە کوردیی یەکاندا گەڕاون (تادەوروبەری ١٩٥٠ش) بێجگە لە دیوانی شیعر کتێبی تریان نەدیوە (هەرچەندەش کتێبخانەی کوردی سەد کتێبی تیدا نەبووبێ) بۆیە یەکسەر وتوویانە کورد هەموویان شاعیرن . ئەگەر بە ژمارە بێت عەرەب پەنجا ئەوەندەی ئێمە شاعیریان هەیەو کەسیش نالی عەرەب هەموویان شاعیرن، چونکە کە کتێبخانەی عەرەبی دەگەڕێ هەر دیوانە شیعر نابینیت بەڵکوو جۆرەها کتێبی تر لە جۆرەها بابەتو خواس دەکەوێتە بەرچاوت .

تا پێش بیست ساڵێك شاعیرمان کەم بوو هەرچەندە هەموو ئەدیبەکان شاعیر بوون ، بەڵام لەم دوایی یەدا یەکجار زۆربوون بەتایبەتی لاوەکان کە ٩٩٫٩٪ یان شاعیرن . بەدەگمەن لاوێکی خوێنەر دەبینیت شیعر نەنووسێ و سەری ڕۆژنامەکانی بە شیعرە یەك لەدوای یەکەکانی قاڵ نەکردبێ و تەنانەت هەڵوەدای دیوان چاپ کردن نەبێت . پۆستەی خوێنەران (هی هەموو چاپەمەنی یەکان) شاهیدە کە چ شیعر بارانێکە بە شابەلگەی (بۆ خاوەنی ئەم هۆنراوانە) کە هیچ جارێك لە دەهۆنراوە نایەتە خوارەوە .

بێجگە لە لاوەکان ئەدیبەکانی تریش بەر ئەم لافاوە کەوتوونو خۆیان داوە بە دەمی یەوە ، بۆیە زۆربەی چیرۆك نووس و شانۆگەرو ... هتد شیعر نووسین بە زەروری دەزانن . لەوە دەچێ ئەوی شاعیر نەبێ ئەدیب یا ڕۆشنبیر نەبێ .

ئێستا با بزانین کورد بۆچی سەرەنجام هەموویان بوون بە شاعیر یا ئەیانەوێ ببن بە شاعیر ؟ بەلای منەوە چەند هۆیەك هەیە ، یەکەمیان باری سەرنجی خەڵکە بۆ شیعرو شاعیر . لەبەر ئەوەی تا ئێستا وەك وتم ئەدیبەکان هەموو شاعیر بوون بۆیە ئێستا لای خەڵك بڵێیت فلان کەس شاعیرە شتێکە بەڵام بڵێیت چیرۆك نووسە یا وەرگێڕە (بو نموونە) ئەوەتەدە بە گرنگی نازانن . کەوابێ هۆی یەکەم ئەوەیە کە شاعیری ناوداری یە .

هۆی دووەم پڕی کتێبخانەی کوردی یە بە دیوانە شیعر .

دوای ئەوە بە سەراحەت دەڵێم شیعری ئەمڕۆ ئاسانە (ئەم هۆیە بە تایبەتی بۆ ئەو خوێنەرانە دەگونجێ کە سەرەتای شیعر نووسینیانە) . بۆ نموونە لاوێك دەیەوێ ناو پەیدا بکات پەنا دەباتە بەر شیعر ، چونکە ئەگەر بیەوێ بێت بە لیکۆڵەرەوەیەك لەهەر بواریکدا بەتایبەتی زانست پێویستە دەیەها کتێب بخوێنێتەوە ئینجا دەتوانێ وتارێك بنووسێ . کەچی دیوانێك شیعر دەخوێنێتەوە ئەوەندە دەزانیت دەبێتە شاعیری شەوورۆژ .

ڕەنگە هەتدێك بڵێین خۆیەکی تر ماوە ئەویش هەستکردنی شاعیرە بە لێپرسراوی و تێکەڵ بوونی بە ژان و ئازارەکانی کۆمەڵو ئەم جۆرە شتانە ، بەڵام من دەڵێم ، زۆر بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەوانەی ئەمڕۆ دەبن بە شاعیر نەلێ پرسراون نە دەزانن ژانەکانی کۆمەڵ چی یەو چی نیە نە بۆ کۆمەڵ دەنووسن شاعیری ئەمڕۆ خۆپەرستێکی بەرزە ، شیعر بو ناوبانگ دەنودسێ نەك کۆمەڵ (یا بەلای کەمەوە کۆمەڵ لە دوای خۆیەوە دەبینێت) .

ئەم جۆرە شاعیرانە یا دەبێ واز لە شیعر بهێنن یا چاك دەبن یا هەروا دەڕۆن و نابن بە شاعیری ڕاستەقینە .

هەرچی ئەمانەشە لە دەمێکەوە شاعیرن و خاوەنی دیوانن هەرچەندە زۆربەیان هەوڵی زەمین کردووتی بە شاعیر وکاتی خۆی دەوریان گیراوە بەڵام ئەمڕۆ تووشی دەردە شیعر بوونو دەردی لاوەکان ئەمانیش گرتۆتەوە ، تا وای لێهاتووە شیعرەکانیان لەهی لاوەکان جیا ناکرێتەوە بە کورتی و بە کوردی و بە سەراحەت من ئەو باوەڕەوام کە شیعری ئەمڕۆ نەك هەر ئەو دەورە پیرۆزە ناگێڕێ کە لە سەریەتی لە وریاکردنەوەی کۆمەڵدا بەڵکوو تا ڕادەیەك دەورێکی سەلبی دەگێڕێ و جەماوەر لەخۆڕا مەشغوول دەکات .

× ×

محمد عبد المجيد علي

Institut Kurde de Paris

دووانە

هیوا عمر احمد

نەوە خستنەوە هۆی بەردەوامی ژیانو مانەوەی گیانەوەرانە .. منال بوون مایەو هۆی سەرەکی درێژەپێدرانی ژیانی مرۆڤو گەیشتنە بە ئامانجی مرۆڤایەتی وبە ئێلاخ گەیاندنی پەیامی مرۆڤایەتی‌یە ..

تێنواڕین لە منال‌بوون‌و وجاخ کوێری لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە جیاوازە، بۆ نموونە لای خۆمان لە کوردەواریدا منال هۆی خۆشانازی‌و خۆهەڵکێشان‌و شاری خێزانە ، منال زۆری بە بەهرەیەکی یەزدانی دادەنرێ لە هەندێ وولاتانی هەژاردا، کە خەڵکەکەی ، بە دەست برسێتی‌یەوە دەناڵێنێ ، کاربەدەستان ، ئاستێکیان بۆ منال‌بوون ، داناوەو جێبەجێ‌کردنی بەسەرباوکو دایکیانا سەپێنراوە .

بە پێی یاسای (هێلین)(١) .. لە هەر «٨٧» منال بوون‌دا، یەکێکیان دوانەیە ، واتە دوو منال پێکەوە لە دایك دەبن . ئاستی هاتنە جیهانەوەی دوانە لە یابانی‌یەکان‌دا ، کەمەو هەر لە (١٠٠٠٠) منال‌بوون (٣٥) منال‌بوونیان دوانەیە لەکاتێکدا ، ئەم‌بوونی دوانەیە لای پێستچەشەکانی ئەمەریکا «نیگرۆس » هێجگار بەرزە ، تا پلەی گەرمای ناوچەیەك پتربێ ، شیانی بوونی دوانە کەم‌دەبێتەوەو بەپێچەوانەشەوە تا ناوچەیەك ساردتربێ ، دوانەیان پترە ، بۆ نمونە «ئەسکیمۆ» لە هەموو گەلێکی دیکە دوانەیان پترە .

دووجۆر دوانەش هەیە:ـ

یەکەم :دوانەی پەیەڵچوو

ڕێژەی دروستبوونیان کەمە (٣٠٪)و یەك‌توخم دەبن «یا هەردو نێر ، یا مێ و مۆری پەنجەیان هەمان جۆرەو شێوەی دەرەوەیان یەکجار لە یەك دەچێ ، وەك کورد دەڵێ : (سێوێکن‌و کراون بە دوو کەرتەوە) ، بە ئاستەم لێك‌جیادەکرێنەوە ، هۆیە «کۆرپەزانی ئیمبریۆلۆجی»ی‌یە کەی ئەمەی خوارەوەیە :ـ

«هێلکەیەك بە ئاسایی بە سپێرمێك دەپێتێنرێ‌و پاش بیشاندن دەشێ لەسێ قۆناغی گەشە بدا ، ئەوهێلکە پێزاوە (زایگۆت) دەبێتە دوو پارچەو زایگۆتە نوێکانیش بە ئاسایی لە منالداندا گەشە دەکەن‌و دوو کۆرپەی لێك‌چوو دروست دەکەن»(٢) .

دووهەم : دوانەی لێك‌چوو

ڕێژەی پێك‌هاتنی بەرزە ، وە دەشێت یەك‌توخم یان دوو توخمبن «توخم جیاەبن ، هەرجیش نرینە شێوەی دەرەوەیان زۆر لەیەك‌بچێ‌و ، وەکو دووبرا دوو خوشك یان خوشك‌و برایەکی ئاسایی‌وان .

هۆیە زانستی‌یەکەی :

(دوو هێلکە ، لە هەمان کاتدا دروست دەبن‌و بە دوو سپێرمی جیا دەپێتێنرێن‌و هەر زایگۆتەی بە ئاسایی‌و سەربەخۆ لە هەمان منالداندا گەشە دەکات)(٣) .

دوانە : سودێکی یەکجار زۆری هەیە ، بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی بە بەکارهێنانیان لە توژینەوەی نەخۆشی‌یە بۆ ماوەیی‌یەکاندا .

زۆر جار ڕوودەدات ، ئەو دوانەیە لە شوێنێکا پێکەوە لکابن بەتایبەتی لە سەر یا سمت یان سنگ‌دا(٤) .

پەراوێزەکان :

(١) ساینس دایگێست ئۆلیۆم «٤٤» ، لاپەڕە (١) .

(٢) ئیمبریۆلۆجی ، لانگمان .. لاپەڕە «١٠٦» .

(٣) ئیمبریۆلۆجی ، لانگمان .. لاپەڕە «١٠٣» .

(٤) هەمان سەرچاوە لاپەڕە «١٠٤» .

ناوێك لە رابوردوو

لەساڵی ١٩٣٢ دا مەعاشی هەموو مەلای هەڵەبجە ودێهاتەکانی ٩٥ ڕوپیە بووە!

محەمەد عەلی قەرەداغی

دەقی نامەی یەکەم‌وقانیمەی مەعاشی نیسانی ساڵی ١٩٣٢ .

«بۆ جەنابی شێخ ڕەسوول ئەفەندی تەقدیم مەخصوصی عەرضی ئیحتیرامم هەیە . بە بەپێی میزانیەمیقداری‌مەعاشی عولەمای هەڵەبجە بۆ ساڵی ٩٣٢ موفرەداتی لە خوارەوەیە. جەنابی شێخ عەلائەددین ئەفەندیش بە ناوی تەکیەی بیارە . بۆ ئیطعامی طەعام لە هەڵەبجە ئیجرا بکرێت . (٤٥) ڕوپیەی تازە عەلاوەی مەعاشی وە :

ڕوپیە :

١٥ شێخ عومەر ئەفەندی

١٥ شێخ عەبدولکەریم ئەفەندی .

١٥ شێخ ڕەسوول ئەفەندی

١٠ شێخ بابا ڕەسوول ئەفەندی .

١٠ شێخ مەلا قادر ئەفەندی صۆفی .

١٠ شێخ مەلا عەزیز ئەفەندی پریس .

١٠ مەلا عەبدۆڵڵا ئەفەندی.

١٠ مەلا عابید ئەفەندی .

٩٥

نامەکەی بێخود :

« (حاضر المجلس) بەندەیش کە بێخودی خۆتانم مەخصووص عەرزی سەلامو دۆعای خێرم لە خزمەت هەمووتانا بە کەمالی نیشتیاقەوە تەقدیم کردووەو ئەیکەم . قوربان کاك شێخ ڕەسوول ! پێنج ڕوپیە لە مەعاشەکەت ماوە ، بۆچی لە جەنابی سەیید عەلی وەرناگری؟ ئەزانم مەقصەدت وایە لە پارەی مەوقووفەی تەکیە نەبێ ! بەڵێ باوابێ ،ئینشائەڵڵا ئەویش تەقدیم ئەکرێ .

سەلام لە سەیید عەلی ئەکەم بەخوا خۆشم ئەوێ ، خوا سەلامەتی بکا ! (قرة العین) کاکە حەمەی مەخدوومی جەنابی عالی چاوی ماچ ئەکەم ، خودا حافیظی بێ لە هەموو مەصائیبی دارەین لەگەڵ باوکی نامین . سبەینێ ڕەنگە بچم بۆ کەرکووك بۆ دیدەنی ڕەفیقەکان وەکیلی سەلامتم حاجەت ناکا . عەرزی ئیحتیراماتم لە خزمەت جەنابی موفتیا هەیەو سەلام لە کاکە حەمەی شێخ قادر ئەکەم . عەرزی دۆعای خێرم لە خزمەت والیدیا هەیە ، ئیتر بە خوداتان ئەسپێرم ڕۆحم ! شێخم !

غولامی نەجمەدین
م. بێخود

پەراوێز :

(١) لە گەڵ ئەم نامەیەدا کۆمەڵێك نامەی ترم دۆزییەوە کە زۆریان هی بێخودە بۆ مامۆستا شێخ ڕەسوول‌و دەربارەی مەعاشە . بەڵام نامەکان کراون بە تۆمارو هەموو سەرو گوێڵاکیان پواوەو سەرەتاو کۆتایی نامەکان لە ناو چووە .

(٢) لێرەدا ئیمزایەك کراوە وەك (مصطفا)یش و (محمود)یش دەچێت .

بێخود

ناوێك لە رابوردوو

داستانی ژیانم

شارلی شاپلن

ئەمین شوان لە ئینگلیزیەوە کردویەتی بە کوردی

بیکە بە خاتر ڕۆژانی ڕابردوو ، با دلشکان بەس ،
بە یادی جاران ، پەنم‌بلێ هیچم لە دلدا نەماو بەخشیتم.
ژیان گەلێك کورتە ، بەرگەی زوبریوون ناگرێ ،
دلان گەلێ لەوە ناسکترن ، گە بشکێنرێن ،
با دەست لەدەستی یەکخەینەوەو ببینەوە بەیار ،
بەیادی جاران .....

لەوانەیە ، لە مەبەستی گۆرانیەکە نەگەیشتبم، بەڵام چونکە ئاوازەکەی‌و وشەکانی لەگەڵ حاڵمدا دەگونجان ، وەکو منداڵێك لایەلایەی بۆ بکەی ، ئەوهاتە لەگەڵیاندا خاو دەبوومەوەو بەلادا دەهاتم .

زۆربەی شەوان ، ئەگەر هەمویان نەبێ ، سیدنی پاش ماڵ خەوتنێکی درەنگ دەهاتەوەو بێ خشپە یەکسەر ملی دەنا بۆ دۆڵابی خواردمەنی‌یەکەو هەرچی بەر دەست بکەوتایە دەی‌ماشیەوەو ئەمجا خۆی دەخزانە ناو جێ‌یەکەیەوە . ئەمە لویسی لە ئاین دەرکردبوو . شەوانێکیان ئەوەندەی خواردبۆوە ، لالای دەکرد . خۆی کرد بە ژوورەکەداو نوێنەکانی بە توندی لەسەر سیدنی ڕامالی‌و پێ‌ی‌وت بڕواتە دەرەوە . بەڵام دیار بوو سیدنی خۆی بۆ ئامادە کردبوو . یەکسەر دەستی کرد بە ژێر سەرینەکەیداو درەوشەیەکی تیژی درێژی دەرهێناو وتی :

ـ ئازانی وەرە پێشەوە،جا خۆت دەزانی چیت

ـ ئێ هەتیوە حیزە ! ئەوە خەریکی بمکوژی ؟!

ـ ئێ هەتیوە خیزە ! ئەوە خەریکی بمکوژی؟!

ـ ئەرێ وەللاهی روحت دەردەکەم : ئەی نات کوژم ؟

ـ باشە قەی‌ناکا . با چاپلن بێتەوە ئەو کاتە دوو قسەت لەگەڵدا دەکەم ! .

بەڵام میستەر چاپلن کەمتر بەوەدا دەگەیشت شەوان بکەوێتەوە ماڵ ، بۆیە هەڕەشەکانی لویس وەکو بلقی سەر ئاویان لێ‌دەهات ....

ڕۆژێکی شەمە ، لە قوتابخانە هاتمەوە ، دیم کەس لەماڵ نیە . ژنی خاوەن خانوەکە وتی : لویس‌و کوڕەکەی لە دەرەوەن . سەرەتا پێم‌خۆش بوو ،چونکە ئەمە مانای ئەوەبوو ئەو ڕۆژە بەر کاشی شتن‌و چەقۆ پاك کردنەوە نەدەکەوتم . تا دەمە دەمێ نیوڕۆ هەرچاوم لەرێ بوو ، دوای ئەوە بەرەبەرە دڵم کەوتە مەقۆمەقۆ. لەدڵی خۆمدا وتم ئەمە لەوانەیە داوێك بێ‌بۆدەرپەڕاندنم کە کات گەیشتە نیوەڕۆیەکی درەنگ ، یەکجاری دڵم کەوتە خەتەرە . خوایە ، دەبێ چی ڕووی دابێ ؟ ژوورەکەم زۆر بێ فەڕو سامناك دەهاتە بەرچاوو بەرەبەرە خەریك‌بووم ترسم لێ‌دەنیشت . هێواش هێواش برسیەتیش تینی بۆ دەهێنام . کەوتمە مل‌ومۆش کردنی ناو دۆڵابەکە . بەڵام هیچم بەر لەپ نەکەوت . ئیتر تاقەتم نەما ، بۆیە لێم‌دا بۆ دەرەوەو ماوەیەك حۆم بەسەربرکردنی مەغازەکانەوە خەریك‌کرد . زگم لەبرسا قۆڕەی دەهات ، بەتایبەتی کە بەبەردەم دووکانی خواردمەنی فرۆشتن‌و چێشتخانەکاندا تێ‌دەپەڕیم‌و بۆن‌و هاڵاوی خواردنم بەسەردا دەهات ، هەر ئەوەندەبوو لە خۆم نەدەچووم. درێژی نەکەینەوە ، ماوەیەکی تریش لەونـاوەدا سوڕامەوەو خۆم خەریك کرد ، تا شەو بەسەردا هات. ملی ڕێگام بەرەو ماڵ گرت‌و کە لە دەرگادا ، کەس وەڵامی نەبوو . سەیرێکی ناوەوەی ماڵەکەم کرد ، هیچ نیشانەیەکم بەبەرچاو نەکەوت کە کەس لەماڵ‌بێت. بە لۆژە لۆژ گەڕامەوە دواوەو چووم لەو نزیکانە لە شوێنێك چینچکەم لێ‌کرد ،تا چاوم لە دەرگابێت‌وئەگەر کەسێکیان هاتنەوە ئاگادارم . زۆری کەشا ... بەتەواوی شەکەت بووم . زیاتر لەبارەی سیدنیەوە دڵم بێ‌قەرار بوو . شەقامەکان هێواش هێواش چۆڵ بوون‌و هاتۆچۆکەر بەدەگمەن نەبێ نەدەبینران. دوکانەکان یەکەیەکە چراکانیان کۆژانەوەو دایانخست. یەك ـ دوو دوکان نەبێ هەموو ڕۆیشتن . دنیا هەمووی کەوتە ناو دەریایەکی قوولی بێ دەنگیەوەو منیش‌ترسم لێ‌نیشت . زۆرم زگ بەخۆم سووتا . دیسانەوە سەرێکم کێشایەوە ناو ماڵەکە . کەچی هیچ . دەستم لە خواردن شتبوو ، بۆیە هەر ئەوەم مەبەست بوو درزیك لە دەرگاکە بکرایتەوەو خۆم بخزێنمە ژوورەوەو یەکسەر بچمە ناو جێگەوەو لێ‌ی‌بنووم . دیم تارمایی‌یەك وا خەریکە بەرەو ئەوێ دێ ، کە لێم نزیك بووەوە سەیر ئەکەم لویسەو کوڕەکەشی چەند هەنگاوێك لە بەر دەمیەوە ڕادەکا . سەرم سوڕما، چونکە بەتەواوی دەشەڵی‌و بەلایەکدا دەچەتری . لە دڵی خۆمدا وتم لەوانەیە ساتمەی لەشتێك کردبێ‌و ئازاری بینیبێ . دوایی بۆم دەرکەوت کە سەرخۆشە. وتم چاکترین شت ئەوەیە خۆم ئاشکرا نەکەم تا دەرگا دەکاتەوەو دەچێتە ژوورەوە ئینجا دوابەدوای ئەو خۆم بکەم بەژووردا‌و یەکسەر خۆم بخزێنمە ناو جێ‌یەکەمەوە کەچی ئەمەم بۆ نەکرا . پاشان نەختێك ژنی خاوەن خانوەکە هاتەوەو منیش لەگەڵ ئەودا خۆم کرد بە ماڵداو بێ خشپە لە پێ‌پلیکانەکان سەکەوتم تا کەس هەستم پێ‌نەکا . بۆ بەدبەختی لەم کاتەدا لویس هاتە دەرەوەو دیمی :ـ

ـ ئەوە بە ملی شکاوت بۆ کوێ ئۆغر دەکەی؟! ئەمە ماڵی تۆ نیە ! بێ دەنگ ڕمق ڕاوەستام .

ـ ئەم شەو لێرە ناوێت . ئیتر بەسە ، گیانم دەرچوو بە دەستتانەوە ! بەدەستی خۆت‌و براکەتەوە! بێ ئەوەی هیچ قسەیەك بکەم ، بامدایەوەو لە پێپلیکانەکان هاتمە خوارەوەو یەکسەر لەمـاڵ دەرچووم .

بڕوانە : ل : ٧

کە خۆزگەکان سەوزدەبن

فرمێسك بەری‌چاوم‌ئەگریت ، ئامێکی قوولی پڕ ژانو ئەندیشە هەڵئەکێشم کەپۆلی منداڵو ساواوهەرزەکاران ئەبینم بە ئومێدو ئاوانی نۆی‌وهیوای دواڕۆژێکی ئاسوودە بەرمو قوتابخانە ڕێ ئەکەن‌هەگبەی پڕ بە شانیانەوە ، بۆ سەرکانی لێ ئەدەن ئەڕۆن ،کانی زانستی‌و خوێندەواری ، دل پڕ لە جۆش‌و هاندان بەرەونەوکانیەی کە زانستی لە هەڵئەقوڵێ بو ئەوەی پڕ بەدەمودل هەڵیلوشن .

دلێ دایك‌و باوکیش لەم ڕۆژەدا بە جۆش ئەکولێت فرمێسك‌و تریقەی شادی‌تیکەڵ ئەبێت چاو وداڵیان ئەخرۆشێنێ‌وچەپڵەی گوشادی لێ ئەدەن ، چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە ئەکەن کورپەو جگەر گۆشەکانیان ئاواتی ڕابوردویان بێننەدی ئەو ئاواتەی دایکو باوکان خەونیان پیوە ئەدی‌و نە ئەهاتەدی .

بەڵی بیرم بۆ دوور ڕویشت ، بۆ منالی خومان کە بۆ قوتابخانە ئەچوین ، ئەو ڕۆژە سەختە بێ ڕوناکیە کە نزیك ئەبوەوە خەم خومانو دایکو باوکانی دائەگرت ، ڕاستە گەلیك خێزان هەستی بەوە نەئەکرد بەڵام زۆربەی ئەوە هەستی بو بە تایبەتی ئەو باوك‌و دایکانەی کە خۆیان خوێندەواربوون یاخود خۆیان مامۆستابوون‌و هەوڵو تەقەلای زانیاری بلاوکردنەوە مەبەستی سەرەکی زیانیان‌بوو ، چونکە بی‌گومان ، وڵاتەکەی ئیمە گەلیك دوواکەوتوبو .

ئەو کەسانەو هەزاران ڕوڵەی دلسۆزی ئەو چەرخەی وڵات خەریکی هاندانی کۆمەڵان‌و باوکو دایکان بوون کە منال بۆ قوتابخانە بنێرن ، بەڵام کوسپی گەورەو گرانی ڕاستەقینە لەو کاتەدا ئەوەبو ژمارەی قوتابخانەکان‌و مامۆستاکان گەلیك کەم‌بوون جگە لە گرانی مەسرەف‌و پیویستی قوتابخانەو زانیاری وەکو کتیب‌و دەفتەر و. پێ‌نووس‌و . هەرچی پیویستی قوتابخانە بێت ، خۆ جل‌و بەرگ هەر باسی مەکە سەرەڕای ئەوەش ناوسکی بەتاڵو برسی .

لەبەر ئەوەیە کە ئیستا چاوم پڕ لە ئاو ئەبێت کە یادی ئەو ڕۆژانە ئەکەمەوەو ئیستای منداڵان‌و ئەوسای خومانم دێتە بەرچاوو بەراوردی ئەکەم .

ئیستا کە ئەبینم (منال) وقوتابی لە سەر هیچ پەکی ناکەوێت بە لێشاو پیویستیەکانی قوتابخانەی بۆ تەرخانکراوە ، لەبەردەستیدا بەسەربەستی بەکاری دێنێ ، دایکو باوکانی حەساندوتەوە منالی چاوتێر کردوە ، فەراموشیەك بەدڵما دێت .

ئەوەی هەست بەمە نەکات دیارە لەپیشدا لەم وڵاتە نەبووە چونکە ئەگەر خۆشی بەسەری نەهاتبێ لە گەورەتری بیستووە .

پیویستە منالی ئەم سەردەمە لەباتی دایکو باوکانی سەردەمی کۆن گەلیك سوپاسی یەزدان بکەن کە ئەم وڵاتەی پێ بەخشیون خوا لیبان تیك نەداو هەمیشە ئامادەی خۆ بەختکردن‌بن لە پیناوی بست بەبستی‌دا .

ڕولەکان ئەوەی لەبەردەستانایەو پێتان ڕاوە بە فیڕوی مەدەن ئیمە نرخو بایەخی‌گرانی ئەو پێدانە ئەزانین چونکە بە ئێمە نەبڕابو هەزاران سوپاس کەئیوە پێ‌یەش نەبوون .

کە ڕوژانی خۆمانم دیتەوە یاد ترسی ئەوەم لی ئەنیشی کە ئەگەر بهاتایەو نەچوونیایەتە قوتابخانە داخو چ دەردێکی گران ئەبو کە تائیستا پیوەی بتلاینایەوە ؟ چەند دڵ تەنگی ئەوە ئەبوین ئەگەر ناومان لە ڕیزی ژمارەی نەخوێندەوارەکان بوایە ؟!

داخو ئەوانەی هەڵی خوێندەواری‌و زانیاریان لەدەست چوبێ چەند داخ لە دڵبن ؟! بەلام دیسانەوە گەلیك سوپاس بو.چەرخی داهاتو کە خوێندنی کرد بە الزامی‌و نەخوێندەواری شڕ کرد ، سوپاس بۆ ئەو ڕولانەی‌ئاواتی هەزاران مامۆستای جگەرسۆزیان هینایە دی‌و ئاواتی ئەو دلسوزانەی ئەم ڕوژە مەبەستیان بوو ، ئەم ڕوژەی نەخوێندەواری لە ڕەگەوە هەڵکێشن ئەم ڕوژەی منال لەسەر ڕەحلەی مەکتەب دەیەها کتیب‌و دەفتەرو پێ‌نووسی ڕەنگاورەنگ بەکار بهینیت ، هەزار بەردیش لەپشت ئەو ڕوژانەی کە منداڵ بۆ دەفتەریکی دەبەڕەیی سوێ‌ی ئەبوەوەو باوك بە دڵیکی گوشراو دایك بەچاوی هەڵبزڕکاو منالی بێ تاوانی لە قوتابخانەی وشك‌و برنگ ئەپەستاند ..

نەجات ڕەفیق
خلمی

Institut Kurde de Paris

شەرمنی منداڵ

کاکل حەسەن

خێزانە ، تا وای لێدەکەن ببێتە پارچەك لە نازو ئەو ڕێگا بەحەیاو بە شەرمیە بگری بەتایبەتی ئەگەر کچ بێ دەبێ ئەوە بزانێ کە «ژنی شەرمن شارەکی دەینێ»(١) . هەڵبەت ئەمەش بەڕادەیەکی زۆر لەو خێزانانە دەبێ کە دەوڵەمەندن یان منداڵەکەیان تاقانەیە یان بەهۆی هەندێ ڕووداوی دیکەی کۆمەڵایەتیەوە دەبێت وەك بێ‌بەش‌بوون لە سۆزی دایك . هەروەها ڕێگانەدان بە منداڵ بۆ چوونە دەرەوەو تێکەڵ‌نەبوونی لەگەڵ هاوسونعی خۆی‌دا ، دیسان کارێکی گەورە دەکاتە سەر شەرمنی منداڵ ، یاخود سەرپەرشتی نەکردنی ئەوکارانەی منداڵ دەیانکات‌و هانندانی لەسەر کردەوەی باشەو شکاندنەوەی بە شێوەیەکی دلبریندارکەر بەرانبەر بە هەڵەکانی دیسان دەبنە هۆیەك بۆ پەرەپێدانی دیاردەی شەرم لە منداڵداو بە ڕێژەیەکی بەرزیش(٧). بەلکوو گیروگرفتی دیکەش بە دواوەیە وەکوو شەڕاوی‌و گرینۆکی ، کە لەو کاتەدا دێتە کایەوە کە ئەومنداڵە شەرمنە لە مال چووە دەرەوەو لەگەڵ جۆرەها منداڵ تێکەڵ بوو ، لە باخچەی زارۆکان یان لە قوتابخانەش چۆنیەتی سەرپەرشتی‌کەرو مامۆستاکان زۆرجیایە لەگەڵ ئەوبوارەی کە لە ماڵەوە بۆی ڕەخساوە .. جا بۆ ئەوەی منداڵەکانمان لەوگیروگرفتە بپارێزین .. پێویستە ئەمچەند خاڵە ڕەچاوبکەین :ـ

ـ هێندە گرنگی ئەدەین بە منداڵەکانمان‌و پەرە بە هێزو توانایان بدەین‌و هانیان بدەین کە بەشداریمان بکەن لە هەندێ ئیشی سووکی ناو ماڵ .

ـ نابێت هەموو حەزو ئارەزووەکانیان داگیربکەین بەلکوو دەبێت بە شێوەیەکی ئەرم وابکەین بەپێی ئارەزووی ئێمە بجوڵێنەوە .

ـ هانیان بدەین بۆ کردەوەی باش‌و ئەگەر هەڵەیەکیان کرد ئاڕێت ڕاستەوخۆ تەریقیان بکەینەوە.

ـ هەوڵدەین بەرە .. بەرە چاوی بکاتەوەو لەگەڵ خەڵکی دیکە تێکەڵ بێ .. بە هۆی بردنی بۆ شوێنی گشتی وەك سینەماو شانۆو ئاهەنگ‌و یاریگەی منداڵان .

پەراوێزەکان :

١ ـ پەندێکی کوردیە دەڵێت «پیاوی شەرمن شەیەکی دەینی ، ژنی شەرمن شارەکی دەینی» کە هەر لە ساڵەکانی سەرەتای منداڵیەوە جیاوازی دەخاتە نێوان کچ و کوڕو چەوساندنەوەی کچ دەست پێ‌دەکات جگە .. لە ئەخۆشیەکانی دیکەش .

٢ ـ لە توژینەوەیەکی ، دکتۆرە (ئومەیمە عەلی خان)دا بەناو ٥٩٢ منداڵ لە باخچەکانی زاروکانی بەغدا.. دەبینن لە ٧٦٪ی‌ئەو منداڵانەی گیروگرفتیان هەیە شەرمنن .

دوێنێ و ئەمڕۆ

لە بەڕێوەبەریەتی بەرژەوەندی گواستنەوەدا لە سلێمانی

فریا عبدالله پ ٠هاوکاری لە سلێمانی

ماوەیەک لەمەوبەر لەژێر چەتری پاسێکدا چاوەڕێی گەیشتنی پاسێکم دەکرد ، لە پڕێکا پاسێکی نوێی (ریم) لەبەردە مدا وەستاو دەرگایەکیان کرایەوە ... یەکەم جار ووتم ڕەنگە یەکێک بێت لە پاسنی کارگەکان ..

بەڵام دوایی زانیم کەهینی ئەوان نییەو سەر بە بەڕێوەبەرێتی بەرژەوەندی گواستنەوەیە لە سلێمانی... لەناو پاسەکەدا لێکم دایەوە کە زیاتر لە « ١٧» ساڵە ئەم بەڕێوەبەرێتییە کراوەتەوە .. بۆیە چاکتر وایە بە ناوی ڕۆژنامەی هاوکاری‌یەوە سەرنجیان بدەین ٠ بۆ ڕۆژی دوایی کە چوینە لایان لەپێشەوە بەڕێوەبەر کاک نزار حسن محمد دەربارەی دروستبوونی ئەم بەڕێوەبەریەتی‌یە ووتی :

ـلە مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٦١دا بۆ یەکەم جار

ئەم بەڕێوەبەرێتییە لە شاری سلێمانیدا کراوەتەوە ٠ئەو سەردەمە ژمارەی پاسەکان هەشت پاس بوون لەگەڵ تەنها (٣) فەرمانبەرو (١٤) سایەقو ـ١٤ـ جابی ٠ بەڵام ئەمڕۆ ـ٥٦ـ پاسی گواستنەومان هەیە لەوانە (٣٤) پاسیان بە بەردەوامی کار دەکەنو پانزەیان بۆ سپێر دانراونو ئەوانی کە شیان لە ورشەی چاک کردنەوەدا خەریکی چاک کردنیانین ٠ هەروەها ژمارەی سایەقمان ئەمڕۆ گەیشتوەتە (٧٨) سایەقو (٩٨) جابی ٠

جاران خەتی دەرەوەی شارمان تەبوو بەڵام ئەمڕۆ (٧) خەتمان دانراوەو (١٤) خەتی کەشمان لەناو شاردا خستوەتە کار ٠ ژمارەی پاسە کانیشتمان بۆ دەرەوەی شار (٩) پاسن لەگەڵ « ٢٣» پاسی ناو شار ٠ پاشان کاک نزار دەربارەی ئەم دیاردەیەی ئێستای هۆی هاتو چۆکردنە ووتی :

ـ لە شاری سلێمانیدا بەتایبەتی دوای ساڵی ١٩٧٤ چەشنە جوولانەوەیەکو چالاکی‌یەکی ئابوریو کۆمەڵایەتی پەیدا بوو ئەمەش وەک هەموو لایەنەکانی تری ژیان کاری کردە سەر هۆی گواستنەوە ! بێ‌گومان چاری ئەمەش دەتوانین بە زۆر کردنی ژمارەی پاسەکان بکەین لەگەڵ ڕەچاوکردنی چەشنی ئەو پاسانەی کە بۆمان دێت هەروەهابەردەوام‌بوونمان لەسەر چاودێری کردنیان ٠

× چی‌تر ؟

× ئەمسال لە تێکڕای ژمارەی (١٥) پاس (١٣) پاسیان گەیشتوە کە هەموویان (سکانیاو ریم)ن ، هەروەها ئێستا خەریکی دروست‌کردنی گەراجێکین کە بریتی‌یە لە وەرشەیەکی شتنو ڕۆن‌کردن بە نرخی (١٣٠) هەزار دینار جگە لە جێگای وەستانی پاسەکان ٠ هیواداریش لەمڕۆژانەی داهاتودا بتوانین لەپێناوی پێشکەش‌کردنی خزمەت‌کردنی جەماوەرانداپەرەپێدانێکی گەورە لە ناو بەڕێوەبەریەتی‌یەکەماندا بەدی بهێنین ٠

پاشان حەزمان کرد کە چاومان بە کۆن ترین سایەق بکەوێت بۆ ئەم مەبەستەش کاک قەلەندەر شیخ صالح هاتو ووتی : زیاتر لە (١٤) ساڵە لێرە کار دەکەم هۆی مانەوەشم تا ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ هەڵسو کەوتی لێپر سراوانو هاوڕێکانم ... جاران یان ڕاست‌تر بڵێین تا ساڵی پار (٣٠) دینارم وەردەگرت بەڵام پاش دەرچونی بڕیارەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش موچەکەم بو بە (٧٧)دینار ٠من لەگەڵ ئەو ڕایەم کە ئەم (٧٧) دینارەی ئێستام لە (٥٠)) دیناری دەرەوەی‌دایەرە زۆر چاکترە چونکە بە هۆیەوە پاشەڕۆژی خۆزمو ماڵو منداڵەکانمی پێدابین دەکەم بەڵام ئەو پارەی دەرەوە شتێکی کاتی‌یەو کەسێک یان لایەنێک نی‌یە کە بتوانێت دوارۆژم بۆ دابین بکات لە کۆتاییدا لەبەر بەرژەوەندی هەموومان ئەم چەند خاڵە دەخەینە روو :

١ ـ بەکارهێنانی پاسەکانی خەتی دەرەوە باتایبەتی لەکاتی ئێوارانداهەوڵێکی زۆر سەرکەوتوە هیوادارین بەردەوام بێت ٠

٢ ـ خۆزگە ئەوخەڵکەی سەردەکەون لەناو دەرگای یەکەمدا کۆنەدەبوونەوە ٠

٣ ـ خۆزگە ئەوپاسانەی لە دەرگایەک زیاتریان هەیە لەکاتی وەستانیاندا دەرگاکانی کەشیان دەکرایەوە

ـخۆزگە وەک‌جاران لەسەر هەموو پاسێکیان دەنوسی کە بۆکوێ دەچێت ٠

شانۆلدهوکێ

ژکارێت هونەری‌بیت‌گرنك‌وپێدفی خەباتەکا مەزن تاکو جهێ خو بگریت شانویەچمکی ئەنجامێ بیروباوەرێت کەفنەبەرست باهرا پێتر خەلکێ چفاکێت پاشکەفتی بچافەکێ سفك بەرێ خودەنە فی‌هونەری تاکو یەیسکەکی تاکوهەف پشکی تێدا لایێوان خشە هەکە هندەك کەس حەژی بکەن بچنە ناف فی هونەری ژ ئاخفتنو گوتنێت خەلکێ نەوێرن ٠ لڤان سالیت دویماهیێ ژنوی لهندەك جهاهەف پشکی دشانویدا شەرم نینە٠هەلبەت‌بو مێرانە ژنا ٠ دهوك

ژی دفی دەردیدایا دکەلیت چارکنا ڕێت شانوی بیت‌گرتین وەناکەن دەنك ژێ بێهێت ٠ لسەر داخازا دەزگایا ڕەوشەبیریا جماهیری برادەر ئیبراهیم سلمان خرفە بونەکا شانویی لدهوکێ بەست بگشتی بەحسێ دویروکا شانوی ژکەفن وەرە تاکو نهوتر هەلبەت لسەر گوهرینو پێش کەفتنێت‌ل‌شانوی بوین ژی ئاخفت .هەلبەت ئیبراهیمی زانی هەف پشکی دشانویدا لدهوکێ شەرمە لەوا گوت [گەلەك کارێت باش یەکەم جار شەرمە خشە(عیب) بەلێ دویماهیکێ دێ بیتەتشتەکێ ئاسایی] هەروەسا گوت حەوجەیا مروفی لدویف تێگەهشتنا مروفیە ٠بێ‌گومان ئەف گوتنە یادرست نینە چمکی چد بیت ئیك گەل بێ تێگە هشتی بیت بەلێ هەژارو دەست کورت بیت پێدڤیتەوی لدویق تێگە هشتناوی نابیت دێ لدویف تەخو ئوباوی بیت ٠ئیبراهیمی روهن کر کوشە قەروك فرەیتو محکەمێت داوەتا **بنگەیەکێ سەرەتا ییە بو** شانوگەرێ بەلێ مخابن تاکو نهو بدروستی قازانج ژێ نەهاتیە وەرگرتن یێ بێخودانە هیڤیا مە ئەوە چیروك (نفیسو شانونفیس فلکورێ مە بێژبنکەن یێ‌بسەر کەفیت بکەنە بنیات بو نفیسینێ ٠ یاخوش دلفەکەر هزرو بیرێت خو دیارکرن هەف پشکی دگێنگەشێدا کر لڤێ خرفە بونێ گەلەك کەس لسەر بابەتی ئەفەژی بەلگەیە کو بەلێ ڕەوشە بیریا هونەری رهێت پەیدا کرین لچفاکێ مە نیشانە کە کوسپێدەیا شانوی یانزیك بوی

صدیق علی

ئاهەنگێکی هوندری لەقەرەداغ

لەم ڕۆژانەی پێشوەدا لە قەد پاڵی چیاکانی قۆپی قەرەداغی ڕەنگیندا ، بە بۆنەی دەستپێ‌کردنی یاسای فێرکردنی ئیلزامیو نەهێشنی‌خوێندەواری‌یەوە تیپی مۆسیقای مەولەوی لە پارێزگای سلێمانی ئاهەنگێکی خنجیلانەی لە گوندی جافەرانی سەر بە ناوچەی قەرەداغ بۆ قوتابیانو دانیشتوانی ئەو ناوچەیە سازکردو جەماوەرێکی زۆری ئەو گوندانە هاتنە بینینی ٠

لەم ئاهەنگەدا چەند هونەرمەندێکی تیپی مۆسیقای مەولەوی سلێمانی بەرهەمی خۆیان پێشکەش‌کردو هەروەها گۆرانی بێژی میللی (دارا محمد عثمان) بە چەند گۆرانی‌یەک توانی سەرکەوتوێ بە ئاهەنگەکەیان ببەخشێت ٠

هەروەها لەم ئاهەنگەدا بەڕێوەبەری قوتابخانەی جافەران مامۆستا (سالار عمر) وتارێکی دەربارەی فێرکردنی ئیلزامیو سوودی نەهێشتی نەخوێندەواریو هاریکاری‌کردن لە نێوان مامۆستاو خێزانی قوتابیاندا روون‌کردەوە ٠

دەربارەی ئەم چەشنە ئاهەنگانە کاك سالار عمر دەڵێت :

بێ گومان پێشکەش‌کردنی ئەم چالاکیانە لەم چەشنە دیهاتانەدا گەلێك پێویستو گرنگن لەبەر ئەوە مەرجە ئەم چەشنە هەوڵانە لەلایەن‌لێپرسراوانەوە پشتگیری بکرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت‌تیشکی چرای شارستانیەت بە ئاسانی شەوی تاریکی ئەو گوندانە ڕووناك بکاتەوە تاوەکو ڕۆلەکانی ئەم ناوچانەش لەباشە ڕۆژدا بتوانن بە مێشك‌و بیرێکی بێ گەردەوە خزمەتی ئەوکی سەرشانی خۆیان پێشکەش‌بکەن . ئەوەی شایانی باسە تیپی مۆسیقای مەولەوی تائێستا چەند ئاهەنگێکی لەم بابەتەوە سازکردوە لەوانەش ئاهەنگی نەخۆشخانەی سلێمانی‌و کارگەکانی سلێمانی .

پ ٠ هاوکاری لە سلێمانی

بەرەو هەڵمەتی نیشتمانی گشتی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری نەوزیمی

تاقیکردنەوەی گەلان

نەریمان

بەرەو هەڵمەتی نیشتمانی گشتی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری نەوزیمی

تاقیکردنەوەی گەلان

نەریمان

بەهۆی شارستانیتی‌وبڵاوبوونەوەی زانستەوە ئەم گۆی زەمینەمان هێندە بچووك‌بوەتەوە کە ئادەمیزاد دەتوانێت لەوپەڕی زەمین چی ڕووبدات‌ئەم لێرەوە لێی ئاگادار ئەبێت. حکومەتی نیشتمانی کە بڕیاری‌لەسەر نەهێشتنی نەخوێندەواری دا ئەوا هەوڵی‌دا کە لە تاقی‌کردنەوەی گەلان لەم مەیدانەدا سوود ببینێت‌بەتایبەتی ئەو گەلانەی کە لە سێبەری ڕژێمی شۆڕشگێری‌یەوە توانیان نەخوێندەواری لە ئارادانە هێڵن وەك (کوبا)و (چینی میللی) کە بە دوو تاقیکردنەوەی‌پێشڕەوی دەژمێردرێن،ئێمەش لەکورتی لە هەردوو تاقیکردنەوەکە شتێکتان ئەخەینە بەر دەست :

(تاقیکردنەوەی ((کوبا)) لە نەهێشتنی نەخوێندەواریدا)

خاکی کوبا بریتی‌یە لە دورگەیەکی گەورەو ریزە دورگەیەکی وورد کە ڕووبەری ٥٠٠ ١١٤ کیلۆمەتری چوارگۆشەیەو ژمارەی دانیشتوانی حەوت ملیۆنو سەد هەزار کەسە ، لە ٦٠٪یان لە ناو شارداو ئەو دوایی‌یان لە لادێدا ئەژین ، کوبا کراوەتە شەش هەرێمەوە . بڕبڕاگەی ئابوری ئەو وولاتە چاندنی قامیشی شەکرە .

ڕادەی نەخوێندەواری ساڵی ١٨٩٩ لە ٨ر٥٦ بوو تا ساڵی ١٩٥٣ هاتە سەر ٦ر٢٣٪ ، لە نێوان هەرێمەکانی کوبادا بە پێی پێشکەوتنی ئابوریو شارستانیتی نەخوێندەواری تیادا ئەگۆڕێ لە کاتێکدا لە هەرێمی هافانا لە ٩٪ی نەخوێندەوارە کەچی لە ئۆرنێست گەیشتبوە لە ٣ر٣٥٪

هەر لەشکری شۆڕشگێری بە سەرۆکایەتی (فیدل کاسترۆ) لە کانونی یەکەمی ١٩٥٩دا هافانای ڕزگار کرد لە پێشدا لە حەوتی ئادارادا یاسای چاك کردنی کشت‌وکاڵی بڵاوکردەوەو لە هەمان مانگیشدا وەزارەتی پەروەردە لێژنەیەکی نیشتمانی دانا بۆ ئەوەی دەست‌بکرێتە نەهێشتنی نەخوێندەواری ، بۆ ئەم ئەرکە نیشتمانی یە هەزارو سیصەد مامۆستا لە خۆیانەوە ئالای خزمەتکردنیان هەڵگرت‌و ٨٤٤ مەلبەند بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری کرایەوە کە نۆزدە هەزار فێرخوازی تیادا ناونووس کراو دەستکرا بە فێربوون ٠

لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠وە دەورە بۆ ئامادەکردنی مامۆستایان کرایەوە هەروەها کتێبێك بۆ جوتیاران دانرا کەمەرستەکەی بریتی بوون لەو ووشانەی کە لە کاروباری ڕۆژانەباندا بەکاری ئەهێنن‌و لەسەر ڕیبازێکی شۆڕشگێرانە تیپی (کونراد)و (بینتز)و (کرێکارانی پێشکەوتوو) بوون هەندێ لەم تیپانە دوورترین دورگەیان بۆ گەیشتنە مەبەست هەڵبژارد وەك دورگەی (کایوکوکو) کە کرێکارانی کانزادی خەلوزی تیادا دەژین .

٣ ـ مامۆستای ئامادە کراو: مامۆستا پیشەیی‌یە ئامادەکراوەکان کە ژمارەیان نزیکەی ٣٥ هەزار دەبوو دەورێکی بایەخداریان لە هەڵمەتەکەدا هەبوو، لە لایەکەوە مامۆستا جەماوەری‌و تیپە پیشڕەوەکانیان فێری چۆنێتی دەرس ووتنەوە ئەکردو لە لایەکی تریشەوە چاودێری‌و پشکنینی هەڵمەتەکەیان گرتبوە ئەستۆ ٠

لە ٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٦١ جاڕ درا کە (کوبا) نەخوێندەواری تیادا نەماو هەرچوار قۆناخەکە دوایی هات‌و ئەو نەخشەو بەرنامەیەی بۆ دانرابو بە تەواوەتی بەجێ هێنرا ٠

پاش ئەمە لەو وولاتە قۆناخێکی نوێ دەستپێکرد ئەویش (قۆناخی دواکەوتن)ە بۆ ئەوەش کتێب‌و بەرنامەی تایبەتی دانرا تاوەکو ئاسۆی فێرخوازان فراوانتر بێت ، ئەمەش قۆناخێکی گرنگە بەڵام چونکە لە سنوری هەڵمەتە نیشتمانی‌یەکە بەدەرە جارێ باسی لێوە ناکەین .

تاوەکوو قوولتر لە هەڵمەتەکەی کوبا بگەین ئەبێت چاوێك بخشێنینە ناوەڕۆکی ئەو کتێبانەی کە بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری بەکار هێنرابوون . کوبا بۆ ئەم مەبەستە دوو کتێبی سەرەکی دانابوو یەکەمیان (کتێبی سەرئەکەوین) دووەمیان (کتێبی لێمان گەرێن با فێری چۆنێتی خوێندن‌و نووسینەوە ببین) .

کتێبی یەکەمیان سەرەتایی (بنچینە)بوو ملیۆن‌و نیوێکی لێ چاپکراو بریتی‌بوو لە پانزدە وانە کە ووشەکانی چەند جارێك دووپات ئەکرایەوەو بۆ هەروانەیەکێش دوو سێ (ڕاهێنان) دانرابوو(١) ، لەوانەکانی ناو ئەم کتێبە : (چاك‌کردنی کشت‌وکاڵ ، هەر کوبایی‌یەك خانویەکی هەیە ، سوپای میللی ، جەماوەر کاردەکات ، ساڵی فێرکردن ، کوبا تەنها نی‌یە ، شیعرو ئەلفو بێ ، هتد ...)

کتێبی دووەم بریتی‌بوو لە سێ بەش ، بابەتە سەرەکی‌یەکانی ئەمانە بوون :

(١) لە شێوازو ناوەڕۆکدا لەو کتێبانە ئەچێت کە ئێمە لە عیراقدا بۆ ئەم مەبەستە بەکاری ئەهێنینی‌و لە زنجیرەکانی داهاتوودا ئەیخەینە بەر چاو .

کتێبی دووەم بریتی بوو لە سێ بەش ، بابەتە سەرەکی‌یەکانی ئەمانە بوون : (شۆڕش ، فیدل پێشەوامانە ، خاکمان هی خۆمانە ، کێنگە هەرەوەزی‌یەکان ، خۆمالی کردنی بەروبووم ، کوبا دەوڵەمەندە ، سەربەستی ئایین ، تەندروستی ، شەڕو ئاشتی ، دیمۆکرات ، ڕەگەزپەرستی ، ڕابواردنی گشتی ، هتد ..

ئەبێ ئەوەشی بزانین کە دروشمی ئەم هەڵمەتە گەورەیە بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری (لەسەر گەل پێویستە خۆی ڕۆلەی گەل فێربکات) بوو ، ئەو مامۆستایانەش کە بەشداری‌یان لە هەڵمەتەکە کردبوو سێ چەشن بوون :

١ ـ مامۆستای ئەلفو بێی ناو جەماوەر : هەرکە لە کوبا بانگەوازی نەهێشتنی نەخوێندەواری بەرزبووەوە پێش هەموو کەسێك ئەوە مامۆستایانە پێشوازی‌یان لێ کرد کە پیشەیان ئەوەبوو لەناو جەماوەزدا ئەلفو بێو وورده زانستیان فێرە خەڵك ئەکرد ، بۆ ئەوەی فێری دەرس‌ووتنەوەی نوێیان بکرێت چەند دەورەیەکی ئاراستەکردنیان بۆ کرایەوە ، ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەیان لە کۆری خەباتدا پەرەی ئەسەند تا گەیشتنە ١٢٠٦٣٢ مامۆستا .

٢ ـ تیپە پێشڕەوەکان : بریتی‌بوون لە قوتابیانی زانستگاو زانکۆکان کە لە خۆیانەوە تیپی پێشڕەویان پێك‌هێناو ڕیزی پێشەوەی خەباتکردن‌و دەورەی ئامادەکردنیان بۆ کرایەوە ، گرنگترینی ئەو تیپانە دارێژرا کە هەنگاوە شۆڕشگێری‌یەکانی تیادا بەرچاو خرا .

لە ئەیلولی ١٩٦٠دا (فیدل کاسترۆ) دەستپێکردنی (هەڵمەتە گەورەکەی ئاشکرا کردو بە شێوەیەکی ڕەسمی لە یەکی کانونی دووەمی ١٩٦١وە دەستی پێکراو ماوەی پاش مێژووە بە ماوەی (فێرکردن) ناو لێنرا .

ئنجا وەزیری پەروەردە ئەم چوار قۆناغەی دیاری کرد کە ئەبێت نەخوێندەواری تیادا نەهێڵرێت :

١ ـ ماوەی سەرەتایی : لە ئەیلولی ١٩٦٠وە تا یەکی کانونی دووەمی ١٩٦١ .

٢ ـ قۆناخی یەکەم : لە یەکی کانونی دووەمی ١٩٦١وە تا ٣٠ی نیسانی ١٩٦١ لەم قۆناخەدا هەڵمەتە گەورەکە دەستپێکردو هەموو دەزگاکان دامەزران .

٣ ـ قۆناخی دووەم : لە مایسەوە تا ٥ی ئەیلولی ١٩٦١ بایەخداری ئەم قۆناخە ئەوەیە کە هەموو ڕێکخراوە جەماوەری‌یەکان بەشداری‌یان لە هەڵمەتەکەدا کرد .

٤ ـ قۆناخی سێیەم : لە ٥ی ئەیلولی ١٩٦١وە تا ٢٢ی کانونی یەکەمی ١٩٦١ لەم قۆناخەدا ئامانجەکانی ئەم هەڵمەتە گەورەیە هاتە دی‌و نەخوێندەواری لە کوبادا لەرەگ‌و ریشە دەرهێنرا .

Institut Kurde de Paris

لژێر فان ناف و نیشانێت سەری ڕۆژنامە « هاوکاری » یا خۆشتڤی هژمارا « ٤٤٣ » ڕۆژا دووشەمبی ٢-١٠-١٩٧٨ نڤێسینەك بەلاڤکر بقەلەمێ برادەر « فخري احمد »ی . پشتی من نڤێسینا برادەری خواندی .. هندی ئەز هاتمە خۆ ئەز تەشیام بنافەرۆکا نڤێسینا وی بکەڤم وچ مەخسەدو ڕایان ژێ هەیە ..

لگەڵ ڕۆژنامەکێ

● عزت فندی یحیی ●

د ناڤبەرا کەریم فندی و مشدهێل ئامێدی دا

ئەگەر برادەری « ڕەخنە » لسەر مامۆستا « کریم »ی و هۆزاناوی هەبیت ئەڤە ئەرێکا « ڕەخنێیە » چونکو بابەتێ ڕەخنێ مەرجێت خو یێت تایبەتی یێت هەین ... لێ لڤێرە ئەزو خینده‌ڤانده‌ڤانیت هێژا دا بەنڤیسینا برادەر « فخري » دا بەردەینە خارێ و بنێرینە فان خالاً .

١ - « برادەر فەخری ئەگەر تۆ « زێرەڤانەکێ » ... « وەکی گوتی ئەز خۆ دهژمێرم زێرەڤانەکێ تۆڕو زمانێ کوردی » چاك بای ئو تە ڕاستو دروستی ڤیاباو ئەدەبێ کوردی پێ شێل نەببا .. دا هوزانێت هەردوو مامۆستا « عبدالکریم ، فەهێل » کەیە دسەرکێت تەرازیێدا ... ولبەرێك کێشی کا مامۆستا « عبدالکریم »ی چەند داف ژ هۆزانا « فەهێلی » قەرکرینەو بۆ وێنێ هۆزانا خۆ بکارئینانە وسوود ژێ وەرگرتیە ، دا بۆ خوینده‌ڤانا ئاشکراکەی کو ئەڤ برگە شیعرە یا برادەر «فەهێل»ی یەو مامۆستا « عبدالکریم » بخۆ دانایە ، هنگێ دابی‌یە زێرەڤانەکێ چاك بۆ تورو ئەدەبێ کوردی .. نەکو بزێرەڤانەکێ سست و لاواز دیاربوی .

٢ - لدوماهیا نڤێسینا خۆ برگەیەك ژ هۆزانا « فەهێل ئامێدی» بلاڤ کری‌یەو دبێژیت مامۆستا «کریم» هەر ئەڤە هەمی‌یە دهۆزانا خۆدا خاندی‌یە .. بەلێ ئەز دبێژمە برادەر «فخري» نەخێر ... برگێ مامۆستا «عبدالکریم»ی دهۆزانا خۆدا خواندی بڤی ڕەنگێ خارێ‌یە وەکی من ژ مامۆستای وەرگرتی :

ئیرو هەسپی ..
صلاح الدینێ نەمر یێ ..
«پێ کۆلێ لەردی دکەت
گازی دکەت»
چما سەرێ من بەردایە
زینێ من ئیرو فالایە
« کا سوارێ لغافێت من
بگریت»
بۆ زێرەڤانیا گورێ
کەنەڤانی ،
دبێژیت
بەسە گرینو نالەنال
«دا بچین ئافا ژیانێ»
ژ زاروکو سێویارا
بینین .. بینین
قورمێ زەیتوینو بەڕویا
دا برەشینین .. دا
برەشینین
هۆزانا من
داخو کەسەرا دلێ من

ئەڤ چەند پەیڤێت دناڤبەرا کفانادا یێت هۆزانا مامۆستا «فەهێل ئامێدی» نە .. کو مامۆستا «عبدالکریم» ی بدەڤێ خۆ گوتی‌یە «فەهێل»ی من ئەڤ ڕێزە «تضمین»کرینەو ئیشارەت لفەروزێ بۆ نافێ تە هاتیەکرن .

مامۆستا «فەهێل» بڤێ چەندێ ڕازی و قانع بۆ کو هۆزانا وی بخۆ نەدانایە مادەم ئیشارەت بۆ نافێ وی «ئانکو فەهێل» هاتیەکرن ..

بەلێ برادەر «فخري» تو چەوان دبێژی پشتی مامۆستا «کریم» هۆزانا خۆ خواندی و ژ سەر شانوێ هاتیە خارێ ئەز پێ ئاگەهەدارێم کو «هەڤرکی‌یەکا نەرم» لمابەینا هەردوو هوزانڤانا چێبوو .. ئەرێ نە تە تێو نە تە ژێو نەلوێرێ ، چەوان دزانی هەڤرکی یا نەرم‌بوو ئان یا ڕەق .. و ب «علم الغیب» بەرسڤ ددەی و دپەبقی ..

٣ - برادەر «فخري» دبێژیت: «دڤێت مامۆستا «کریم» لسەر شانوێ گوتبا ئەڤ برگە یا مامۆستا «فەهێل» ی‌یە چونکو رێکا دروست بۆ خاندنا هۆزانا «تضمین» کری لسەر شانوێ ئەڤەیە :

لڤێرە ئەز بۆ «زێرەڤان فەخری» دبێژم دروست نە ئەوە لسەر شانوێ هۆزانڤان بێزیت ئەڤ برگە یا «فلان» هوزانڤانی‌یەو من «تضمین» کری بەلێ ئەگەر هۆزانا «عبدالکدریم»ی لرۆژنامەکێ ئان گوفارەکێ هاتە بلاڤ کرن و ئیشارەت بۆ نافێ «فەهێل»ی نەکر ، وێ گافێ من و تەو هەر کەسەکی و هەر زێرەڤانەکی و لگەل هۆزانڤانی ماڤێ ڕەخنێ و تۆڕەبۆنێ یێ هەی .

بەلێ نەوەکی تۆ تێدگەهی کو لسەر شانوێ تشتێ بەری نەو دیارکەت و ڤان یاساییێت ئەدەبی و شیعری تو ژ دەڤ خۆ دبێژی و لێك تینی ..

٤ - لسەر چ بنەڕەت و بنواشە تە گوتی‌یە نابیت هۆزان بێتە «تضمین»کرن بەری کو بێتە بلاڤی‌کرن - .. !؟؟ دێ کا بۆ مە نافێ سەرچاوەیەکی ئان ئەدیب و ئەدەب دوستەکێ مەزن بێژە کو تە ئەڤ پەیڤێت سەرێ ژێ وەرگرتین .. ئان ژێ هەر ئەزمان و پەحنکا دەڤی‌نە ..!!

٥ - دبێژیت «دێ داخازێ ژ مامۆستای کەم کو رابیت ئەو بخۆ «موحاکەما»خۆ بخۆ بکەت لسەر ڤێ چەندێ» .

بەلی مامۆستا « عبدالکریم » نە گونەهەبارە کو بێتڤی «محاکم»ێ بیت چونکو گوت : ڕاستە من ئەو پەیڤێن ناڤبەرا کفانادا ژ «فەهێل»ی وەرگرتینەو «تضمین»کرینو لفەروزێ نافێ هۆزانڤان «فەهێل» هاتیە نڤێسین .

بەلێ برادەر «فخري» تو «محاکم»ا خۆ ناکەی کو ئێك «برادەرەك» بێت بۆ تە گوتارێ بنڤێسیت و لسەر نافێ خۆ بلاڤ کەی درۆژنامەکی‌دا .

٦ - نڤیسی‌یە «گوتنا من ئەوە بۆ مامۆستایێ هێژا بۆ چارەکادی ژ فەرێژا خۆ هۆزانا دابرێژیت» .

برادەرێ «زێرەڤان» ئەگەر تو شارەزابای تە ئەڤ ڕستا بەری نەو نە دنڤێسی ، چونکو تە دیارکر هوزان هەمی نە ژ فەرێژا مامۆستا «عبدالکریم» ی‌یە .. تو وەسا تێدگەهی کو هەر کەسەکێ دافەك ژ هۆزانەکێ قەرکر ئان «تضمین»کر یا دی ژیك هەمی ژ کیسی چۆ ئو بۆ مالێ خەلکی، یا برادەر تێ‌نەگەهە دافەك .. تەڤنی هەمی‌یێ بۆ برادەر «فەهێل»ی ببەت .

لڤێرە هەر وەکو تە بەرەك لهەرێ دای و چبك برینە باش و خرابا .. ڕاستی بنئاف کری و خندقاندی .

٧ - برادەر «فخري» گەلەك زیرەکە بزمانێ عەرەبی دەما سۆ جارا دنڤێسینا خودا پەیڤا «تظمین» بڤی ڕەنگی دانای کو نەزانی‌یە ئەڤ پەیڤە هوسان تێت نڤێسین «التضمین» «بنێرە المنجد في اللغة والاعلام الطبعة الثانية والعشرون-ص ٤٥٥»و یا خۆیایە نەکو هەلەیەکا چاپێ‌یە ، هەر وەسا گەلەك بزمانێ کوردی ژك و رێزمانێ زیرەکە دەما نڤێسی «ئەڤە ژی ئەو برگەیە (یێ)لخوارێ» نەزانی‌یە «یا» دکەفتە جهێ «یێ» .

لدوماهی‌یێ گەلەك سۆباسیا برادەر « فخري » دکەم کو نافێ «زێرەڤان»ێ ئەدەبێ کوردی لخۆ دانای وسۆپاس .

ناڤریەك

برایێن هێژا ...

خویندڤانێن خوشتڤی ...

هیڤدارین ژ هەمی نڤیسەڤانان ناڤ و نیشانێن خو بدروستی لگەل نڤیسینێن خوبنێرن .. دا بکارین ئەو دەرافێ بەرامبەری نڤیسینێن وە دهێتە دان بکەینە « چێك » و لسەر وان ناڤ و نیشانان بو وەبنێرین ... ئومێدا مە ئەوە ژ نهو پاشڤە پێدڤی ڕێنجکێشانێ و قوناغا بەغدا نەبن و گەلەك یاهو .

پارچەکا دویروکێ د ئورتا فولکلوری دا

● عبدالرحمن علی ●

● دفولکلورێ کوردی‌دا ، بسەدان چێرۆك و چیڤانۆك و سەرهاتی و لافژەو ستران و حەیران و لاوك هەنە ، کو پشت بو پشتێ یێن هاتینە گوتن و قەگوهاستن و پاراستن ، هەرچەندە گەلە ژڤی فولکلوری یێ هاتییە پنی‌کرن و گوهرین و بسەرفەنان ددرێژیا ژین و ژیارا ڤی مللەتی‌دا لێ ئەڤ فولکلورە هەر مایەو باشترین شوینوارە دویروك و مێژویا مللەتی ، نەخاسمە هەکە پشتی کومکرنا وێ بهێتە فەکولان و هەلشکافتن .

ئەڤ فولکلورە وەکی یێ گەلە مللەتان لسەر بنەڕەتێ (خێروشەڕا) ، یێ هاتییە فەهاندن و هۆرنن و دانان لێ بێخش‌جوداهیا فولکلورێ مللەتێ کورد یا دیارە ، چنکو ئەو بارێ مللەتێ کورد تێرا چووی نەوەکو بارێ چ مللەتانە . دیسان ئەڤ فولکلورە دوەڕباندن و فەهاندنا خودا گەلە ڕەنگا وەردگریت وەکو (استعارە - کنایە - تشبیە) ئو سویچا ڤێ چەندێ ژی ڕزڤریتە دوو سەروکانیێن سەرەکی :

١ - بوجانی و خشکوکیا فەهاندنا تورەو ئەدەبی .
٢ - ترس و بارێ نەخوشیێ مللەتێ کورد تێرا چووی .

ڤان هەردوو سویچا یا سەپاندی کو تورێ مللەتێ مە ئەڤ چەندە تێدا هەبیت .

- بو نمونە دێ ڤێ پارچا فولکلوری رایێخین و فەکولین :

● **هەوارە سەد هەوار(١)**
کێتکێ شین بابێ مە خار
ئەم هێلاینە بەندەوار

● ● ●

ئەم یێت بەندەوار کرین
سەرکۆڵو پێخاس کرین
ئەم بو حالێ خۆ دگرین

● ● ●

پرسا خو ببەینە کیرێ
پرسا خو بەینە - زێدکێ -
بابێ مە خاری کێتکێ

● ● ●

ئەو کێتکێ هندی کەری
خو هاڤێتە پشت جەڕی

● ● ●

جەڕێ لدەرێ دۆشاڤێ
یێ تێدا ئۆشتێ خاڤێ

● ● ●

گوشتێ خاڤێ نەکەلی
نە هێلا بکەینە قەلی

بروانە ل : ٧

بەرسڤا « هاوکاری »

برادەر نڤیسینا تە (بەختێ من) گەلەکا تێك ئالوزیای بوو .

باوەربکە چەندی مە کر مە نەزانی راماناو تە چیە ! چونکی چیرۆك بوو چیرۆك نەبوو .. هزربوو هزر نەبوو .. سەرهاتیبوو سەرهاتی نەبوو . ئەم هیڤیدکەین هەکە لنك تە مابیت سەروژنوی ڤێدابچیەخارو بکەیە تشتەك ژ ئەوێت مە گوتین و هەکە تو نیشا چەند هەڤالەکێت خۆ بدەی و هویێن پێکڤە لبێژینگێ بکەن چێدبیت تشتەکێ باش ژێ دەرکەڤیت ، هەلبەت ج شەرم ژی تێدا نینە مرۆڤ شیرەتا ژ هەڤالێت خو وەرگریت وەسا ژی تێنەگەهە کو ئەم نڤیسینێت تە دهاڤێژین یان ددڕینین ، نەخیر نڤیسینێت هەمی خوێندەڤاتێت مە لنك مە دهەلگرتینەو نڤیسینا باش مە بڤێت و مە تەڤێت هەر دێ هێتە بەلاڤکرن .

هەر وەسا ئەوا تە لسەر عیسێ دەلا نڤیسی ئەم تەشیاین بەلاڤکەین چونکی هندیکە فولکلۆرە دڤێت سەروکانێت وەرگرتنا وێ دیارکەین ڤێجا تە نەگوتیە تە ژکێ و کەنگی وژکیرێ وەرگرتیە ، هیڤیدارین ژنهو پاشڤە ڤان ناڤونیشانو رانیاریا ژی بۆ مە دگەل پارچێت فولکلۆری‌دا بنڤیسی دابشیێن بەلاڤکەین ئو سوپاس .

● **بۆ برادەر (مەسعود حسین بوتانی)**

برادەر هوزانا تە (مزگینی) یا جوان‌بوو بەلێ مخابن کێشا وێ یا لەنگ‌بوو .. هەلبەت بخۆڤەڕا هوزانەکا سەربەستە تە نڤیسیی بەلێ هوزانا سەربەستە ژی کێشا خۆیا هەی .. لەوا هیڤیا مە ئەوە سەروژنوی تو ڤێدابچیەخارو مخابنە ، هەکە تو شیرەتا هندەك هەڤالێت خۆیێت هۆزانزان وەرگری چ شەرم تێدانینەو باشترەژی . ئەم یێ لهیڤیا نڤیسینێت تە یێت باشترو سوپاس .

● **بۆ براوەر (سعد یونس اتروشی)**

نافەڕۆکا هۆزانا تە یا جانبوو ، بەلێ مخابن کێشو سەروایێت وێ ددروستنەبوون نەخاسمە شعرەکا کلاسیکی‌یە دڤێت ئەڤ دووەنە دجێ‌خودابان .. هیڤیا مە ئەوە ترازویا وێ راستکەی‌و بۆ مە ڤرێکەیەڤە ..

● **بۆ برادەر (عصمت ایوب التوفی)**

هۆزانا تە (تا کە نگی دێ من هیتلی) بکێر بەلاڤکرنێ نەهات چونکی لەنگی‌یەکا دکێشو سەروا وێدا هەی ، بەلێ هۆزانا (چاڤێت پڕ غەمگین) یا باشترە هەرچەندە وێژی لەنگی‌یا دهندەك ڕێزکێت وێدا هەی‌و پێدڤی ڤێدا چوونەکا کێمە ، بەلێ ناڤەڕۆکا وێ یا جانە ، لەوا دێ ڤان چەند ڕێزکا بۆ تە ژێ بەلاڤەکەین هیڤیا مە ئەوە دەستەکی تێبگێرێ :

١ - « ژڤانێ دەرگەهێ هیڤیامە ڕێڤینگێ بێ جرامە

بروانە ل : ٧

هەیارەکێ هەی

● پاکیزا دەرویش ●

ئەرێ گەلۆ
هین دزانن من یارەکێ هەی
لڤی واری
ڕێڤنگەکە لشەڤا تاری
یێ بتنێ‌یەو
رێکا وی سەختو پەسارە
لێ یارێ من پڕ باوەرە
هەرێ لکارە
دێ بێژی جوك و رویبارە
بۆ پێشیێ یێ دبەزیتن
کەس نەشێت رێ لێ بگریتن
هەر دێ بهیڤیا راگەهیتن
هەر دێ بهیڤیا راگەهیتن

● ● ●

گەلۆ یارێ من ئاسمانە
بەفرو بارانا وی خوینە
گەلۆ یارێ من چیایە
کەفرو بەرێت وی هیڤینە
گەلۆ یارێ من ئاگرە
لزڤستانا
کەنی‌یە .. لسینگێ کوڤانا
روناهی‌یە .. لتاریستانا
هەستو رابۆنە لکەتنا
ژین و فەژینە لمرنا
لەو ئەزا بهیڤیمە تێزیك
لاوێ من دێ بیتە زافاو
ئەژی بۆ وی دێ بمە بویك

خەو و نیشان

عبدالعزیز احمد

شرینا من ... !
خەون نینە کو تە بیینم
قەد درێر نینە تە بخەملینم
بیتە دیلان و کەیف و خوشی
ئاوازو سترانا لتە بجەمینم

● ● ●

هەوارا من .. !
دەمێ من تو ڤیایی
دەمێ من تو دانای سەمیان
نەب‌گوتنو قەسەلوکێت بەکروکابی
ئەڤینا مە یا زەلال‌بی ژهەمی زێلیا
ئو بەشکە خوناڤ‌بی
لدەمێ سبەهییا
ژ ئەڤینا مەمو زینا
موکومتربی
ژ دل‌پاکییا فەرهادو شرینا
وهیژ پتربی

دل‌بەرا من ...!
نە ئەوە هوزانڤانم و
من تو ڤیای
نە ئەوە دافیێت شەڤێ
لبن سیناهییا هەیڤێ
درێسم و من تو ڤیای
نەە ... نەە

● ● ●

ئەڤینا تەخوینا دلێ من بی
ئەڤینا تە گرنژین‌بی
پێ کەنین‌بی
لنهو پێڤە شرینا من ..
خەون نینە کو تە بینم
قەد دوير نینە تە بخەملینم ..
تە بخەملینم

Institut Kurde de Paris

بەسەرکردایەتی سەرۆك البکر (پاشماوە)

هەروەها هەندێ لە هاوڕێیان ئەندامانی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستو ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو وەزیران و بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوی عەرەبی پەروەردەو ڕۆشنبیریو زانیاریو ئەندامانی سلکی دیبلۆماسی عەرەبیو بێگانە لە بەغدا ئامادەی ئاهەنگەکەبوون .

ئاهەنگە بە خوێپشاندانێك دەستی پێکرد کە ئالای ولاتە عەرەبەکانو دوو وێنەی بەرێز سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکرو هاوڕێی تێکۆشەر صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو تیپی مۆسیقای پۆلیس لە پێشەوەی بوون . پاش ئەوان تیپەکانی نوەجوانانی یەکێتی گشتی لاوانی عراق کە ئالای هەرەوزەکەیان هەلگرتبوو .

لە خوێنشاندانەکەدا ، ژمارەیەکی قوتابیانی کوڕو کچی زانکۆکانی ولاتیش بەشداریان کرد .

هەروەها فرۆکەکانی هێزی ئاسمانی عیراقیش لەم ئاهەنگەدا بەشداریان کردو لە ئاسمانەوە کیسە چکلێتو دروشمەکانی هەرەوەزەکەیان فڕێ دەدایە خوارەوە .

قوتابیانی یەکێتی نیشتیمانی قوتابیانی عراقیش بەم بۆنەبەوە هەندێ لەوحەی وەرزشی جوانیان پێشکەش کرد .

بەڕێز محمد محجوب ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری پەروەردە سەرۆکی ئەنجومەنی بەرزی هەرەوەزی لەناوبردنی نەخوێندەواری ، پەیامەکەی بەرێز سەرۆکی خوێندەوە کە ئاراستەی جەماوەری گەلی کرد بە بۆنەی دەستکردن بە بەجێ هێنانی یاساکەوە (دەقی پەیامەکە لە لاپەڕە ١ ـی ئەم ڕۆژنامەیەدا بلاوکراوەتەوە) .

پاش ئەو، هاوڕێ عبدالفتاح محمدامین ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستوتاری سەرکردایەتی قوتری حزبی بەم بۆنەبەوە خوێندەوە .

ئینجا هاوڕێ هاشم حسن ئەندامی لیژنەی بەرزی بەرەی نیشتیمانیو نەتەوەیی پێشکەوتنخواز وتاری بەرەی خوێندەوە .

ئینجا بەرێز منال یونس سەرۆکی مەکتەبی راپەڕاندنی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عراق وتارێکی بەناوی ڕێکخراوە جەماوەریو پیشەیی یەکانەوە خوێندەوە پاش ئەو ، دکتور مسارع حسن سەرۆکی دەزگای عەرەبی بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواریو فێرکردنی گەورەی سەر بە ڕێکخراوی عەرەبی پەروەردەو ڕۆشنبیریو زانیاری وتاری دەزگاکەی خوێندەوە .

ئینجا دوکتۆر عبداللە عبدالدائم نوێنەری یۆنیسکۆ بۆ کاروباری پەروەدەو ڕۆشنبیریو زانیاری وتاری ڕێکخراوەکەی خوێندەوە .

صدام حسین « پاشماوە »

هەروەها بەڕێز دکتور سعدون حمادی وەزیری دەرەوەش لەگەل بەڕێز کندوز ئۆکجینی وەزیری دەرەوەی تورکیادا کۆبۆوەو لە کۆبوونەوەکەدا باسی ئەو مەسەلە دەولەتیانەی کە بەلای هەردوو ولاتەوە گرنگو پەیوەندیی دووقۆلی یەکانی نێوان هەردوو ولاتو ڕێبازی پەرەسەندنیانی تێدا کران .

هەروەهابەڕێز صدام حسین جێگری سەرەك ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش پێرۆز ئێوارە لە کۆشکی ئاشتی خوانێکی گەورەی نان خواردنی بۆ سەرەك وەزیرانی تورکیا بەڕێز بولند ئەجیئید گێڕاو بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو وەزیرەکانو سەرەك ئەرکانی گشتیی هێزە چەکدارەکانو بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسو ئەندامە باوەڕپێکراوەکانی سیلکی دیپلۆماسی لە بەغداو ژمارەیەك لە کاربەدە ستە گەورەکان لە خوانەکەدا ئامادەبوون .

ئا ٠ د ٠ ع

باری ئێران « پاشماوە »

پێشوو . بەلام هەندێ سەرچاوە ئەمە بەدوور دەزانن و بەتایبەتی کە هەندێ ناوی تر سەریان هەلداوەو لەوانە عبداللە انتظام کە (١٥) ساڵ سەرۆکی کۆمپانیای نەوتی ئێران بووە . هەروەها لەم ڕووەوە ڕۆژنامەی ئەهەنگ ڕای گەیاند کە سەبارەت بەپێکهێنانی وەزارەتێکی نوێ لەئێراندا ، چاوپێك کەوتن نێوان سەرۆکی حزبو دەستە نیشتمانی یەکان لەگەرمی دابە ئەوەی شایانی باسە لەکاتی مانگرتنەکەی بارزگانە کانی بازاڕی تاراندا زۆربەی خاوەن کۆگاو بازارە بازرگانی یەکانی تری تاران کۆگانی خۆیان داخستو پشتگیریی مانگرتنەکەبان گرت .

داستانی ژیانم (پاشماوە)

بێ ئەوەی ورتەم لێوەبێ ، بامدایەوەو بە پێپلیکانەکاندا هاتمە خوارەوەو لەماڵ دەرچووم . ئەوەندە دەربەستی مەسەلەکە نەبووم ، چونکە لەدڵی خۆمدا وتم ئیتر ئەمە بۆمن نانی تێدا نەماوەو دەبێ بیر لە دەروویەکیتر بکەمەوە . بیستبووم کە باوکم سەرپەرشتکەری مەیخانەی « کوینز هێد »ی سەرشەقامی « پرینسز ڕۆد »ە کە نزیکەی نیو میل لە ماڵەوە دووربوو . یەکسەر بۆ ئەوێ پێم پێوەنا ، بەلام هێشتا گەلێکم مابوو بگەمە مەنزل ، دیم واخۆی خەریکە هێواش هێواش بەرەو ڕووم دێ . کە لێم نزیك بوەوە ، سەیرێکی کردم وەکو بیەوێ بڵێ ئەوە بۆکوێ دەچی ، منیش بێ ئەوەی بهێڵم ئەو بێتە پرسیار بە کۆیەکەوە وتم : « ناهێڵێ بچمە ژوورەوە ، ئەوەندەی خواردۆتەوە بەلەسەبووە » . پێکەوە بەرەو ماڵ گەڕاینەوە . لەڕێگا باوکم ڕەتێکی توندی بردو لەبەر خۆیەوە وتی « ڕەنگە من گەلێ لەسەرخۆم بم ، من لەو سەرخۆشترم » .

دەرگای ژووری دانیشتنەکەی کردەوەو بێدەنگ لەسەر قەنەفەیەك دانیشتو بە تورەیی یەوە چاوی بڕیە لویس . ئەمیش لە تەنیشت ئاگردانەکەوە ڕاوەستابوو ، دەستی بە ڕەفەکەیەوە گرتبوو چونکە خۆی بۆ ڕاگیرنەدەکرا .

ـ بۆچی ئەت هێشتوە ئەم منداڵە بێتە ژوورەوە ؟

بە تەوسێکەوە ، سەیرێکی کردو ئینجا وتی : حەز دەکەی تۆش بڕۆ ملت بشکێنە . هەموو تان ملتان بشکێنن .

ماوێتی

چیرۆکی منداڵان (پاشماوە)

ـ ئەوچی یە ؟ . چیت لێقەوماوە ؟ منداڵەکانت چۆن ؟

لەگەڵەگ نەقڵی مام ڕێوی بۆ گێڕاوەو گوتی :

ڕێوی هەراسانی پێهەلگر تووم . دوو جار هاتوە دەلێ ئەوە داری خۆمەو دەیبڕمەوە . تا ئێستا دوو چووجکەم داوەتێ کە دەستم لێ هەلگرێ .

ـ لینگ درێژی گەمر ، بۆ هێنده نەفامی . چۆن ڕێوی دەتوانێ ئەمدارە زلە ببڕێ .

ئەگەر ئەوجارەات بلێ ، بێ منەتبی ، چیت پێدەکرێ بیکە .

پاش چەند ڕۆژان ، سەر لە نوێ سەرو کەللەی مام ڕێوی وەدەرکەوت . لەبن دارەکە دانیشتو گوتی :

مل درێژ بۆچی وا خۆت ماتکردوە . هەرئێستا دارەکە دەبڕم .

لەگەڵەگ جوابی نەداوە . ڕێوی تووڕە بوو بانگی کرد :

ـ لەگەڵ تۆمە ، بۆ خۆت کەڕکردوە ؟ دارەکە دەبڕم ها ! .

ـ بێمنەتبێ ، هەرچی لەدەستت دێ نەخسیری مەکە .

ڕێوی لە داخان ژانی کرد ، دەهاتو دەچوو ، بەلام هیچی لەدەست نەدەهات .

ژانی ، ئەوە کاری قشقەلەیەو فێری ئەوقسانەی کردوە . چوە بن ئەو دارە کە قشقەلە هێلانەی لەسەر کردبوو . لەبن دارەکە درێژبوو ، خۆی مراند . قشقەلە هاتەوە ، دیتی ڕێوی لەوێ کەوتوەو هەستی نایەو نابزوێ . بۆی هاتە خوارێو بە دەنووك جەخزێکی بەدەورەدا کێشاو هەلفڕی . گوتی تا بەیانی با وابێ . ڕێوی زۆر بە فێلە لەوانەیە بە قەستی خۆی مراندبێ لێی دەگەڕێم ، ئەگەر بەراستی مردبێ ئەوە تا بەیانی لەمجەخزە ناچێتە دەر .

مام ڕێوی شەوێ هەستا چوو لە نێو لێرەوار خوولایەوەو بەیانی هاتەوە لە نێو جەخزەکەدا درێژ بۆوەو خۆی مراند .

قشقەلە هاتە خوارێ ، دیتی جەخزەکە نەکۆژاوەتەوەو ڕێوی هەر وا لەوێ درێژ بووە . گوتی : خواگەیاندی . لێی چوە پێشێو چەند دەنووکی بە کەلەکەیەو پشتیدادا ، دیتی نابزوێ . ئەوجار چوە سەرسنگی کە چاوەکانی دەربێنێو بیخوا .

ڕێوی لە پەر زاری لێك کردەوەو قەپالی بێدا کردو گوتی :

ـ فێلەزان ، تۆ لەگ لەگت فێرکرد کە جوابم نەداتەوە . ئێستا دەتخۆمو لە چنگم ڕزگار نابی . قشقەلەی بردو چوو لەبن دەوەنێك دانیشت کە بیخوا .

قشقەلە تەماشای کرد پیس پێوە بوەو تازە زەحمەتە ڕزگار بێ .

فیکرێکی کردەوەو گوتی :

ـ مام ڕێوی دەزانم دەمخۆی . قەی ناکا ، دیارە خوا بەرزقی تۆی کردووم . تکایەکم هەیە ئەویش ئەوەیە کە بەر لەوەی بمخۆی ، ئەو گۆرانیەم بۆ بڵێو پاشان بمخۆ ، نۆشی گیانت بێ .

ـ گۆرانی چی ؟

ـ ئەوگورانیەکە دەڵێ :

« هەتیوی بێدایکو باب ، بێکەسو کار مال خەراب
ڕێوی دەتخوا بە چەوری ، هیچ کەست نیە بۆت بگری »

ڕێوی گوتی باشە .

دەمی لێك کردەوە کە گۆرانی بڵێ ، قشقەلە دەربەڕیو مام ڕێوی هیچی پێ نەبڕا .

بەرسفا هاوکاری (پاشماوە)

تێنیێ روندکێت چاقەمە »
٢ ـ «قەلەمێ من یێ دنقیسیت
یێ دبێژیتو قەدگێریت
نەقەچینەو نەقەژینە
دابڕێژەو بنەخشینە »

● **بۆ برادەر قەژین ئامێدی**

وەیا دیارە کو هەکە تو پتر هۆزانان بخوینیو بێهنا خۆ پچەك فرەهکەی دێ نقیسینا تە باشتر لێهێت ، هەلبەت ئەف هۆزانا تە بۆ مە هنارتی هندەك کێماسی تێدا هەبوون نەخاسمە ژلایێ کێشو سەروایێفە ، لەوا ئەم نەشیاین بەلافکەین ، ئەم هیفیدکەین تو لمە لەگری .

● **بۆ برادەر (برینداد دوسکی)**

برادەر ... هۆزانا تە

گەلەکا درێژبوو ، لە وەرە هەکە تە هزروبیرێت خۆ بکورتی تە بخۆ ژی بساناهی تربوو .. پیچەکا لەنگیێ یا دکێشا هۆزانا تەدا ، ئەم دێ ڤێ جارێ چەند ڕێزکەکان بۆ تە دەرێخستبانداباشتربیت بۆ بەلافکەین ، هیفیا مە ئەوە جارەکادی ئەقدا بچیەخارێو سەروژنوی دارێژیەفەو بۆ مە فڕێکەیەفە

دەما کەنیو گرنژین
شەنگە لێف ژێك فەکرین
ژبو وان لێفێت سورکرین
دلێت ئەقیندار بژکورین

● **بۆ برادەر (زیاد نەقیب بەروارى)**

هۆزانا تە (حوریا بەحەشتێ) مە بەلافەکر دا تۆ دویماهیێ گازندێ ژمە نەکەی . ژ هۆزانا (نامەیەك بۆ یارێ) بەس ئەم دشێین ڤان ڕێزکان بەلافکەین ، دیارە ڕێزکێت دی پێدڤیە تۆ ڤێدابچیەفە :

لبەر خەوا ...
ئەو بەژنو بالا ..
لبەر چاڤێت من

بون ئالا ...

دیسا ژ هۆزانا (بزفرەفە ـ بزفرەفە)

ئەف ڕێزکە بتنێ پێت بەلافکرنێنە ، پێت دی سەروژنوی دارێژەفە چێترە :

دەلالا من ...
دلێ ژەنگی ژ کولا ..
روندك تژیبون لدولا
ئەز هارو دینبوم لچولا
بزفرەفە .. بزەفرەفە

● **بۆ برادەر (سلمان دۆسکی)**

هەردوو هۆزانێت تە هنارتین (ئەئفین)و (سوپاس)دباشن و دیارە تە دەستەکێ ژێهاتی یێ دداناناهۆزانانداهەی ، بەلێ مخابن ئەو دوو بابەتێتە هەلبژارتین گەلەك دسەرکەفتی نەبوون ، خوزی تە ئان هەستو نەستێت خۆ وەکو ڕەخنەو هەلسەنگاندنێ نقیسیبان نەکو بهۆزان ، ئان ژی ئەف هۆزانێت خۆ بێت جان بۆ رامانەکا دی بکارئینابان .

● **بۆ برادەر (مەسعود حسین بۆتانی)**

هۆزانا تە یا جانبو بەلێ کێشا وێ با لەنگبو .

دلێ مە نەگرت دڤی گۆشەیدا بۆ تە بەلافکەین چونکی مە گۆت مخابنەو هەکە تو پیچەکا دی ڤێدابچیە خارو کێشا وێ راستکەی دێ گەلەك جوانی بیت .

● **بۆ برادەر (سالم جاسم حاجی)**

سوپاسی پرسە

خێزانی خوا لێخوش بوو (صدیق محمد امین)سوپاسی بەشدارانی ماتەمینیەکەیان دەکەن چ بەئامادەبوونیان بۆ ناشتنو فاتحە یان ماندوو بوونی هاتنیان بۆ ڕواندوز خستە بەر یان بە بروسکەو هەست دەبڕین بەشداریان کردین . هیواداریں هیچ ناخۆشیکیان نەبەتەڕێگا .

خێزانی خەیلانی
لەرواندوز

نوری سەعید عومەر . عثمان محمد امین

ـ لەناوبردنی نەخوێندەواری هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانەیە بۆ بنیاتنانی مرۆڤی نوێ .

پارچەکا دویروکێ (پاشماوە)

● ● ●

مەلا دبێتە کوڕێ خۆ
دەست پاقێ تقەنگا خۆ
هەرە تۆلا خالێ خۆ

● ● ●

مەلا یێ دبێتە خانێ
هەرە دەرێ شەش خانێ
کێتك هاتە کۆلانێ
خارو ماستێ دقازانێ

● ● ●

مشکەکێ لدەرێ کونێ
سوینڈ خاری بتەلاقێت ژنێ
ناچمە ـ شۆشێو شەرمنێ
بەهەشتەکا لبسن دنێ

● ● ●

چوەمە شکەفتەکا تاری
بەرخەکێ تێقە دنالی
سەرێ بەرخی ژێ کری
بو میرێ شاهی بری

● ● ●

میرێ شاهی عەسکەرە
شێستو شەشسویار دگەلە
هەمی کۆرەو کەچەلە

● ● ●

● هەرچەندە پێدڤی هندێ نینە کو مروف ڤێ پارچا هویا رند ڤەکۆلیت ، چنکو ئەوبخو یادیارو بەلییە ، لێ هندە تاری ژی تێدا هەیە ، ژبەر هندێ ئەز دبێم کو ئەف شەرە لسەر کەلا شۆشێو شەرمنێ بوویەو خوجهێن وێ یا ڤیای هەوارا خو ببنە زێدکێ دابهێن داگیرکەرا پاشدابەن ، بێخش ژی ئەف داگیرکەرەنە بیانی بوونە ، ئانکو شەڕێ خوخویەتیێ نە بویە ، دیسان ئەوی ئەف پارچە ڤەهاندی نە وێریایە ڕاستوڕاست ژوان خەبەربدەت لەواژی گۆتیە ، یێ کو نەوێریای بچیتە شەڕی ئێلێ یان سویارێ وی ـ شەڕ کەری ـ یێ گرتیو سەرێ وی

کو وان داگیرکەرا ئەف ئێلە ، یا تالانکریو سەروکێ ڤێ ئێلێ یان سویارێ وتی ـ شەڕکەری ـ یێ گرتیو سەرێ وی یێ ژێکری . لێ ئەف شەرە کەنگی بویە ئەم نزانین ، هەر هند ئەم دزانین کو کەلا شۆشێ گەلەکا دێرینەو گەلە جاران با هاتیە داگیرکرنو تالانکرن.

(١) ئەف پارچا فولکلوری لگوندێ ـ بامەرنێ ـ گەلە مشەیەو بو بچویکان دهێتە گوتن .

شخارتە (پاشماوە)

تابزانی چێ لەدڵی باوکایە .

+ باشە هیچی زانی .

ـ نازانم

ئەمجارەش شخارتەکەی هەڵ گرتەوەو ویستی فڕی بدا ... دەستیم گرتو پیم وت :ـ

+ بەچ نیازێ فڕێی ئەدەی؟!.

ـ بزانم منت خۆش ئەوێ یان نا ؟! .

+ گەر لەسەر شەمان ڕانەوەستا ؟! .

ـ واتە ....

وتەکەم پێبڕی .. پیم وت :ـ

+ ئەمەوێ وەك تێگەیشتوەیەك لەنهینی ووشەدا خۆت بدۆزیتەوە . لەدەروونما هەست بەشت بکەی. بڕوا دروستکەری مەبەستت بێت .

چاوەکانی بر یەوە سەر میزەکە . هەستی بە برینێکی کۆنی ڕابردوو ئەکرد. لەپر سەری هەڵ بڕی ویستی شتی بڵی .. بەلام نەیوت .

ئەمجا لە سەر خۆشخارتەکەی داناو وتی :ـ

ـ توبڕوات بەمە نیە .

+ نەك بڕوام پێنیە ... بگرە قینیشم لێ دەبیتەوە . چونکە ژیانیك بناغەکەی جووڵانەوەی . بێهەستی دەستنیشانی کا ئەو ژیانە خۆی لەخۆیدا بێگیانەو هەست بەهیچ شتێ ناکا .

ـ کەواتە ....؟!.

+ کەواتە پیویست وایە ژیان لەسەر بناغەیەکی ڕاستەقینەی پڕ بە بڕوا دامەزرینی هەست بەمن بکەیت .... بڕوا بە خۆشەویستیم بکەیت ... لە ناخما خۆت بچێنەو درەوی وشەی بیرم بکە .

ڕەنگی سوور هەڵگەڕابو . بەهێواشییەکەوە سەری بەرزکردەوەو وتی :ـ

ـ وتەکانت لە وتەی پێز کراوی ناو پەڕاوە زلەکان ئەچێ . بەلام تیایانا هەست بەڕاستیو دڵسوزی ئەکەم.. هەست ئەکەم ناترسم . کە دەست ئەخەمە ناو دەستتەوە گیانم نالەرزێ..،

پێش ئەوەی وەلامی بدەمەوە وتی :ـ

ـ ئەزانم ... ئەمە مانای دووزینەوەی خۆشەویستی ڕاستەقینەی ژیانە ،.

لەو ڕۆژەوە ژیانی ڕاستیو تاقی کردنەوەکانی شوێنی شخارتەی بێگیانی گرتەوە وبڕوای تەواوی لەسەر خویو تیکوشانی بوو .

عمر محمد صالح

لەسلێمانی (پاسماوە)

سلێمانی لە لایەن کاك مهدی غفور شریفەوە خوێنرایەوە کەتێیدا وتی شۆڕشەکەمان هەمیشە بەردەوامەو بەردەوام دەبێو بەهەمو توانایەکیەوە بۆ بەخشینی چەندەها دەسکەوتی مەزن بۆ جەماوەرانی گەلەکەمان ئەم دەسکەوتەشمان دەسکەوتی لەناوبردنی نەخوێندەواری لەناوبەریە ئەوەی شایانی ئەتوانین دوا داری دەستی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستان باسە کۆتایی ئاهەنگەکەش بە بروسکەیەك بۆ سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکرو هاوڕێ صدام حسین جێگری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش خوێنرایەوەو تیایدا بەناوی جەماوەرانی پارێزگای سلێمانیەوە پەیمانو بەڵێنی بەردەوام بونو بەرەپێشەوە چونیان لەژێر سایەی پارتو شۆڕشی ١٧ی تەمموزدا نوێ کردەوە .

پ . هاوکاری لە سلێمانی

سەرۆکی فەرمانده ((پاشماوە))

گومان لەوەدا نیە کە ئەرکێکی گەورە چاوەڕێی دەزگاکانی پەروەردەو خوێندن دەکا بۆ هاوبەشی کردن لە کرداری بنیاتنانو نەخشەکانی پەرەپێدانی نەتەوەیی ، ئەمەش لە ڕێگای ئامادەکردنی نەوەی پشمڕۆو دوارۆژی پابەندبوو بە فکری شۆڕشو ئامانجەکانیەوە کە لە ڕووی زانیاریو شارەزاییەوە دەستبدا بۆ لە ئەستۆگرتنی ئۆپاڵە نیشتمانیو نەتەوەیی یەکان .

ئەی هاوولاتیان :

کرداری لەناوبردنی نەخوێندەواری کارێکی شارستانیو تێکۆشانی گەورەیە ، لە بەر ئەوە ڕووتێکردنێکی ڕاستەقینەتان لەم بوارەدا شێوازێکی ڕابەریو شێوەیەکی پێشکەوتووی شۆڕشگێڕانە دەنوێنێ کە ئەرکەکانی کاری تێکۆشان دەیخوازن . بەوەی کە ئەم وڵاتە خەباتکەرە وێنەو مەودایەکی تۆی جەماوەریەتیو میللیەتی کاری پەروەردەییو خوێندن بە خۆیەوە دەبینێ کە ڕێکخراوە گەلیو پیشەییەکان لە چوارچێوەیدا هاوبەشی دەکەنو حزبە مەزنەکەشتان ڕابەریەتی دەکەنو وزەی هەموو جەماوەری کەل لە شارو دێو لادێ لە مەیدانە جیاجیاکانیدا دەخرێتە کارو جەماوەر فێردەکاو لە جەماوەریشەوە فێردەبێو بە دڵسۆزیو تەقەلاو بەخشەوە تێکەڵ بە جەماوەر دەبێ کە پێوە نووسانی بنکەی بە هۆشی میللی بەوسەرکردایەتیە دەچەسپێنێ کە باوەڕی بەم گەلە هەیەو تاقیکردنەوەیەکی هاوچەرخی ڕابەرانە دروست دەکا کە لەسەر زەمینەی نیشتمانی عەرەبیو جیهاندا بە یەکێك لە نموونە پێشکەوتووە شۆڕشگێڕیەکان دەژمێرێ . ئەی ڕۆڵە مەزنەکانی گەلەکەمان :

ئێوە هەمیشە لە جەنگەکانی قوربانیدانو بنیاتنانو کارو فیداکاریدا لە ڕادەی ئۆبالی مێژوییدا بوونو شوێن بڕوای شۆڕشو سەرکردایەتیەکەی بوونو ئیلهام لەبیرو باوەڕو بەهاکانیان وەردەگرنو بە وزەو بەردەوامیەوە کاردەکەنو نموونەی گەشو پیرۆز پێشکەش دەکەن . من بڕوایەکی تەواوم هەیە کە ئەو تاقیکردنەوە دروستکەرەی ئێوە تێیدا دەجەنگن ئەو بنکە پتەوو بەتینو ئەو یارمەتیدەرە لە ئێوەدا بەدی دەکا کە بەخشش لەبن نایەو لە ڕەسەنیەتیو وەری ئێوەوە ئەوە دەبینێ کە سەرکەوتنی زامن دەکا .

من لەو ساتە پیرۆزانەی مێژوودا کە ئێمە تاقیکردنەوەیەکی ڕابەرانەی تێکۆشان بنیات دەنێین ، داوا لە هەمووتان دەکەم بەرێکخراوە گەلیو پیشەییەکانو بەجەماوەرو دەزگاو هێزی چەکدارو مامۆستاو قوتابیانەوە کە وزەو توانای بخەنە جەنگی ڕزگاربوون لە نەزانینو دواکەوتوویی ، هەروەها داوا لە جەماوەری گەلەکەمان دەکەم لەوانە کە دەرفەتی فێربوونیان لە دەستچووە ، بەگورجی بەرەو خۆنووسینلە مەلبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە شارو دێو لادێدا بکشێن بۆ ئەوەی لە سەرچاوەکانی زانیاریو زانستی نۆش کەنو خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئەوەی ببنە هاونیشتمانانی ئیشکەرو توانایان بەسەر هاوبەشی کردنێکی چالاکانەی جەنگی بنیاتنانو پەرەسەندن بشکێو بزوتنەوەی مێژوویی شۆڕشی پێشکەوتوو بە وزەو توانایەکی نوێوە بەرەو پێشەوە بەرن .

● **بەجێهێشتنی شێوازە کۆنینەکان**

ئەی بەعسییەکان .. ئەی تێکۆشەران :

حزبە مەزنەکەتان کە سەرکردایەتی ئەم هەرەوەزە سەرکەوتووە مێژوویی یە دەکا ، ئامانجی ئەوەیە کە شێوازە کۆنینەکانی کرداری نەهێشتنی نەخوێندەواری بەرەو کرداری ئامادەکردنی مرۆڤ لەسەر ڕادەیەکی بە هۆشمەندو شارەزاو بەرپرسیارانە جێبهێڵێ ، ئەمەش کردارێکی کۆنینەی فێربوونی بنەڕەتەکانی خوێندنەوەو نووسین نیە ، بەڵکو کردارێکی شۆڕشگێڕانەیەو بەهۆش کردنی مرۆڤو بنیاتنانی بنیاتنانێکی نوێی بە پێی بیروباوەڕەکانی حزب دەگرێتەوە .

گومان لەوەدا نیە کە سەرکەوتنی ئەم بیروڕا سەرتاپاگیریەی ئەم تاقیکردنەوە ڕابەریە شارستانیەتیە لە بناغەوە پشت بە وزەو سووربوونو بە وەفاییتان بۆ بیروباوەڕەکانتانو ئامانجەکانتان دەبەستێو من بڕوایەکی یەکجارەگیم هەیە ئێوە لە ڕووی فیکرو ڕەفتارەوە لە ڕادەی ئۆبالەکەدا دەبنو دەڕژێنە ناو جەنگی بنیاتنانو ئەو نەریتە بەرزانەی بڕواتان پێیان هێناوەو ڕاستگۆ دەبنو بە قوربانیو تەقەلاو بەخشش و وەریەکی چەسپیوو بڕوایەکی قوولەوە بە سەرکەوتن بەدەستهێنان لەم جەنگە پیرۆزەدا پێش ڕیزەکان دەکەونو هیواشمان بەهێزە کە ئێوە دەبنە سەرکردە . لە هەمووو مەیدانەکاندا ، هەروەك متمانەمان پێتانە وەك پیاوی ڕاستگۆو بەوەفا بۆ بیروباوەڕو ئامانجە مەزنەکانی شۆڕشە سەرکەوتووەکەتان .

ئەی بەعسییەکان ، لە هەرشوێنێکی ئەم وڵاتە تێکۆشەردان ، کار کردنتان لە مەیدانی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا بە ئەرکێکی ڕۆژانەی تێکۆشان دادەنرێو ئەمەش ئۆبالێکی بەرزو کارکردنێکی بەردەوامو بەسەرکردنەوەیەکی بەردەوام لەماوەی هێزی چەکدارو ئەرکی نیشتمانیو نەتەوەیی یەکان ، کار کردنتان لە ئەرکێکی ڕۆژانەی تێکۆشان دادەنرێو ئەمەش ئۆبالێکی بەرزو کارکردنێکی بەردەوامو بەسەرکردنەوەیەکی بەردەوام لەماوەی هێزی چەکدارو مامۆستاو قوتابیانەوە کە وزەو توانای بخەنە جەنگی ڕزگاربوون لە نەزانینو دواکەوتوویی ، هەروەها داوا لە جەماوەری گەلەکەمان دەکەم لەوانە کە دەرفەتی فێربوونیان لە دەستچووە ، بەگورجی بەرەو خۆنووسینلە مەلبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە شارو دێو لادێدا بکشێن بۆ ئەوەی لە سەرچاوەکانی زانیاریو زانستی نۆش کەنو خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئەوەی ببنە هاونیشتمانانی ئیشکەرو توانایان بەسەر هاوبەشی کردنێکی چالاکانەی جەنگی بنیاتنانو پەرەسەندن بشکێو بزوتنەوەی مێژوویی شۆڕشی پێشکەوتوو بە وزەو توانایەکی نوێوە بەرەو پێشەوە بەرن .

یەکەم پێشانگەی (پاشماوە)

پیشاندەدا وەك تابلۆی ژمارە «١٣ » کە بەناوی (ئازار) ەوە پیشاندرابوو کاك فائق دەربارەی ئەم تابلۆیە پێی وتین ئەم دیمەنەم لە دەرەوەی وولات دیوەو حەزم کرد بەبێ دەست کاری کردن پیشانی بدەم کە ئەویش بریتیە لە ئازارو ئەشکەنجەی مرۆڤێکی رۆژ ئاوایی .

پاشان کاك فائق دەربارەی پێك هاتنی پێشانگەو بەر هەمەکانی پێ وتین بریتین لە : (١) هەلکۆلینی دەرکەوتوو [ریلیف] کە دەتوانرێت بە شێوەیەکی فراوان مەوزوعێکی تیا باس بکرێت . (٢)هەلکۆلینی خر کەماوەی باس کردن تیایدا تەسك تر دەبێت .

پ . هاوکاری لە سلێمانی

Kurde de Paris
Institut Kurde de Paris

میهرەجانیکی هونەری و رۆشنبیری لە دێهاتەکانی هەلەبجە دا

● **لەم چەندانەی رابوردوودا بەرێوەبەرێتی رۆشنبیری جەماوەر لە سلیمانی کاروانێکی هونەری و رۆشنبیری بەرەو دێهاتەکانی ناوچەی هەلەبجە رێك خست بۆ پێك هێنانی میهرجانێکی هونەری و رۆشنبیری لەو دێهاتانەداو میهرەجانەکە ماوەی چوار رۆژی خایاندو دێهاتەکانی سیروان و زەمەقی و عەنەب و شانەدەری و ناحیەی خور مالی گرتەوە ٠**

رۆژی یەکەم لە دێی زەمەقی دەستی پێ کردو بەرنامەیەکی خۆشی گۆرانی و مۆسیقای تیپی میللی بەریوەبەرێتی رۆشنبیری جەماوەر لە سلیمانی پێش کەشی کراو هونەرمەند کریم خەمزەیی گۆرانی میللی تیا پێش کەش کردو جەماوەرێکی زۆر لە خەلکی ئەو دێیە ئامادەبوونو بەرێز عبدالمنعم بادی قائمقامی هەلەبجەو بەرێز محمد ئەمین پێنجوینی بەریوەبەری رۆشنبیری جەماوەر لە سلیمانی ئامادەبوون ٠

● **رۆژی دووەم لەدێی عەنەب بەرنامەیەکی تریان سازکرد** کە بریتی بوو لە خوێندنەوەی وتارو بابەتی رۆشنبیری دەربارەی نەهێشتنی نەخوێندەواری و ئەنجامەکانی گونگرەی کامپ دیفیدی خیانەتکاری و دوای ئەوە نیبی نواندنی رۆشنبیری جەماوەر لە سلیمانی چیرۆکێکی شانۆ گەریان پێش کەش کرد بە ناونیشانی بابخۆینین کە لەنوسینو ئامادەکردنی عمر علی ئەمین بوو ٠ خەلکەکە زۆر دلخۆشو شادمان بوونو بەخۆشیەوە گوێ رایەڵی چیرۆکەکە بوونو دوای ئەوە ئاهەنگێکی گۆرانی میللی پێشکەش کرا ٠

● **رۆژی سێیەمیش** هاتنە دێی سیروانو هەمان شێوە بەرنامەیەکی خۆشی تریان پێش کەش کرد کە گەڵێ لە هاوولاتیان ئامادەبوونو هەمووان لە بەرنامەکە رازی بوون ٠ هەر ئەورۆژە سەر لە ئێوارەکەی هاتنە دێی شانەدەری و بەرنامەیەکی تری میهرەجانەکەیان پێش کەش کردو وتاری رۆشنبیری تیا خوێندرایەوە کە باسی کەلەك و سودەکانی هەلمەتی نیشتمانی گشتی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری تیا کرا ٠ هەر لەم رووەوە داوایان کرد لە هاوولاتیان کە بەو پەری دلسۆزیەوە هاوکاری بکەن لە گەڵ لێ پرسراواندا بۆ سەرکەوتنی ئەم کارە پیرۆزە ٠ هەر لەوێدا شانۆگەری خۆشو گۆرانی و مۆسیقای تریان پێش کەش کرد کە هاوولاتیان زۆر بە پەرۆشەوە هاوبەشیان ئەکردن ٠

● **رۆژی چوارەم چونە خورمالو لەویش بەرنامەیەکی رۆشنبیریان پێش کەش کرد لە گەڵ چەند گۆرانی و هەڵپەر کێیەکی میللیداو جەماوەرێکی زۆری خەلکی ئامادەبوون ٠**

● لەراستیدا هەموو هاوبەشانی ئەم میهرەجانە ئەرکێکی زۆریان کێشابوو بۆ پێك هێنانی ئەو بەرنامانەو هەموو جۆرە پێویستیەکی تایبەتیان بۆ ئامادەکردبوو تەنانەت شانۆی تایبەتیان ئامادەکردبوو ٠

هەر بەم بۆنەیەوە هاوولاتیە کمان لەو ئامادەبووانە بینیو دەربارەی بیرو رای خۆی لەم جۆرە چالاکیانە لێمان پرسیو لە وەڵامدا وتی ٠

کاکی برای ئێمە پێویستیەکی یەکجار زۆرمان هەیە بەم جۆرە میهرجانانەو کەلێکی زۆر زۆرو باشی لێ وەرئەگرین چونکە هۆیەکی سەرەکیە بۆ رۆشنبیرکردنو فێرکردنی دانیشتوانی ئەم دێهاتانە کە لەراستیدا تائێستا دوورخراون لەم جۆرە شتانەو بەرای من هۆیەکی باشە بۆ تێ گەیشتن لە هەموو بابەتەکانی ژیانی هاوچەرخ و ئێمە زۆر سوپاسی هەموو ئەولایەنانە ئەکەین کە ئەرکی دلسۆزانە ئەکێشن و دێنەلامان و بەرنامەی خۆشمان بۆ ئامادە ئەکەنو دلخۆشمان ئەکەنو ئێمە هەمیشە چاوەڕوانی دەستو هەولێ ئەوانین کە زیاتر لامان لێبکەنەوە ٠

● **دوای ئەوە بەرێز کاك فوءاد محمد ئەمین هونەرمەندو لێ پرسراوی هونەری ئەو میهرەجانە وتی ٠**

× هەر لە تێروانینی بەرێزە بەرێتیمانەوە کە ئەرکەکانی سەرشانی رۆشنبیرکردنو پێش خستنی لایەنەکانی ژیانی جەماوەرەو **بە تایبەتیش هاوو لاتیانی** دێ نشین بەو پەری لە خۆبوردنو دلسۆزیەوە هەوڵ ئەدەین کە باشترین شێوەی لەبار بدۆزینەوە بۆ نزیك بوونەوە لە هاوڵاتیانی دێ نشینو ئەشمانەوێ بە تەواوی تێکەڵاویان ببینو بۆ ئەم مەبەستەش پێك هێنانی ئەم جۆرە میهرەجانانە شتێکی زۆر لەبارو چاکەو یەکجار کەلێکی باشی تیایەو بەرەو دوارۆژێکی باشی ئەم سەردەمەیان ئەبەینو زیاتر رۆشنبیریان ئەکەین لە هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسیو گەلێ شتی تریشو ئێمەش هەوڵێکی باشمان داوە لەم میهرەجانەداو پشت بەخوا هەمیشە لەبەرگی ئیشوکاری دلسۆزانەدا ئەبین بۆ پێش خستنی ئەم گەلەمان ٠

حمە سعید حمە کریم
پ هاوکاری لە سلیمانی

- بەسەرکردایەتی حزبو بە ئیرادەی میللی نەخوێندەواری لەناوەدەبرێ ٠
- لەناوبردنی نەخوێندەواری یانی لەناوبردنی هەژاریو نەزانیو نەخۆشی ٠
- با هەموو دلسوزان بۆ لەناوبردنی مێردەزمەی نەخوێندەواری یەك بگرن ٠

ئەم کارتە باش

- شێرزاد محەمەد- لە حەفتاکەنەوە خۆی لەسەر شانۆ بینیەوەو تا ئێستا لە زۆربەی جمو جوولەکانی شانۆیی لە شاری هەولێردا بەشداری کردووە ٠٠ لە کاتی پێش کەش کردنی شانۆگەری- یەکدا لێمان پرسی ٠٠٠

● **دەربارەی سەرەتای ئارەزووی هونەریجی ئەلێی؟**

- وەکو سەرەتا لە سالانی حەفتا لە کۆمەلێك شانۆگەری خۆم پێش کەش بە جەماوەر کردو ماوەیەکی دوورە لە شانۆ خۆم دوورەپەرێز گرتوتەوە ، بەلام ئەگەر دەقی پەسەن و شانۆگەری نوێ پێش کەش بکرێ ئامادەم ٠

● **هۆی دوورەپەرێزی هونەرمەندو شانۆ چیە ؟**

- بە دڵنیاییەوە دەڵێم زۆر هونەرمەند مەسەلەی سەرکەوتن زۆرجار لە خشتەی ئەبات و بجووکترین گیروگرفت لەبەردەم خۆشەویستی گەورەی شانۆ ساردی ئەکاتەوە ٠ دەربارەی شانۆی کوردی ووتی :

- لەم چەند ساڵەدا گەلێك دیاری پێش کەش بە کتێبخانەی شانۆی کوردی کرا ، بەلام شانۆی کوردی پێویستی بە ناسنامە هەیە ٠

●شێرزاد●

چاپکراوی نوێ

رۆشنبیری نوێ

ژمارەی (٧٠)ی گۆڤاری رۆشنبیری لەم هەفتەیەدا دەرچوو ، لەم ژمارەیەدا کە هەشت هەزار دانەی لێ چاپکراوە ، گەلێ لێکولینەوەو باسی بەکەلکی سیاسیو رۆشنبیریو ئەدەبی بڵاوکراوەتەوە ، بێجگە لە بەرهەمی ئەدەبی شیعرو چیرۆك ٠ لە پێشەوە دەتی هەردوو پەیاننامەکەی سەرکردایەتی نەتەوەی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ٠ لەو نووسەرانەی بەشداریان لەم ژمارەیەداکردوە ٠٠ د٠عبدالرحمن حاجی معروف ، عمر مارف بەرزنجی ، سۆران محوی ، د٠مارف خزنەدار ٠ د٠ احسان فواد٠ د٠کاویس قفطان محمدی مەلا کریمو شیعری : عبدالله پەشێو عبدالله عباس ، چیرۆکی رووف بیکەردو محمد رشید فتاح ٠

یەکەم پیشانگەی هونەرمەند فائق نوری سعید

بە چاودێری بەرێز ارشد محمد پارێزگاری سلێمانی نەقابەی مامۆستایانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لقی سلێمانی یەکەم پیشانگەی هونەرمەند ((فائق نوری سعید)) ی لە هۆلی قوتابخانەی ناوەندی کوردستانی کچان کردەوە ٠

پیشانگەی هونەرمەند بریتی بوو لە بیست و یەك تابلۆی هەڵکۆڵین ((نحت))کە دەتوانین بڵێین بەگشتی تەرخان کرابوون بۆ خزمەتی مرۆڤایەتیو دەست نیشان کردنی هەوڵو تێکۆشان بۆ دابین کردنی ژیانو پاشە رۆژێکی رووناك ٠

ئەم بەرهەمە هونەریانە وەك هەموو بەرهەمە هونەریەکانی تر لەسەر دوو بنچینە پێك هاتبوون ئەویش روخسارو ناوەرۆکە ٠

دەربارەی روخسار هەر ئەوە دەڵێین هەرچەندە لەبال زۆربەی تابلۆکاندا خاوەنەکەی بەتکاوە میوانەکانی ئاگادار دەکرد کە دەستیان تێوەنەدرێت بەلام شێوەی دروست کردنیانو پیشان دانیان وای لە زۆر کەس دەکرد کەئەو ئارەزوی دەست تێوەدانە لە پیشانگەکەدا بەجێ نەهێڵێت ٠

بەلام مەسەلەی ناوەرۆکیان جێگای پرسیارو لێکدانەوەی جۆر بە جۆر بوون ٠ ئەوەی بەلای ئێمەوە روخسارو ناوەرۆکی پێکەوە نەدەگونجان تابلۆی ژمارە هەشت بوو کە ئەویش بریتی بوو لە مرۆڤێکی کورد کۆڵی داری بەسەر شانەوەیەو تەورەکەی و کیسە توتنەکەی بەلای راستی پشتێنە کەیدا هەڵواسیوەو بەناوی جوتیارێکی کوردەوە پیشان درا بوو ٠٠ هەروەها بەرهەمەکان هەندێکیان دەستکەوتەکانی شۆڕشەکانی ١٤-١٧-٣٠ تەموزی دەست نیشان دەکرد وەك تابلۆی خوێندنی ئیلزامیو قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری ، ئەمەو شوبهاندنی بەشێك لە پیشانگەکەی بە شانۆیەك بۆ پیشان دانی هەڵوێستو تێکۆشانی چەکداری نەتەوەی عەرەب بەرامبەر ئیمپریالیزمو سەهیونیزم وەك تابلۆکانی ژمارە ١ ، ١٢ ، ١٨ ٠ بەلام هەندێکی کەشیان لە سنوری وڵاتەکەمان دەچووە دەرەوەو دۆخو ژیانێکی رۆژ ئاوایی

بروانە ل : ٧

دووەم پیشانگەی گوڵنار

لەم دواییەدا بەرێز دکتۆر طارق رشاد عبدالله سەرۆکی زانکۆی سلێمانی لە مەڵبەندی رۆشنبیری ئاژەڵایەتی زانکۆ دووەم پیشانگەی هونەرمەند خوشکە گوڵناری کردەوە ٠

خوشکە گوڵنار عمر محمد لاوە هونەرمەندێکی شاری سلێمانیەو پریشکی بواری هونەر خەریکە ئەمرۆ خۆی لە دەستو پەنجەکانیدا بەجیهانی تایبەتی هونەر ناسان ئاشنا بکات ٠گوڵنار لە ساڵی ١٩٧٦دا هاوبەشی پیشانگەی قوتابخانەکانی سلێمانی کردوەو لە ساڵی ١٩٧٧دا یەکەم پیشانگەی تایبەتی خۆی هەر لە سلێمانی کردوەتەوە ٠

ئەمجارە گوڵنار لە دووەم پیشانگەیدا جگە لە چەند تابلۆیەکی تەجریدی « ٣٤ » تابلۆی پیشاندداوە ٠

ئەوەی زیاتر لە پیشانگەکەیدا بەدی دەکرا زۆر بەکارهێنانی رەنگی سەوزو سور بو لەگەڵ رەنگی(خوم)باو ئەمەش دەتوانین بڵێین رامان دەکێشێت بەرەو تاریکو رون بان خەفەتو برێك لە کامەرانی ٠

سروشتو دیمە نەکانی کوردستان بە ئاسانی بالیان بەسەر تابلۆکانی گوڵناردا کێشاوە لەگەڵ بەسەرکردنەوەی دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٧-٣٠ تەموز ، ئەمەو تەفاعل کردنی هونەمەند بەرامبەر بە گەلی فەلەستینی شۆڕشگێڕ ٠

خوشکە گوڵنار دەربارەی کورتەیەك لە بیرەوەری خۆی لە بواری هونەردا پێمانی ووت ! هەر لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە هەستم بەم بەهرەیەم کردوەو زۆر خۆشم ویستوە ٠٠٠ زۆرجار لەبەر خوێندنو قوتابخانە بەئاشکرا لە بەرچاوی ماڵەوەمان ئەمدەتوانی چێژ لە ئارەزوی تابلۆکێشان وەربگرم ٠٠ بەلام ئەم خولیایە هەر لە کەللەمدا مایەوە بۆیە بەرهەمەکانم تا ساڵی ١٩٧٥ پاراستو دەرم نەخستن ٠ لەدوایدا چەند هونەرمەندێك چاویان پێ کەوتو زۆریان هانداین بۆ ئەوەی لە پیشانگەیەکدا پیشانیان بدەم ٠

گوڵنار دەربارەی رووی جیاوازی نێوان یەکەمو دووەم پیشانگەی دەڵێت : خۆم هەست بە پێشکەوتنیکی ئەوتۆ ناکەم !٠ بەلام لە تابلۆ تەجریدیەکانیدا ئەگەر ئێمە هەڵە نەبین مژدەی پاشەرۆژێکی رووناك بەرچاو دەبە ٠

پ ٠ هاوکاری لە سلیمانی

جیهانی مندالان

چیرۆك بۆ مندالان

ریوی وقشقەڵە

نامەکانتان :

هاوڕی جیهانی منداڵان ئیبراهیم عثمان ئەو چیرۆکەی ناردۆتە لەوەبەر بۆ منداڵە ئازیزەکان بلاوکراوەتەوە ، وەسفی عزیز علی لە هەولێر : ئەو گرەوەی ناردوتە لە فرسەتێکدا بلاوی ئەکەینەوە ٠ برایان : نیازی حمە عزیز لە رانیە ، بکر حمد چاوەماری لە کەرکوك ، خەسرەو پیربال عمر لە هەولێر ، فرهاد حمزە محمد لە کەرکوك ، عبدالکریم زەردەشتی لە هەولێر : هیوادارین بەرهەمی ترمان بو رەوانەبکەنو ببورن لە بلاو- نەکردنەوەی نووسراو وچیروکەکانتان ، چونکە یان دریژبوون ، یان بیستراوبوونو چاوەرێین ٠

شلێر کەریم

رۆژ ێك لە رۆژان رێویەکی پیرو کەنەفتو تووڵەك بە نێو لێرەوارێکدا دەخولاوەو ملوومۆی دەکرد ٠ لە پڕ گوێی لە تەقە تەقێك بوو ٠ کە سەری هەڵبڕی تەماشای کرد حاجی لەگەڵ لەگێك هێلانەی کردوەو جووجکەی هەڵێناوەو بۆ جووجەڵەکانی تەقە تەقێ دەکا ٠

رێوی گەڕاتا یەسکێکی دیتەوەو بەردێکی هەڵگرتو چوو لە بن دارەکە دەستی بە تەقەتەقێ کرد ٠ حاجی لەگەڵەگ تەماشای کرد کە رێوی لەبن دارەکەی دانیشتوەو خەریکی شتێکە ٠ لە سەرەوە بانگی کرد :

- مام رێوی ئەوە چ دەکەی ؟

- ئەو دارە ، داری منەو خەریکم دەیبڕمەوە ٠

لەگەڵەگ دەستی بە پاڕانەوەکرد وگوتی :

- دارەکە مەبڕەوە ٠ هێلانەم لێ تێکمەدە ٠ منداڵم هەن

- ئەم قسانەچیە ٠ داری خۆمەو دەیبڕمەوە ٠ ئەگەر ناتەوێ بیبڕ مەوە جووجکەیەکم بۆباوێ خوارەوە٠دەنادەبڕمەوە

لەگەڵەگ زۆر پاڕاوە فایدەی نەبوو ٠ دیتی کە رێوی دەست هەڵناگرێ ناچار جووجکەیەکی بۆ هاویشتە خوار ٠ رێوی جووجکە لەگەڵەگی خواردو رۆیشت ٠

یاش چەند رۆژێك رێوی دیسان هیچی وەگیر نەکەوتو برسی بوو ٠ هاتەوە بن داری لەگەڵەگو بانگی کرد :

- مل دریژ کارم زۆر بەودارەیە ، دەیبڕمەوە ٠

لەگەڵەگ زۆر پاڕاوە ، بەلام بێفایدە بوو ٠ رێوی دەستی کرد بە خشەخشی حاجی مل دریژ ترساو ئەم جاریش جووجکەیەکی بۆ فڕێدا خوار ٠ رێوی بێچوە لەگەڵەگی خواردو رۆیشت ٠

دووسێ رۆژی پێچوو ، رۆژێکیان قشقەڵە هات سەری لەگەڵەگ بدا تەماشای کرد زۆر داماوو کزو خەمبارە ٠ گوتی :

بروانە : ل : ٧

بەرهەمی منداڵان :

هاوڕێی جیهانی منداڵان لە سلیمانی « صباح اسماعیل » وێنەی « شمشال ژەنی بچکۆلە» ی بۆ ناردوین - سوپاس ٠

شوان جلال — شهلا عزة — صلاح محسن — ضیاءالدین علی — ریمون میلس

دیدەو

لەنەرمو نیانیەك دووربکەونەوە ، کە لەسەر حسابی راستی پێ ، ئەگەر وابکەن ، هەرچەندە روو بە رووی جۆرە کۆسپو گرانیەك ئەبنەوە ، بەلام سەرئەکەونو زیاتر خەڵکیتان خۆش ئەوێ ٠

هاوڕێ صدام حسین

دەستکردی : عبدالقادر علی مردان

Institut kurde de Paris

دەزگای رۆژنامەنووسی هاوکاری لە بەغدا
• مەیدانی الخیلانی شەقامی ٥ الجمهوریة •
پەخشا ـ س٠پ ١٤٠١٦ تەلەفۆن ٨٨٧٥٧٩٥ ـ ٥ خەت
سەر نووسەر : سعاد ادیب علی

هاوکاری

٨ لاپەڕە — ٢٥ فلس

سالی ٩٩٧٠ هەمەکۆیە

• دووشەممە ١١ی کانونی ١ ١٩٧٨ ژمارە ٤٥٢ •

• الاثنين ١١ كانون الاول ١٩٧٨ العدد ٤٥٢ •

نەوتی عەرەب و پارەی کە لە هەزارەها ملیۆن دۆلار تێدەپەڕێ و لە بانقە کانی دەوڵەتە ئیمپریالیزمی یەکان دانراوە، دەبێ بۆ خزمەتی جەنگی رزگاری دابنرێ ، نەك بۆ خزمەتی بەرژەوەندیە ئیمپریالیزمی یەکان و مەبەسە خۆیەرستی یەکانی هەندێ لایەن و وکەسان .

سەرۆکی فەرماندە
احمد حسن البکر

بەرێز صدام حسین : نەتەوە نابێ خەرجی لە بەرهەمی زیاتر بێ

هاوڕێ البکر بروسکەیەکی وەڵامنامەی لە هاوڕێیان بریژنیف و کۆسیگینەوە پێ گەیشت

هاوڕێ احمد حسن البکر جێگری ئەمینداری گشتی ، ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی فوتری حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست سەرۆك کۆمار • بروسکەیەکی سوپاسی لە هاوڕێ لیۆنید بریژنیف ـ سکرتێری گشتی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی سۆڤیەت سەرۆکی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی بەرزی سۆڤیەت و هاوڕێ ئەلەکسی کۆسیگن سەرۆکی ئەنجومەتی وەزیرانەوە پێ گەیشت ، لە وەڵامی ئەو بروسکەی پیرۆزبایی یەدا کە بەبۆنەی تێپەڕبوونی (٦٢) ساڵەوە بەسەر شۆڕشی سوشیالیستی ئۆکتۆبەرەوە ناردبووی • ئەمەش دەقی بروسکەکەیە :

هاوڕێ احمد حسن البکر جێگری ئەمینداری گشتی ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی فوتری حزبی بەعسی عەرەبی سوسیالیست سەرۆك کۆماری عراقی بەرێز •

سایەی شادیە بۆمان سوپاسی قووڵی خۆمانتان بۆ دەربڕین بۆ ئەو سڵاوو ئاواتانەی کە بە هۆی بیرەوەری (٦١) ساڵەی شۆڕشی مەزنی سوشیالیستی ئۆکتۆبەرەوە [illegible]

هاوبەشیتان دەکەین لە باوەڕی قووڵتاندا بە بەردەوام بوونی پەیوەندیەکانی عراق و سۆڤیەت و لە ئایندەشدا هەر لەسەر پێشخستن و چەسپاندنی دەڕۆین لەسەر بنەڕەتی قایمی پەیمانی دۆستایەتی هاوکاری نێوان هەردو وڵاتەکەمان و بۆ سوودی هەردو گەلی سۆڤیەت و عراق و لە بێناوی ئاشتی کشت لایەنەدا •

لەم بۆنەیەدا ، بۆ خۆتان و ئەندامانی سەرکردایەتی حزب و دەوڵەت لە کۆماری عراقدا باشترین ئاوات دەردەبڕین و داوای تەندروستی و بەختەوەریتان بۆ دەکەین و بۆ گەلی عراقی دۆست پێشکەوتن و [illegible]

لیۆنید بریژنیف
ئەلکسی کۆسیگن
مۆسکۆ • کرملین

بە لێن بۆ سەرکردایەتی سیاسی حزب و شۆڕش لە کارگەرانی دەزگای گشتی ی نەوتی باشوورەوە

کارگوزارانی دەزگای گشتی ی نەوتی باشوور ، بەلێنیاندا بە سەرکردایەتی حزب و شۆڕش کە بەوەفایانە لەسەر ئەم ڕێبازە دەمێننەوە کە سەرکردایەتی حزب و شۆڕش گرتویانەتە بەر •

کارگوزارەکانی دەزگاکە لە بروسکەیەکدا کە هەینی ڕابوردوو بەبۆنەی ئاهەنگی بیرەوەری سێیەمی میللی کردنی دوابەشەکانی کۆمپانیای نەوتی بەسرەوە بۆ سەرۆکی فەرماندە احمد حسن البکر و بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆك ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشیان ناردوە ، ڕەفزی یەکجارەکی خۆیان بەرامبەر ئەو پرۆژە خۆبەدەستەوەدەریە سەرشۆڕانە دووبات کردۆتەوە کە نەتەوەی عەرەبمان تووشی هاتوون •

ئەمەش دەقی بروسکەکەیە!

بەبۆنەی بیرەوەری سێیەمی میللی کردنی دوابەشەکانی نەوتی بەسرەوە ، بەناوی هەموو کارگوزارانی دەزگای گشتی نەوتی باشوورەوە ، جوانترین پیرۆزبایتیان پێشکەش دەکەین و بەلێن تازە دەکەینەوە کە هەر سەربازی ئەمین و بەوەفای سەر ئەو ڕێبازە شۆڕشگێڕیە دەبین کە سەرکردایەتی حزبە نێکۆشەرەکەمان و شۆڕشە بەبزکەمان گرتویەتەبەر و ڕەفزی تەواومان بەرامبەر سەرشۆڕیانە دووپات دەکەینەوە کە نەتەوەی عەرەبمان تووشی هاتوون •

کارگوزارانی دەزگای گشتی نەوتی باشوور کە لەگەل پرپارە شۆڕشگێڕیەکانتاندا بوون سەبارەت بەمیللی کردنی بەشەکانی ئەمەریکا هۆڵەندە و کۆلینکیانی بورتوگال • بیرەوەریە پیرۆزە سەربەخۆیەکانی سەردەمی کرداری کە بە دەکەنەوە توانای سەرکردایەتی حزب و شۆڕشی لە سەر سووربوون و مەیدانکاری و پووچەڵ کردنەوەی ئەخشەکانی سازاندن و خۆبەدەستەوەدان و ئازادکردنی تەواوی خاکی زەوتکراوی عەرەبی تێکۆڵ بۆپێشەوە •

ڕافد عبدالحلیم جاسم
سەرۆکی دەزگای گشتی نەوتی باشوور

سەرۆك الاسد

ڕەت کردونەوەی سوریای بەرامبەر پەیمانەکانی کامپ دیفید دووپات کردەوە

سەرەك کۆماری عەرەبی سوریا سەرۆك حافظ الاسد ڕوونی کردەوە کە ئاشتی دادگەرانە دەبێ لەسەر بناغەی کشانەوەی قەوارەی زایۆنی لە هەموو زەوی یە داگیر کراوەکان و بڕیاردانی مافی نیشتمانی تەواوی گەلی عەرەبی فەلەستین بنیات بنرێ • ئەمەش لە وەڵامی هات کە لە نێوان سەرۆك الاسدو سیناتۆری ئەمەریکا ڕوبەرت بیرددا کراو •

سەرۆکی سوریا سەر لەنوێ ڕەفزی سوریای بەرامبەر پەیمانەکانی کامپ دیفید کە [illegible] لە سازاندنی [illegible] دووپات [illegible] وەو وتی ، ئەنجامەکانی کامپ دیفید سەر شتێك دوژمن بیەوێ داوایەتی و کەچی مافی دادگەرو ڕەوای عەرەبی پشتگوی خستووە •

ئەوەی شایانی باسە بیرد سەعاتێکی خایەند کە چەند ڕەیشی داوو لە سەردانەکەیدا لەگەل هەندێ لە کاربەدەستان کوبوەو لە پاشماندا بەرەو ئەنقەرە کەوتە ڕێ •

بەرێز جێگر لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی نەخشەداناندا دووپاتی کردەوە :

لە داناڵت بودجەو نەخشەدا دەبێ بابەندی یە نەتەوەیی یە نوێ یەکانی وڵات ڕەچاو بکرێ

بەرێز صدام حسین جێگری سەرۆك ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش سەرۆکی نەتەوە نابێ خەرجی لە بەرهەمی زیاتر بێ •

بەرێز جێگر لە وتەیەکیدا لە کۆبونەوەیەکی ئەنجومەنی نەخشەکێشاندا کە سەرلەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە لە ئەنجومەنی نیشتمانی کرا بووهەروەها وتویەتی « لە دوا ئەنجامدا پێویستە لەسەرمان کە هەوڵ بەمین بۆدجەی خەرج کردنی ئێستامان و نەخشەی ساڵا نەلە سەرجەمی داهاتمان زیاتر نەبێت » •

بەرێز جێگر دەست نیشانی ئەوەی کردووە کە پێویستە دۆخی ئەرکە ئەتەوەیی یە نوێکانی وڵات بەچاوێکی بابەخەوە ئەماشا بکەین لە هەلسەنگاندنی تایبەت بە بودجەو نەخشەدا •

جێگری بەرێز داوای لە بەرێزان وەزیران و ئەندامانی ئەنجومەنی نەخشەکێشان کردووە کە قسەلەبارەی ئامۆژگاری و ڕاسپاردە ناوەندیەکان کە پەیوەندیان هەیە بەدانانی بودجەی ئیعتیادی و نەخشەی ساڵی (١٩٧٩)وە بکەن بەگیانێکی دیموکراتیانەوە بەگوێرەی پێویستێکانی قوناغی ئێستاو ئیلتیزاماتە نەتەوەیە ـ کانی وڵات •

لە کۆبونەوەکەدا لە بودجەی ئیعتیادی و ئەو نیسبەتە کۆڵراوەتەوە کە بۆ زیاد کردنی بریاری لەسەر دراوە، بەجۆرێك لەگەل ئەو نیسبەتانەدا [illegible] نیسبەتی زیاد کردن لەو بەشو لایەنانەدا کە لایەنی پێشەکی وەردەگرن •

لەو کۆبونەوەیەدا کە دەوروبەری دوو سەعاتو نیوی خایاند بوو بەرێزان هاوڕێ دکتۆر منیف رزاز جێگری ئەمینداری گشتی ی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو بەرێزان ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو وەزیرەکانو چەند ڕاوێژکارو شارەزا تەکنیکێکانی دەزگاکانی دەوڵەت بەشدار بوون •

ئا٠ د٠ ع٠

هێزە شۆڕشگێڕەکانی ئەریتریا زیانێکی زۆر بەرژێمی ئەسیوپیا دەگەیەنن

الدوحە ـ قنا :

ئەو دەنگۆو باسانەی لە دۆحەوە هاتوون وا دەگەیەنن کە چوار شەممەی ڕابوودوو ، هێزە شۆڕشگێڕەکانی ئەریتریا جەنگێکی سەختیان دژی هێزەداگیرکەرەکانی ئەسیوبیا لە شاری (حلحل)دا بەڕاکردووەو زیانێکی زۆریان بە سەرو چەکی گەیاندووەو ڕژێمی ئەسیوبیا لەم جەنگەدا ١٠ زری پۆش و چەند ئۆتۆمۆبیلێکی سەرباز گواستنەوەو دوو تانك و سەدەها کوژراو بریندار لە کیس چوون •

لەم بارەیەوە نوێنەری بەرەی ڕزگاری کەری ئەریتریا بەڕێز عثمان ابو بکر بۆ ئاژانسی دەنگوباسی فەتەری ڕوون کردەوە کە هێزەکانی ئەسیوبیا لە هەلکوتانە سەر بنکەکانی شۆڕشگێڕەکان و سەر هاووڵاتیانی بێچەکی ناو شارو کێڵگەو خەستەخانەکان بەردەوامن و چەکی کاولکەری کوشندەو قەدەغە کراوی وەك ناپاڵم و بۆمبای فسفۆری و هێشوویی بەکار دێنن • هەروەها وتی ئەو هێرشە دڕندایەتی یانەی هێزە ئەسیوبی یەکان کردویانەتە سەر ناوچەکان بوونەتە مایەی ویران کردنی ٢٥٠ دێ لە بەرزایی یەکانی ئەریتریاو کۆچ کردنی هەزارەها کەس بۆ خاکی سۆدان و شەهید بوونی ژمارەیەکی زۆری خەڵکەکە •

هەروەها وتی ، جەنگی نێمە تەنها لەگەل ڕژێمی ئەسیوبیادا نیە ، بەڵکو دووبارە بەرامبەر ئەو دەوڵەتانەشە کە پشتی دەگرن و هەموو چەکێکی وێرانکاری پێ دەدەن •

لە لایەکی ترەوە بەڕێز عثمان ابوبکر ئەوەشی بەر پەرچ دایەوە کە لەم دوایی یەدا ئەسیوبیا بڵاوی کردووەو کە گوایا دوای داگیرکردنی شاری کرن ، ئیتر شۆڕش و شۆڕشگێڕانی لە ناو بردوون• لەم بارەیەوە وتی ، بە هۆی ڕەچاوکردنی ستراتیجیەتێکی نوێی شۆڕشەوە شۆڕشگێڕەکان لەم شارە کشاونەتەوە بۆ ئەوەی لە پەر

بروانە : ل : ٧

عرفات: شەڕی بوون و نەبوون دەکەین

سەرۆکی لیژنەی ڕاپەڕاندنی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین بەڕێز یاسر عرفات ئەوەی دووپات کردەوە کە ئێمە لە شەڕی ژیان و مردنداین و ڕووبەڕووی ئەوە بوینەتەوە یان ببین یان نەبین •

عرفات نە کردنەوەی نەخۆشخانەی شەهید کمال عدوان دا لە «البقاع» وتی ، خەونی زایونیەکان بەدەستەڵاتی گەلی لوبنان و شۆڕشی فەلەستین و سورباو عیراق ئەرەوێتەوەو بەرپەرچی توندی دەست درێژیەکانی دەدرێتەوە•

هەروەها وتی : یەکگرتنی سەنگەرەکانی شۆڕشی فەلەستین و بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنان دژی پیلانەـ کانی مانای شارستانیەتی پێگەیشتنی سورباو عیراق دووبات دەکاتەوە •

هیچ گۆڕانیك لە باری تەندروستی بومدین‌دا نەبووە

ڕاپۆرتێکی پزیشکی کە لە جەزائیر بڵاوکراوەتەوە ئەوەی ڕاگەیاندوە کە هیچ گۆڕانیك لە باری تەندروستی سەرۆکی جەزائیری هواری بومدین‌دا ڕووی نەداوە •

هەروەها ڕاگەیەنرا کە تەقەللای پزیشکی بۆ عیلاجی نەخۆشیەکەی بەشێوەیەکی ئاسایی بەردەوامە •

ڕۆژنامەی «الاهرام» دووپاتی دەکاتەوە کە سادات شتی تری نوێ دەخاتە پرۆژەی خۆبە دەستەوەدانەوە

ئەنجامی ڕەفزکردنی زایۆنی بۆ پێشنیازەکانی سادات قسەی سەردەمی گۆڕەسیاسی یە ڕەسمی یەکانی ناو قاهیرە بوو لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی الاهرام ڕای گەیاند کە ڕژێمی سادات لەبری (تەنازول) پێشنیازی کردوە شتی تر بخرێتە پرۆژەی پەیمانەکەوە کە ئەمانەن :

● دەستکاری کردنی ئەو پرۆژەیەی کە خراوەتە بەردەم هەردوولایان بەوەی کە هەر لایە ئەو شێوازە پێشکەش دەکا کە بە لەباری دەزانێ بۆ دۆزینەوەی شێوازێکی یەکجارەکی وا کە هەر دوو لا پێی ڕازی بن •

● ئاڵو وێرکردنی وتارو نامەی ئەوتۆ کە هێزی پەیمانی هەبێ سەبارەت بە بەندە سەرەکی یەکانو میسرو « ئیسرائیل »و حکومەتی واشنتۆن « وەك زامن ، بۆ ڕابەڕاندنی و جێبەجێ کردنی » ئیمزای دەکەن •

ڕوونیش بۆتەوە کە « ئەوشتە » سەرەکی یانەی ڕژێمی سادات پێشکەشی کردون بەمانەی خوارەوە دیاری دەگرێن :

ـ پەیداکردنی پەیوەندیی لەنێوان ڕاپەڕاندنی پەیمانەکەو دامەزراندنی ئەوەی کە پێی دەوترێ حوکمی ئۆتۆنۆمی بۆ بەری ڕۆژئاواو غەزە ، لە ڕێگای دیاری کردنی کاتو وەختی پێدانی حوکمە ئۆتۆنۆمی یەکەو دیاری کردنی ئیشەکانی ئەنجومەنە ناوچەیی یەکانەوە بۆ ئەوەی شوێنی حوکمی سەربازی بگرنەوە •

ـ سەبارەت بەو کرداره ئاسایشی یانەی لە ماددە چواری پرۆژەی پەیمانەکەدا هاتوون کە سینادەکا بەسێ ناوچەوە ، میسر وای بەباش دەزانێ کە ئەوکرداره ئاسایشی یانەی لەم ماددەیەدا هاتوون دەتوانرێ هەردوولا دەربارەیان وتوویژ بکەن ، هەرکاتێ هەر لایەنێك ئەمەی بەباش زانی •

ـ سەبارەت بە ماددەی شەشەمی پرۆژەی پەیمانەکەشەوە ، هەروەها بڕگەی پێنجەمینی ناو پرۆژەکەش پێویست نین ، مادامکی میسر بڕیاری داوە لەهیچ جەنگێکدا بەشدار نەبێ کە دژی « ئیسرائیل » بەڕابکرێ •

● **بیگن : بەم زووانە پەیمانەکە مۆردکرێ •**

لەم کاتەدا هێشتا مەناحیم بیگن وا بە هیوایە کە پێش حەفدەی ئەم مانگە واتە لە کاتی دیاری کراوی خۆیدا پەیمانی لەچوارچێوەی تەقەللای سازاندندا •

ئۆهێرا بوو بە سەرۆك وەزیری ژاپۆن

تۆکیۆ ـ٧ : پەرلەمانی ژاپۆن ئەمڕۆ ماسایۆشی ئۆ هێرای لە جیاتی تاکیۆ فۆکۆدا بەسەرۆك وەزیر هەڵبژارد •

ئاکامی ئەو دەنگدانەی کە لەپەرلەماندا کرا ، بریتی بوو لە (٢٥٤) دەنگ بۆ ئۆهێرا لە ئەسڵی (٤٩١) دەنگ کە (٨) کەسیان دەنگیان نەدا •

وا چاوەڕوان دەکرێ ، ئەو حکومەتە نوێیەی کە ئۆهێرا دروستی دەکا ، چ لە ڕووەوە ،لەسەر هەمان ڕێبازی کۆنی فۆکۆدا بڕوا •

ئەوەی شایانی باسە ، دوێنێ فۆکۆدا پاش ئەوەی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی حزبی دیموکرات لیبرالدا لەبەرامبەر ئۆهێرادا دۆڕاندی، وازی لە کارهێناو هەروەها هەموو ئەندامانی کابینەکەشی دەستیان لەکار هەڵگرت •

جمو جووڵێکی خەست لە نێوان هێزە ڕاستڕەوکانی زایۆنی دوژمندا لە خواروی لوبنان

یەکی هێزە هاوکۆییەکان توانیان فرۆکەکانی زایۆنی دوژمن کە لە ئاسمانی شاری صیدای خواروی لوبناندا بینرابوون ناچاری بکەن بەرەو بنکەکانی خۆیان بگەڕێنەوە •

پەیامنێری ئاژانسی دەنگو ـ باسی عیراقی لە خواروی لوبناندا ڕونی کردبووەوەکە هێزە ڕاستڕەوەکانی زایۆنی دوژمن هاوکاریەکی گەورەیان لە نزیك سنورەوە دەنوێنن تێکەڵو پێکەڵێکی خەستیان لەگەل یەکدا هەیە• هەروەها ووتی هێزە ڕاستڕەکان داوایان لە هێزە دەوڵەتەکان کردوە کە بەناوچەکانیاندا لەگەرتی ڕۆژئاواو ناوەڕاستداهاتوچۆ نەکەن •

لەلایەکی ترەوە نەتەوە یەکگرتوەکان کۆبوونەوەیەك دەبەستێ بۆ لێکۆڵینەوەی بارو دۆخی هێزەکانی لە خواروی لوبناندا • هەروەها واچاوەڕوان دەکرێ کە ئەنجومەن لە ڕاپۆرتەکەی دوکتۆر کۆرت فالدهایم ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بکوێڵێتەوە کە لەبارەی بارو دوخی ئەو هێزانەوە ئامادەی کردوە •

شایانی باسەهێزە ڕاستڕەوکان گەلێ جارو تائێستاش هەر کۆسپو تەگەرە دەخەنە بەردەمی ئەو هێزانە تاوەکو نەتوانن ئیشو کاری خۆیان جێبەجێ بکەن •

هەروەها دانیشتوانی خواروی لوبنان تائێستاش بەدەست پاشماوەکانی زایۆنی دوژمن لەو ناوچانەی کە داگیری کردبوون دەناڵن • چونکە هێزەکانی ٢٠ هەزار بۆمبایان لە دێهاتەکانی خواروی لوبناندا چاندبوو کە تەقینەوەیان بۆتە هۆی گوشتنی سێ منداڵ • هەروەها فڕۆکەکانی دوژمن ٣٠ساڕوخی بەرداوەوەتەوە کە هەریەکەیان ٧٥٠ بۆمبای تێدایە لەو شوێنانە هەمیشە ترسیان لێدەکرێ بە بچووکترین جولان بتەقنەوە •

بروانە ل : ٧

هەواێك لە سیری لانکاوە

کۆلۆمبۆ ـ٧ـ ئا٠و٠ع ـ بۆ ئەوەی هیچ کاری شەپو شۆڕ لە وڵاتدا ڕوونەدا • حوکوومەتی سری لانکا دوێنێ ناچارما هێزەکانی بخاتە وەزعی ئامادە بوونەوە •

هەندێ سەرچاوەی ڕەسمی لە کۆلۆمبۆ وتیان کەوا دەوریەی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس ئێستا بۆ چاوەدێری کردنی هەلوێست لە پایتەختدا خەریکی کاری دەوریەو هاتوچۆ کردنن •

ئەم کارە پاش کوشتنی دوو ئەفسەری پۆلیس و

بروانە : ل : ٧

Institut Kurde de Paris

لەبروسکەیەکدا بۆ سەرۆکی فەرماندەو بەریّز صدام حسین :

قوتابیان پەیمان بە هەرکردایەتی سیاسی حزب و شۆڕش دەدەن کە هەموو توانا زانیاری و هەنریەکانیان لە پێناوی هەربەرزی شۆڕشدا تەرخان بکەن

ئەمە لەو بروسکەیەدا کەرۆژی چوارشەممەی رابردوو مەکتەبی راپەڕاندنی یەکێتی نیشتیمانی قوتابیانی عراق بۆ بەریّز سەرۆك احمد حسن البکرو بەریّز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ناردی، بە بۆنەی تەواو بوونی دواقۆناغی هەڵبژاردنەکانی قوتابیەکانەوە لە وڵاتدا کراوە • ئەمەش دەقی بروسکەکەیە : ـ

بە ناوی هەزارەها قوتابیەوە کە بەرەو سندوقی هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان لە لیژنەکانی یەکێتی نیشتیمانی قوتابیانی عراق لە هەموو وڵاتدا دەچن ، دڵسۆزانەترین سڵاوو ڕێزتان بۆ دەنێرین لەسەر ئەو بارو ڕێو شوێنە دیموکراتیانەراستەی کە شۆڕش و حزبی سەرکردە بۆ جەماوەری قوتابیان دابینیان کردوە کە بتوانن نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن ، قوتابیان کە پڕن لە گیانی لێپرسراوی ، ئێستا کە ئەرکی سەرشانی خۆیان لە هەڵبژاردنی نوێنەرانیاندا دێننە جێ ، ئەمە لە گیانی شۆڕش و بەهاکانی شۆڕشگێڕانەکانیەوە وەردەگرن .

ئەوەش کە کۆلێج و ئامۆژگاو قوتابخانەکان بە خۆیانەوە دی ، دەربڕینکی ڕاستی جوانترین وێنەی ئەو پەیوەندیە خەباتگێڕانەیە بوو کە قوتابیان بە ڕێکخراوە شۆڕشگێڕانەکەیان ، یەکێتی نیشتیمانی قوتابیانی عراقەوە دەیبەستێ •

ئێمە لە کاتێکدا ، کە دوا قۆناغی هەڵبژاردنی بنەڕەتی یەکانی ڕێکخراوەکانی خوارەوە تەواو دەکەین ، بەرزترین شێوەی بایەخ و پێزو وەفاداریتان پێشکەش دەکەین بۆ ئەوەی بۆ ئەم کەرتە گرنگو بنەڕەتییەی جەماوەری گەلەکەمان کردووتانەو بەم بۆ نەمەزنەوە بەڵێنتان دەدەینێ کە قوتابیانی عراق هەمیشە قەڵغانی پاراستنی شۆڕشین و هەموو توانا زانیاری و هونەریەکانیان لە پێناوی سەربەرزی شۆڕش و پێشکەوتنیدا تەرخان بکەن هەتا هەموو ئامانجەکانمان لە یەکێتی و ئازادی و سوشیالیزمدا بێننەدی •

مەکتەبی راپەڕاندنی
قوتابیانی عراق

وەزیری دەوڵەت بۆ ڕۆژەکانی بەرەسندن لە هەولێر بە سەردەکاتەوە

بەریّز عزیز رشید وەزیری دەولەت هەفتەی رابردوو سەری لەو پرۆژەی پەرەسەندنانەدا کە ئێستا لە قەزاکانی رەواندز و چۆمان و میرگەسور و ناحیەکانیان کاریان تێدادەکرێ • لەرەواندز بەریّز وەزیر کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ سەرۆکانی یەکە ئیداریەکانداکرد بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی پێویستی ناوچەکانەوە لە خزمەتگوزاری تەندروستی و بەروەردەی •

هەروەها چاوی بە سەرۆکانی ئەنجومەنەکانی گەل و ڕێکخراوە جەماوەریەکان کەوت و لەگەلیاندا باسی هاوبەشی کردنی ئەوانی لەو پرۆژانەداکردو داوای لێیان کرد کە هەموو وزەو توانای خۆیان بخەنەکار بۆ سەرخستنی هەرەوەزی نیشتیمانی سەرتاپاگیر بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری پاش ئەوە سەری لەقوتابخانەو نەخۆشخانەو دایەرە ڕەسمیەکانی قەزای ڕەواندز داو شێوەی ڕێکوپێکی کارکردنی تێیاندا کەوتە بەچاو •

بەریّز وەزیری ڕۆشنبیری و هونەر کۆرێکی زانستی جیهانی دەربارەی بابل و ئاشور و حەمرین دەکاتەوە

بەریّز کریم محمود شنتاف وەزیری ڕۆشنبیری و هونەر سەرلە ئێوارەی ڕۆژی سێشەممەی ڕابوردوو لە هۆڵی ساطع الحصری لەکتێبخانەی مۆزەخانەی عیراق نەمدوەی جیهانیی زانستی کردەوەو بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی پارێزگاری و ئاودان کردنەوەی شارە میژوویەکانی بابل و ئاشورو حەمرین •

بەریّز وەزیر لەو وتارەدا کە بەوبۆنەیەوە دابووی وتوویەتی: ئەم نەدوەیە لە پایتەختی کەلەپوورو شارستانێتی عەرەبی و مسولماندا دەبەسترێت مەبەستی ئەوەیە لەوچالاکی یەنیشتمانی و جیهانیانە بکۆلێتەوە کە لە مەیدانی پارێزگاری مولکایەتی یە سروشتیکاندا لەوڵاتی مسوپوتامیادا دراوە کە بەشێکە لەوکەلەپورەی لە کەلەپوری شارستانێتی مرۆڤایەتی جیاناکرێتەوە ، وەئەوەی دووپاتە کردۆتەوە کە سەرکردایەتی حزب و شۆڕش بایەخێکی گەورەیان داوە بە پارێزگاری کردنی مولکایەتی یە ڕۆشنبیرفیکانی وڵات •

هەروەها وتویەتی : ئەم بایەخدانە گەورەیە بە شوێنەوارو کەلەپوورەکان بەتوندی پشت بەبەیروباوەڕی حزبەکەمان حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی و ئامانجەکانی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ تەمموز دەبەشێت لە چاودێری

بڕوانە : ل : ٧

بە شێوەیەکی دیموکراتیانەی تەواو هەموو قوتابیان نوێنەرەکانی خۆیان هەڵبژارد

ئەو هەڵبژاردنانەی کە ڕۆژی چوارشەممەی رابردوو لەلایەن قوتابیانەوە لە کولیج و ئامۆژگاکاندا بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانیان لە یەکێتی نیشتیمانی قوتابیانی عراقدا ، کرا ، نموونەی دیموکراتیەت و ئازادی تەواوبوو •

ئەوەبو (١٢٠) هەزار قوتابی کوڕو کچ لە کۆلیج و ئامۆژگاکاندا رووبان کردە سندوقەکانی هەڵبژاردن و بەمە پابەندی تەواوی خۆیان بە بەجێهێنانی ئەو لایحەی هەڵبژاردنە بەجێ گەیاند کە یەکێتی نیشتیمانی بۆ دابین کردنی گفتوگۆکردنێکی سەربەخۆ لە هەڵبژاردنەکاندا دەستنیشانی کردوە •

ئەوەی شایانی باسە ، لە هەڵبژاردنەکەدا ژمارەی هەڵبژێراوان بۆ ئەو نیسابەی دانرابو لە ژمارەی لیژنەکانی یەکێتی لە کولیج و ئامۆژگاکاندا زیاتربوو ، ئەوەبوو ئەو زیادە لە کولیجی ئادابی زانکۆی بەغدا (١٠) کەس بوو لە کولیجی پزیشکی دان وزانستەکان هەریەکەیان (١٤) کەس بوو ، لە کاتێکدا ژمارەی هەڵبژێراوەکان لە زانکۆی مستنصریە هەریەکەی (١٢) کەس بوو •

لەو چاوپێکەوتنە ڕاستەو خۆیانەدا کە لەگەڵ زۆری ئەم ڕۆژە لە دڵی قوتابیاندا دەرکەوت کە تێیدا توانیان نوێنەرەکانی خۆیان بە ئیرادەی تەواوی خۆیان و بەسەربەستی تەواو هەڵبژێرن •

قوتابیان بەڵێنیان تازە کردەوە کە هەمیشە لەکاری بەردەوام دوانەکەون لە پێناوی بەدی هێنانی ئامانجەکانی شۆڕشی حەفدەی تەمووزدا کە بایەخی گرنگی ئەم کەرتە بەرینەی دووپات کردەوە لە چوارچێوەی جێبەجێ کردنی بەرنامەکانی شۆڕشدا •

لێدوانێك لە بارەی هەڵبژاردنەکەوە

بەریّز فهد الشکرە سەرۆکی لیژنەی بەرزی هەڵبژاردنی قوتابیان ڕۆژی چوارشەمەی رابردوو تەواوبوونی هەڵبژاردنەکانی هەڵبژاردنی نوێنەرانی لیژنەکانی یەکێتی لە هەموو کۆلیج و ئامۆژگاکانی وڵاتی ڕاگەیاند •

سەرەڕای ئەوەی کشتی قوتابیانی عراق کردی ، (٣٢٠) هەزار قوتابی کوڕو کچ تێیدا بەشداری کرد لە هەموو ئامادەی ویانەی مامۆستایانی کوڕو کچ و زانکۆو ئامۆژگا هونەریەکانی وڵاتدا •

بەریّز الشکرە ستایش ئەو هەوڵەی کرد کە لیژنەکانی سەرپەرشتی کردنی هەرەوەزی هەڵبژاردن داویانەو ئەو ڕێکوپێکی و دیسیپلینە هۆشیارانەیەی کە قوتابیان لە هەڵبژاردن و بەجێ گەیاندنی ڕێو شوێنی دانراودا دەریان خستوە •

هەروەها داوای لە جەماوەری قوتابیان کرد کە هەوڵی تاناسایی بدەن لە پێناوی بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و ڕۆشنبیریدا تابێتە ئامرازی شۆڕشگێڕانەی دوستی شۆڕش بۆ جێبەجێ کردنی نەخشەو بەرنامەکانی •

هاوبەشیکردنێکی فراوان

بەریّز طاهر البکار ئەندامی مەکتەبی ڕاپەڕاندنی یەکێتی نیشتیمانی قوتابیانی عراق لێپرسراوای پەیوەندیەکانی دەرەوە وتی : هاوبەشیکردنی فراوان و هۆشیارانەی قوتابیان لە هەڵبژاردنەکاندا ئەوەی دووپات کردەوە کە قوتابیەکانمان پابەندی ڕەفتاری شۆڕشگێڕانەی خۆیانن کە یەکێتی [illegible] قوتابیانی عراق [illegible] هەروەها وتی هەڵبژاردنەکانی قوتابیان کارێکی ئاسایی نەبوو بەڵکو کارێکی شۆڕشگێڕانەبوو کە ئامانجەکەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی قوتابیان بوو لە هەمان کاتیشدا ئامانجی قایم کردنی جێپێی ئەو ڕەفتارە دیموکراتیانەیەبوو کە شۆڕشی حەفدەی تەمووز دابینی کردوە •

خالد عبد عثمان لەگەڵ پیاوانی ئاینیدا کۆبوەوە

بەریّز خالد عبد عثمان وەزیری دەولەت بۆ کاروباری کارێکخستن لەگەڵ دەزگاکانی ئۆتۆنۆمیدا، داوای لە پیاوە ئاینیەکان کرد کە توانای خۆیان لە پێناوی هۆشیارکردنەوەی هاوولاتیاندا بەکار بهێنن بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم سەرو ئاوەڕۆی هەرەوەزی نیشتیمانی سەرتاپاگیر بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری ، و فێرکردنی بەزۆرو مەسەلە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان بەگشتی •

● لە وتارێکدا کە لەو کۆبوونەوە بەرفراوانەدا دای کە ئەمیندارێتی گشتی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئەوقافی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە هەولێر بۆ هەموو پیاوە ئاینیەکانی پارێزگاکە ڕێکی خست ، بەریّز وەزیر وتی شۆڕش کە ئەم هەموو بایەخەی دا بەئاین و چاودێری کردنی ئەوانەی سەراسۆیی کاروباری ئایین دەکەن ، ئەمەی لە باوەڕێکی مەبدەئیەوە کردوە کەوا ئێوە نمونەی چاکەو ئەو کەسانەن کە دەتوانن هاوولاتیان وریا بکەنەوەو ڕێگای خێرو چاکە بیانبەن •

کۆبوونەوەکە قسەی لەبارەی گەلێ مەسەلەوە کرد کە پەیوەندیان بەوەزعی هاوولاتیان و پێویستیەکانیان و ڕێ و شوێنی جێبەجێ کردنیانەوەکرد •

لەم کۆبوونەوەیەدا ، بەریّزان محمدعلی محمد امین سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و احمد عبدالقادر سەرۆکی ئەنجومەنی ڕابەڕاندن و ئەمیندارە گشتیەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و بهاءالدین احمد پارێزگاری هەولێر هاوڕێ امجد هاشم ئەندامی سەرکردایەتی لقی ژوورووی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست •

هەولێر لە ڕۆژی زانستدا

بە بۆنەی دەستپێ کردنی هەرەووزی لەناوبردنی نەخوێندەواری لە وڵاتدا کە سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری لەسەر دەرکرد ، پارێزگای هەولێر گەورەترین میهرەجانی جەماوەری فراوانی بە خۆیەوەدی کە تیایدا هەزارەها لە هاوولاتیان و لێپرسراوان لە هەموو قوتابخانەو کارگەو لایەنە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و بەشەکانی تردا بەشداری بوون و فراوانترین ئاهەنگیان ڕێکخست • میهرەجانەکە

لە نزیکەی سەعات دوانزەی نیوە دەستی پێ کردو لە پێشەوەی دا بەریّز مامۆستا بهاءالدین بەریّز علی حسین ئەندامی لقی ژوورووی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالستی دەرۆیشتن و بەردەم هەموو میهرەجانەکە دو وێنەی سەرۆکی فەرماندە احمد حسن البکرو بەریّز صدام حسین جێگری ئەندامی سەرکردایەتی شۆڕش هەڵگیرابوو • جەماوەرانی هەولێر لە میهرەجانەکەدا بەشداربون تا بەردەم ئەنجومەنی یاسادانان و لەوێ بەریّز محمد علی امین سەرۆکی ئەنجومەن وژمارەیەکی تر لە لیژپرسراوانی دام و دەزگای ئۆتۆنۆمی پێشوازیان لە کۆمەڵان کرد کە بەڕێدەکران بۆ کۆبوونەوە •

وە لە کاتی گردبونەوەکەدا چەندەها ووتار خوێندایەوەو ستایشی بڕیاری سەرکردایەتی شۆڕش کرا لە پێناو ڕیشەکێش کردنی نەخوێندەواری و ئەوە دوپات کرایەوە کە هاوولاتیان ڕۆڵێکی گەورە دەبێنن لە سەرخستنی ئەم هەڵمەتە نیشتمانییەدا •

بانگەوازێك

ئەمیندارێتی گشتی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری ولاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ڕای دەگەیەنێ کە ماوەی ئەوپێشەبڕکێیەی درێژ کردۆتەوە کە بۆ دانانی نەخشەی پەیکەرێك بۆ ئۆتۆنۆمی و دانانی نەخشەی پەیکەرێکتر بۆ پالەوان و سەرکردەی ئیسلامی صلاح الدینی ئەیوبی و تێکۆشانی ئاینی و نیشتیمانی بەتایبەتی ڕزگارکردنی فەلەستین بەستانی ئەو ڕووداوە بەو خەباتە سەختەوە کە ئێستا ئەتەوەکەمان بۆ ئازادکردنی فەلەستین لەدەستی زایونی خۆبەدەستەوەدەرەکان دەیکا دانرابو ٠٠٠ جا داوا لە هەموو ئەو هونەرمەندو ئەندازیارانە دەکا کە لەم جۆرە کارەدا دەستیان هەیە ، لە پێشبڕکێکەدا بەشداری بکەنو ڕۆژی ١٥ـ١ـ٩٧٩ کراوە بە دوا مۆلەت بۆ پێشکەش کردنی نەخشەکان کە دەبێ بدرێن بە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری لە دیوانی ئەمیندارێتیەکەدا مەرجەکان :

أ ـ دەبێ نەخشەکە نوێ بێ و نەدرابێ بەهیچ لایەنێکی تر •

ب ـ نەخشەکە لەسەر کاغەزێك کرابێ کە قەوارەی (٣٠ × ٦٠)بێ و ئەشێ لە هەرمادەیەك بە قەوارەی بچوك بکرێ و پێشکەش بکرێ •

جـ ـ لەگەڵ نەخشەکەدا باسی دوورودرێژی و قەوارەو مادەی دروستکردن و هەرشتێکی تر بکرێ کە پەیوەندی بە پەیکەرەکەوە هەیە •

د ـ ئەمیندارێتی مافی ئەوەی هەیە نەخشەکە بە دانەرەکەی یان بەهەر [illegible]

و ـ ئەمیندارێتی بۆی هەیە ڕێك بکەوێ لەسەر جێبەجێ کردنی هەر نەخشەیەك ئەگەر سەریش نەکەوتبێ پاش ڕێك کەوتنی لەگەڵ خاوەنەکەیدا •

پاداشەکان

ئەمیندارێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان بۆ هەر نەخشەیەك (٣٠٠٠ ، سێ سەد دینار پاداشی داناوە •

پیرۆزبایی بەبۆنەی هەرەوەزی نیشتمانی لە ناوبردنی نەخوێندەواریەوە

بەریّز احمد مختار ئەمبۆی بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوی یونیسکۆ بە بۆنەی دەستکردنەوە بە هەرەوەزی نیشتیمانی سەرتاپاگیر بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری ، پیرۆزبایی لە عراق کرد •

لە نامەیەکدا کە بۆ بەریّز محمد محجوب ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری پەروەردە سەرۆکی ئەنجومەنی بەرزی هێرشی لەناوبردنی نەخوێندەواری نارد ، بەریّز ئەمبو دووپاتی کردەوە کەوا ڕێکخراوی یونیسکۆ ئامادەیە هەموو یارمەتیەکی شیاو بە وڵات بدا بۆ جێبەجێ کردنی سەرکەوتوانەی ئەم هەرەوەزە. ئەمەش دەقی نامەکەیە •

لەناوبردنی نەخوێندەواری شتێکە کە ڕێکخراوی یونیسکۆ لە گەلێ لەمەوبەرەوە بایەخی پێداوە ٠٠٠ و لەو کاتەدا پێویستە لەسەر هەموو خێرانی دەوڵەتان لەهیچ هەوڵێك بۆ لەناوبردنی ئەم نەخۆشیە ترسناکە درێغی

بڕوانە : ل : ٧

هاوکاری و کۆمەڵانی خەڵك

سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار لە نوسراوێکدا کە لە هەفتەی پێشوودا بڵاوبوەوە ، داوای لەهەموو وەزارەتو دایرەو دام و دەزگاکانی دەوڵەت کرد کە بەوردی ئەو داواکاری و سکاڵاو شکاتانەی هاوولاتیان بخوێنەوە کە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکرێنەوەو پێشنیاری ڕۆژنامەکان لەو بارەیەوە بگرنە چاو هەروەها بە پەلە چارەسەری پێویستیان بۆ دابنێن ، تا بەم جۆرە دام و دەزگاکانی دەوڵەت بتوانن بە چاکی و بە گوێرەی پێویست کارو فرمانی خۆیان لەمەیدانی پێشکەش کردنی باشترین خزمەتگوزاری بە هاوولاتیان بهێنەجێ • لەنوسراوەکەدا لە هەموو ئەو کەسانە داواکراوە کە لە دەزگاکانی دەوڵەتدا کاریان بەدەستە بەچاوی بایەخەوە سەیری ئەو شتانە بکەن کە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەکرێنەوە ، هەروەها دووپات کراوەتەوە کە سەرۆکایەتی دیوان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ شوێنی دوایەکی ئەو شکات و سکاڵاو داوایانە دەکەوێ کە لە ڕۆژنامەو گوفارەکاندا بڵاو دەکرێنەوە •

ئەم نووسراوە نوێیەی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار بەڵگەیەکی تری ئەو بایەخەیە کە بە داواکارو پێویستیەکانی هاوولاتیان دەدرێ ، هەروەها بەڵگەی ئەو شوێنەوارە گرنگەیە کەرۆژنامەگەری لەم وڵاتەدا هەیەتی •

هاوکاری و کۆمەڵانی خەڵك

● **کاك غێدان مجید حمید پۆلی یەکی ئامادەی پیشەسازی** تامیم نامەیەکی بۆ ناردوین کە تێیدا باسی هەندێ کەم و کوڕی کەرەکی شۆڕیجەی کەرکووکی کردوەو دەڵێ : شەقامەکانی شۆڕیجە ،بە تایبەتی ئەو شەقامەی کە لە موسەلاوە دەردەچێ هەمووی قوڕو بەردو چاڵو چۆڵە چونکە قیرتاونە کراوە ، لەبەر ئەمە هیچ تەکسیەکی بۆ ناچێت و ئەگەر بشچێت بەدوو قەدەری کرێکەی کەمتر ناچێ •

لە بەشێکی تری نامەکەیدا، کاك غێدان دەڵێ دەرچوونی یاسای بەزۆر لە ناوبردنی نەخوێندەواری کردارێکی بەکجار بەجێبوو ، بوو بە مایەی دڵخۆشی هەموو کۆمەڵانی خەڵك • گەرەکی شۆڕیجەش ، چونکە زۆربەی دانیشتوەکانی نەخوێندەوارن بە تایبەتی ئافرەتان ، هەرکە مەڵبەندی لە ناوبردنی نەخوێندەواری کرایەوە ، خەڵکێکی زۆر بە تایبەتی ئافرەتان ، بۆ خۆ ناونووس کردن چوون بۆ ئەو مەڵبەندە ، بەڵام لەبەر ئەوەی جێی هە موانی تێدا نەدەبۆوە ، ناچار هەندێکیان گەڕێنرانەوە دواوە •

ئێمە وا هەردوو مەسەلەکە دەخەینە بەردەم دەزگا پەیوەندیدارەکان لە شاری کەرکووك ،هیوادارین چارەی تایبەتی یان بۆ بەدی بکرێ • لەگەڵ سوپاسی زۆرماندا بۆ هەستی برایانەی کاك غێدان بەرامبەر بەم ڕۆژنامەیە •

● **کاك خالد دەربەندی** ـ گوندی سێگردکانی ناحیەی تەقتەت لە نامەکەیدا دەڵێ گوندی سێگردکان گوندێکی (٢٠٠) ماڵی یەو ژمارەی دانیشتوانی خۆی دەدا لە (١٠٠٠)کەس ، قوتابخانەیەکی سەرتای و یەکێکی ناوەندی و نەخۆشخانەیەکی لێیە •

ژمارەی قوتابیانی قوتابخانە سەرەتایی یەکە (١٩٠)کەسە ، کەچی هەر شەش مامۆستایان هەیەو بیناکە پێنج ژووری تێدایە ، لە کاتێکدا هەر بۆلی دوو ژووری دەوێ !

قوتابخانە ناوەندیەکە بریتیە لە دوو پۆل ، کەچی هیچ مامۆستای ناوەندیان نیەو مامۆستاکانی سەرەتایی بەڕێوەی دەبەن ! بیناش هەرنی یە •

بەڵام نەخۆشخانەکە ،ئەوە چەند مانگێکە پێوە داروە •

ئێمە وانامەکەی کاك خالد دەربەندی دەخەینە بەرچاوی کاربەدەستانی پەروەردەو تەندروستی هەولێرو هیوادارین بە زووترین کات چارەسەرێك بۆ هەرسێ مەسەلەکە دانرێ و چاوەڕێی وەڵامین •

● **کاك نیازی حەمە عەزیز** ـ رانیە ، ئێمەش بە تەواوی لە گەڵتداین کە دەبێ :

سەودا نەدرێ بە ئەو کەسانەی ئیجازەی ئۆتۆمۆبیل لێخوڕینیان نیە ، ئۆتۆمۆبیل لێبخوڕن •

ـ پۆلیسی هاتوچۆ لە گشت لایەك دابنرێ کە پێویست بێت ، بە تایبەتی لەقەزاکان ـ چونکە تائێستا لە زۆربەی قەزاکاندا پۆلیسی هاتوچۆکردن نیە •

ـ (ئیشارە ی) هاتوچۆ لە سەر ڕێگا سەرەکیەکان دابنرێ و پایە لەسەر هەڵدێرو کەندە لانەکان بچەقێنرێ •

● **برادەران « ك ٠م ٠ ص» « و» ك ٠ع ١٠» لە بەشی گارەبای سەربە ئامادەیی پیشەسازی «١٧» ی تەمووزی سلیمانی یەوە نامەیەکیان بۆ ناردوین باسی کەمو کوڕی ئەوقوتابخانەیەیان کردوە ، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە « مخصصات »ی قوتابیان و نەبوونی سۆپەو بابەتی خۆ گەرم کردنەوەوە هەیە و گلەیی لە دەوام و نیزامی قوتابخانەکەش دەکەن •**

ئێمە یەك دوو جاری تر هەر لەم ڕۆژنامەیەدا باسی گیروگرفتەکانی قوتابیەکانی ئامادەی « ١٧ » تەمووزمان کردوە ، وا دیسانەوە مەسەلەکە دەخەینەوە بەردەم ئەو لایەنانەی کە مەسەلەکەیان دەکەوێتە ئەستۆو هیوادارین بەم زوانە وەڵامیان بدرێتەوە•

Institut Kurde de Paris

جارێکی کە «مەحرووم» بەربەرەکانی «خانا» دەکا

محەمەد عەلی قەرەداغی

لە ژمارە (٤٣٦)ی رۆژنامەی (هاوکاری)دا (١) وتارێکم لە سەر کێبەرکێو بەربەرەکانی (مەولەوی)و (مەلاقاسم) نووسی ، تیادا پەنجەم بۆ بەر بە رەکانیەکی نێوان (خانای قوبادی)و (مەحرووم) راکێشا کە لە دیوانی مەولەویدا مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس بلاوی کردوونەتەوە ٠٠٠(٢) دوا بە دوای ئەوە لە کەشکۆلی خوالێخۆشبوو مەلا عەزیزی رێشاویدا نموونەیەکی دیکەی بەربەرەکانی نێوان خاناو مەحرومم دی وا لێرەدا پێشکەشی دەکەم :

خانا دەڵێ :

خەدەنگ غەمزەی وەنەوشە خاڵان
حەربەی نیم‌نیگای نازك نەوهاڵان
ئەر بگنۆ وە سەنگ کۆی سەخت خارا
مەکەرۆش وە گەرد وە بێ مودارا

مەحرووميش لە بەرهەڵەستی ئەم دوو شیعرەی خانادا بەم جۆرە دواوە :

مەخمووری دیدەی قەطرانی خاڵان
نیم‌نیگای موژەی گەردەن غەزاڵان
ئەر بگنۆ وە هەرد قوللەی کۆی پڕئاو (٣)
وەزات موطلەق مەکەرۆش بە ئاو

هەر لەو کەشکۆڵەدا دوابەوای ئەم دوو شیعرە سێ دوو شیعرەی تر بە جیاجیا لەم مانایەدا تۆمار کراونو لە سەر هەرسێکیان نووسراوە (وله) واتە : هی (مەحرووم)ە ، بەڵام دوو شیعری دووهەمیان ئەو دوو شیعرەیە کە مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس لە دیوانی مەولەویدا بە ناوی خانا وە تۆماری کردوون ٠ جا ئەبێ راستی مەسەلەکە چۆن بێت ٠

وەڵامی ئەم پرسیارە نازانم‌و شیعرەکان لێرەدا وەك خۆیان دەنووسم بەڵکو پاشە رۆژ شتێکیان دەربارە بزانرێت ٠

دوو شیعری یەکەم :

(وله)

زەرەی زیرزەی (٤) بازوو خرخاڵان
پەشێویی شێوەی پەشێو دەسماڵان
ئەر بگنۆ وە نەجد قوللەی پڕ خەطەر
مەکەرۆش وە تۆز بادبوردەی سەحەر
دوو شیعری دووهەم

(وله)

بەرقی سەیف ناز ئەبرۆ خەمینان
عەکس ماوی‌خاڵ خورشید جەمینان
ئەر بگنۆ وە کۆی قوللەی قەزاڵە (٥)
مەکەرۆش وە پۆل سفتەی صەد ساڵە

دوو شیعری سێهەم :

(وله)

زەرەرە جە زووخاو دەرد دەروونم
تاف سەیل هەرس دیدەی پڕ هوونم
ئەر بگنۆ وە کاو قوللەی (شاهۆ کۆ)(٦)
وەزات بێچوون تاونۆش جە نۆ

پەراوێز :

(١) بڕوانە : لە نێوان مەولەوی‌و مەلا قاسمدا ، هاوکاری ، ژمارە : ٤٣٦ ، ٧ی ئابی ١٩٧٨ ٠

(٢) بڕوانە : مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس ، دیوانی مەولەوی بەغدا ، چاپخانەی (نجاح)، ١٣٨٠هـ ١٩٦١ ، ل : ٤٠١ ٠

(٣) پڕئاو : لە دەسنووسەکەدا نووسراوە (پژاو) ٠

(٤) وەك لێرەدا نووسیم لە دەسنووسەکەدا (زیرزە) نووسراوە ، بەڵام رەنگە (زریزە) راست بێت ٠

(٥) قەزاڵە : شاخێکە کەو تووەتە پشتی خانەگاوە ، تاقی‌کراوەتەوە هەروەختێ بای بێ ئەی‌کا بە هەورو بارانی لێ ئەبارێ ٠

بڕوانە : دیوانی مەولەوی ل : ٣٠٤ ٠

(٦) شاهۆ کۆ : لە دەسخەتەکەدا (شاهو کو = شاهۆ کۆ) نووسراوە ، (کۆ شاهۆ = کێو ، چیای‌شاهۆ)ی‌مەبەستەو لە بەر قافیەی شیعرەکە وای لێ‌کردوە ٠

تێبینی : ئەم شیعرانە لە پەرەی (٤٨)ی وێنەی کەشکۆلی خوالێخۆش‌بوو مەلا عەزیزی رێشاوی وەرگیراون ٠

دەرەنجامی لەسەرخۆ

کورتە چیرۆك

نووسینی : زەکەریا تامر

کچۆڵەکە لە نزیکی تاوێرەکەدا پاوەستاو دای لە پرمەی گریان ، تاوێرەکە ووردو خاش‌بوو ، منداڵێکی ئۆژ ڕەشی لێوە هاتە دەرە ، کچۆڵەکە ئیتر لە گریان وەستایەوەو بەدەستەو پەنجەی هەر دوو چاوی سڕیو بە ترسو سەرسوڕمانی‌یەوە بە منداڵەکەی ووت : **((تۆ کێیت ؟)) ٠**

منداڵەکە ووتی : **((ناوم ئاسۆیە ، تۆ ناوت چی‌یە ؟)) ٠ (★)**

کچۆڵەکە ووتی : **ناوم (ڕندا)یە ٠**

ئاسۆ ڕووی پرسیاری تێ‌کردو ووتی : **ئەی بۆچی دەگریایت ؟ ٠**

ڕندا ووتی : **دایکم لێی‌دام ٠**

ـ لەبەر چی لێی‌دایت ؟

+ چونکە دەگریام ٠

ـ ئەی بۆچی دەگریایت ؟

+ دەمویست دایکم کراسێکی شینم بۆ بکڕێت ٠

ـ ئەی بۆ کراسی شینی بۆ نەکڕیت ؟

+ دایکم ووتی نان کڕین گرنگ‌تره لە کڕینی کراسێکی شین

ڕندا خەریك‌بوو پەلپە گریان دای‌بگرێتەوە ، ئاسۆ خێرا پێی ووت : **من حەزم لە یاری‌کردنە ، لە تەکم یاری دەکەیت ؟**

ڕندا سەری بۆ ڕاوەشاندا ، هەردوو پێکەوە بە شادی‌یەوە یاری‌یان کرد ٠ ڕندا لاسایی باساری‌یەکی کردەوە هێشتا فێری خوێندن نەبوبێت ٠ ئاسۆش لاسایی دەنگی قەلە ڕەشکەی کردەوە ٠

ڕندا پەنجەی بۆ ئاسمان ڕاکێشا بە ئاسۆی ووت : سەیری ئەو هەورە سپی‌یە بکە چەند جوانە !

ـ تەوە هەور نی‌یە ٠

+ ئەگەر هەور نەبێت ، ئەی‌چی‌یە ؟

ـ ئەوە باڵندەیەکی سپی‌ی زەبەلاحە ٠

+ بەڵام باڵەکانی نابینم ٠

ـ ئەوە بە ماشین ڕێ دەکات‌و باڵ دەگرێتەوە ٠

ڕندا بە گاڵتە پێ‌کردنەوە پێکەتی‌و پێ‌ووت : **تۆ سەرشێتی !**

ڕووی ئاسۆ گرژبوو ، **ڕندا پێی‌ووت ئەڵێیت تۆرایت؟ گاڵتەم دەکرد ٠ دەتوانیت لەمن خێراتر هەڵابکەیت ؟**

هەردووکیان بە دەوری درەختێکی سەوزدا دەستیان کردە هەڵاکردن ٠

کە ماندوو بوون لەژێر لق‌و پۆپی درختە سەوزەکەدا ڕۆنیشتنە سەر زەوی ٠

ڕندا ووتی : **ئێستا من شاژنم ٠**

ئاسۆ ووتی : **منیش فەرماندەی سوپای شاژنم**

+ کەواتە بە سوپاکەتەوە هێرش بەرە سەر دوژمن ٠

ـ سوپاکەم هێرشی بردە سەر دوژمنان‌و بەسەریان سەرکەوت‌و ئەوەتە هەزارەها بەدیل‌گیراو لەبەر دەستتدا کڕنووشت بۆ دەبەن ٠

+ منیش لێیان دەبوورم‌و فەرمان دەدەم بیانبەوە بۆ لای ماڵو منداڵەکانیان ٠

ئاسۆ ووتی : ئێستا من دەرۆزەکەرم ٠

ڕندا ووتی : **منیش دەوڵەمەندم‌و چڵ کوپەی پڕ لە زێڕم هەیە ٠**

ـ دەرۆزەکەر لە دەرگای کچە دەوڵەمەندەکە دەدات‌و داوای تەنیا کولێرەیەك دەکات٠

+ کچە دەوڵەمەندەکە کولێرە نادانە دەرۆزەکەرەکە بەڵکوو کوپەیەك زێڕی پێ دەدات ٠

ـ تەنیا یەك کوپە ؟!

+ ئەی دەرۆزەکەری تەماحباز بزانە تەماحکاری زیانی هەیە نەوەك سوود ٠

ئاسۆ دای لە قاقای پێکەنین بەڵام ڕندا پێی ووت : **ئێستا تۆ دزیت ٠**

ئاسۆ ووتی : من دزم‌و پۆلیسەکان بە دووم کەوتوون‌و گوللەم پێوە دەنێن‌و دەبرێم بۆ خەستەخانە ٠

+ لەوێ لە خەستەخانە دەمریت ٠

ئاسۆ ووتی : **نامەوێت بمرم ٠**

ڕندا ووتی : بەڵکوو دەمریت‌و منیش دێمە سەر گاڵتەکەت‌و گوڵێکی سپی‌ی‌دەخەمەسەر ٠

ئاسۆ ووتی : **جی‌دەکەیت ئەگەر بوویتە گوڵێکی سپی ؟**

+ لەسەر لووتکەی کێوێکی بڵند دەڕوێم هیچ کەسێك نەتوانێت پێیدا سەرکەوێت ٠

ـ ئەوگوڵە چی‌سوودێکی هەیە هیچ کەسێك نەیبینێت ؟

ڕندا ووتی : کێ پێ‌ووتووە کەس نام‌بینێت ٠ ئاسمانی شین‌و پەڵەهەورەکان‌و باران‌و ئەستێرەکان‌و هەتاوو مانگ‌و داڵەکان دەمبینن ٠

ئاسۆو ڕندا بۆ ماوەیەك بێ‌دەنگ بوو ، چەند پیاوێکی تفەنگ لەشانیان بەدی کرد لێیان نزیك دەبوونەوەو بە پێڵاوە زلەکانیان تڵپ‌وتاپ دەیان‌کێشا بە زەوی‌دا ٠

یەکێك لە پیاوەکان داوای لە ئاسۆو ڕندا کرد لە درەختە سەوزەکە دووربکەونەوە ، ئەوانیش وایان کردو ، کەمێك لە دوورەوە ڕاوەستان ، بە ترسەوە سەیری پیاوەکانیان دەکرد ، پیاوێکی جل‌و بەرگ دڕاوی دەم‌و چاو خوێناوی‌یان بە درەختە سەوزەکەوە دەبەستەوە ٠ ئەنجا بەرانبەری بەقنج‌وقیتی ڕاوەستان ، لوولەی تفەنگەکانیان تێ‌کردو، هەموو پێکڕا گوللەیان بێوەنا ، گوللەکان پیاوەکەو درەختەکەیان پێکەوە پێکا ، هەردوکیان پێکەوە داڕمانە سەر زەوی ٠

کاتێك پیاوەکان لەسەر خۆ دوور دەکەوتنەوە ڕندا دەستی‌کردە گریان‌و بەرەو ئاسۆ ڕۆشت‌و ، سەری بە سنگیەوە نووساند ، ئاسۆش هەردوو دەستی خستە گەردنی‌و باوەشی پێدا کردو بە خۆیەوەی نووساند ، هەر دەتووت یەك مرۆڤن‌و دەیەوێت هەڵبێت، ئەوەندەیان پێ نەچوو بوون بە تاوێرێك ٠

(★) لەبەر ئەوەی چیرۆکەکە زۆرتر نزیکی خوێنەری کورد ببێتەوە ناوەکەم کرد بە کوردی ٠ (م٠ر) ٠

مکرم رشید تاڵەبانی
کردوویەتی بەکوردی

گۆرانی خۆشەویستی لەفۆلکلۆری کوردیدا

کەلەپوور :

پەیوەندو دڵداری‌و خۆشەویستی‌یەکی سادە لەناو فۆلکلۆردا بەشێکی چاکی‌بۆ خۆی گرتووە ، لە کوردەواریداو لە هەموو کاروبارێکی ژیاندا ژنو پیاو هەردوو لایان بێ جیاوازی‌چاکی مەردانەیان لێ دەگرد بە لاداو پێکەوە شان بە شان‌لە ئیش کردندا بوون ٠ بێ گومان ئەم ئیش پێکەوە کردنەخۆی لە خۆیدا دەبێتە دروست‌بوونی پەیوەندی‌یەکی‌رۆحی لە نێوان هەردوو جیشمەکەدا ٠

ئەوەی پێویستیشە بوترێو دەستی بخرێتە سەر ئەوەیە کە خۆشەویستی پەیوەندی‌یەکی داوێن پاکی‌و دوور لە تاوانکاری بووە ، بە مانایەکی کە بوونی سەربەستی‌و تێکەڵاوی‌و ئیش‌کردن بە یەکەوە چاکتر وای کردووە کە لە یەکتر بگەن‌و بەناخی یەکتردا بچنە خوارەوە ، کە بەو جۆرە لێك نزیك بوونەوە هەبوو ئەوا بێ گومان داوێن پیسەکە تەواوی سەربەستی‌و ریگای هەڵبژاردنی هاوسەری خۆی هەیە ٠

جا کاتێ کە لە شەتڵ لێدان یا لە گەل کردن هەرەوەزێ نێوان کچو کوڕ دەبێ بۆ ئەنجام دانی ئەو کارە ، بە پێی دروست‌بوونی پەیوەندی خۆشەویستی هەرجوتێك واتا کوڕو کچێك دەستدەکەن بەباس‌و خواسی‌خۆشەویستی‌و جیهاتی مەعنەویان ، بەدەم ئەو دڵخوازی‌یەوە ئیشەکە چاکتر ئەکەن، وە بە شێوەیەکی ساکارو دڵ پاکی یەك بۆ یەك ئەم چوارینە فۆلکلۆری‌یە ئەڵێنەوە ٠

عومرم عەزیزم
ئاوێنەی دەنگم
رۆژێ نەی‌بینم
کوێر دەبێ ژەینم

یەکەم بەردی بناغەی خۆشەویستی‌و دڵداری لە نێوان کچو کوڕاندا ئەوەیە کە هەر دوو لا بە نیازێکی پاك‌و بێ دڵ پیستی بۆ یەك بڕوانن ، دروشمی نێوانیان بێ گەردی دڵ سافی‌و مەبەستی جوانی‌بێ ، جا ئەوە کە بیر کردنەوەیان بوو ، بێ گومان دوور کەوتنەوەو تۆزان لێك‌دابڕان لە بەینیانا دروست نابێ ، وە ئەگەر شتێکی نا دروست کەوتە نێوانیانەوە زۆر لە سەرخۆو پاکی‌یەوە بە یەکتر دەڵێن ٠

عەزیزم رۆحی شیرینم
بۆچی ئەمڕۆ لوتفت نی‌یە
بێ قەباحەت لێم زیز بووی
پێم بڵێ من سوچم چی‌یە ٠

یان ئەوە دەزانن کە یەیوەندی ژن‌و مێرد ، پەیوەندی‌یەکی یەکسانی‌و گونجانە ، هەردووکیان یەك مافیان هەیە ، بۆیە هیچیان ئاغاو دەرەبەگ‌و هیچیان چەوساوەو مسکێن نین ، ئەمە وای کردووە کە یەکێکیان خۆی لەوی‌تر بەگەورەتر نەزانێ ٠

بۆیە ئەبینین بەدەم گلەییەوە کچەکە بە کوڕەکە ئەڵێ ٠

لەولاوە هاتی نەت‌کردم نیگایی
خۆت دانا بە شا مێنش بە گەدایی ٠

کوڕەکەش بەدڵ ئەوایی‌و دەربڕینی هەستی ناسکی خۆشەویستی زۆر بە پەرۆشی دڵی کچەکەوە پێی ئەڵێ :

تۆ یەك کە چاوەکانت پڕن لە ئەفسونی خۆشەویستی‌و من بۆ لایان خۆت بە کێش ئەکەن، و قولکەی بەر گەردنت ئاوێ حەیاتی تێدایەو کانی‌یەکی هێندە بە فەرو خۆشی‌یە کە من ئاوی بخۆمەوە ، بۆ هەتایە ئامرم وە ئەگەر لۆچێك لەو ئاوە بدرێ بە ئەخۆش ئەوا شیفای ئەبێت‌و چاك ئەبێتەوە ، جا چۆن من لەگەڵ تۆ بێ لوتفی ئەکەم گیانە شیرینەکەم ٠ ئینجا بە دەم گوژانی‌یەکی بە سۆزەوە بە دەم گۆرانی‌یەکی بە سۆزەوە ئەوەی بۆ ئەکاتە شیعرو پێی ئەڵێ ٠

چاوت ئەستێرەی جادی‌یە
قولکەی بەرگەردنت کانی‌یە
هەرکەس بیخوا مردنی نی‌یە
ـ نورخان غالب ـ

گەردەنگانە

چاوشارکێ

« سالار زریان »

لێو ئەرخەوان ٠٠
چرۆی هیوام
شەوان کەدێم ٠٠ گوێ لەترپەی
دڵت ئەگرم ٠٠!
پلەی لێدانی دڵی من

فێی لێدێت‌و ٠٠ وەك مەلی سرك
ئەڕوا ئەدا ، لەشەقەی باڵ
تا خوا حەزکا ٠٠ ئەفڕێ ئەفڕێ
نوقرە ناگرێ
لێو ئەرخەوان ٠٠
کەلەچاوانت ئەڕوانم

چی ئەبینم ٠٠ جیهانێکی پڕ کارەسات
یاخۆم‌و خۆت
ئەء جیهانی هیمن‌و جوان
بۆ دڵداری ئێمە ئەدوێ
باسی ڕازو چپەی ژوانی
شەوانمان وەکو نۆبەرە
پێش‌کەش بووکی نەورۆزئەکا

● ● ●

چرکە لەدوای چرکەی ئەوین
ئەتبینم‌و
خۆم ئەخەمە ، نێو باوەشی
ئاسمانی ژین

دەم ئەخەمە سەر ڕوومەتی
شینی کاڵی ٠٠
تامەزرۆم‌و ماچی ئەکەم
وورد وورد تیشکی چاوەکانم
بۆ شەوە زەنگ
بەلم ئەگرێ
بەتاسەوە ٠٠

بەم شەوگاری مانگە شەوە
سەیرم ئەکاو لێم ئەڕوانێ
ئاخر چی بکەم خۆشەویستی
لە دڵی من گەورەترەو
بەقەد ئەوە
چۆن بتوانم ، دەری بڕم
لێو ئەرخەوان
چرۆی هیوای نەپشکتووی
ئاسمانی جوان

نەخشەی ئەوینێکی ئاوارە

جلال محمد فرج

ئەزانی بۆ :
وەك پایزێ
پڕم لەژان‌و دەردی سەر ؟
ڕێبوارێکی پەك‌کەوتەم‌و ٠٠٠ ،
چاوەڕێمە ببیە سێبەر ؟
ئەزانی بۆ
ڕەنگی کزم داوانەکا :
خێڵی شەم بۆ کوێستانەکەی
وەلی عاشق گەڕێتەوە ؟
چونکە شۆخیت بورکانێکی پەستێوراوە
لەناخەوە ئەمهەژێنێ
بێ تۆ دڵەبچکۆڵەکەم
کارگەیەکە
تەنیا خۆلەمێشی لەشم بەرهەم دێنێ !

● ● ●

بۆ شەنگەبی باڵەکانی ناڵێتە سروەی بەیان ؟
بۆچی ئاسکی سەرنجەکان نامکا بە مێرگی بەرکیژان ؟

ئاخر خۆ من کاکە مەمم
بۆ نابیتە خاتو زینم ؟
بێیتە ژوان
لە گۆڕمیش‌بم ٠ ٠چاو هەڵدێنم
بۆچ کەرەتێ
قۆڵت ناکەی بە سەرینم ؟

● ● ●

لەوکاتەوەی دەرگای نیگات
لە ئاستی پەیکەری منا داخراوە
ئاسودەیی ڕێبوارێك‌بوو
لەناو دڵما دەرکراوە

هۆکیژۆڵە

ـ ١ ـ

هۆ کیژۆڵە
ئەی مەلی ئارامی سەرچڵ
وا بەهار هات با دوبە دو
تێکڕا بژین بە کامی دڵ
بەهاری تەمەن خەزانە
گەر تیا ماچ نەکەم دەمی گوڵ
ئەو گوڵەش تۆی
هەرتوی هەرتۆی

ـ ٢ ـ

زوکە وەرە دەست دە دەستم
ڕێکخە زنجیرەی هەڵبەستم
بە ماچی لێوی پڕ خەندە
بیلاوێنە
مەیڕەنجێنە دڵی پەستم

ڕؤوف تاهیر زەنگەنە

بۆکچی ئەنووسم کە؟

بگرمەدەس پێنوسم
بۆ کام کچەبنوسم
بەچی بیراز ئینمەوە
دیاری ئەمجارەی دەسم
ئاخۆ چی‌بۆ بنێرم
هۆنراوەی گول بژێرم
چۆن لێکی بداتەوە
دەوڵەمەند یافەقیرم
کام کچەیێ بتوانێ
خەبات‌کا بێ وچانێ
لە ئاستی نیشتمانی
قەت خۆی‌یە کچ ئەزانێ
ئەوە دڵداری منە
هاوسەری ژینی منە
نامە بۆ ئەو ئەنێرم
بێ ئەو خۆشیم لێ ونە

فاروق عارف

Institut Kurde de Paris

لەپێناوی کەم کردنەوەی هەڵە چاپەمەنی یەکاندا

ڕەنگە بەڵانەوە سەیر بێ کە لە ڕۆژنامەیێك یا ئۆفارێکی کوردیدا ڕستەیێکی وەك ئەمەی ناو ئەو دوو کەوانەیە بخوێنیتەوە ..

(ڕای پەبخەرەکەدە سەربخی دیناح دا .. نە غەغی یاران ڕەبیژێو نە بەراحەی گۆلەکات ڕێ ..) .. جا ئەگەر شتێکی وات لە چیرۆکێك یا شیعرێکی خوتدا بەرچاو کەوت .. چۆن بەرد بەبا ناکەیت ؟!

بەڵام هێمن و ئارامبەو ئەم جۆرە هەڵەی چاپەمەنیانە بەسەر بەرهەمی هەموومان دا هاتوەو جا ئیتر کەم بێ یا زۆر، یەکسەریش جگە لەو کەسانەی هەڵە چاپەمەنێکان لە ڕۆژنامەکان دا چاك دەکەنەوە کەسی ترمان بەبیردا نایێت .. ئەمە ئەگەر کەمێ شارەزای کاروباری چاپ و چاپەمەنی بین .. گەرنا .. ئەوا هەموو دەستەی نووسەران و ستافی ڕۆژنامەکە دەکەونە بەر ئەو بەرد بەبا کردنەی باسمان کرد .. **ئەمجا داخۆ کێ گوناهبارە؟!** هەر هەڵە چاك کەرەوەکان .. یا چەندانێکی تریش ؟!.

بێگومان باری ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنی کوردی ئەمڕۆ وای سەباندوە کە ئەگەر نەلێین هەموو تیپ ڕێکخەرو کرێکارانی چەپەمەنی کوردی .. کوردی نازانن ئەوا زۆربەی هەرە زۆری ئاوەهان .. ئەمەیان هۆیێکی گرینگی گیروگرفتەکەیەو لە تاقیکردنەوەدا ئەوەمان بۆ سەلماوە .. گەر کرێکارانی چاپخانەیێك زمانەکە بزانن .. ئەوا زوربەی هەرە زۆری گرفتەکە چارەسەر دەبێ و بەدەگمەن هەڵە دەمێنێتەوە .. جا لەبەر ئەوەی ئەم لایەنە جارێ هەر وەك خۆیەتی .. با بەدوای هۆکانی تردا بگەڕێین .. یا هەر هیچ نەبێ هۆیێکی سەرەکی ترو چارەسەریشی دەستنیشان بکەین :

ئەو ڕستەیەی ناو کەوانەکە مەتەل نەبوو .. بەڵکو ڕستەیێك یا وێنەیێکی ئەدەبی بوو کە ئەمەیە (لای پەنجەرەکەوە سەرنجی دنیام دا .. نە نمەنمی باران دەبینرێو نە بەرامەی گوڵەکان دێ ..) .

با بزانین ئەو هەڵانە لە ئەنجامی چیەوە کەوتوونەتە ناوی و تەنانەت وشەیێکی بەڕاستی تیادانەهێشتوتەوە ..

لێرەدا باسی هەڵە چاکەوەکەری چاپەمەنێکان ناکەمو داکۆکیشیان بۆ ناکەم .. چونکە هەندێ لە کەمتەرخەمی ئەوانیش دەبنە هۆی ئەم هەڵانەو لە هەر شوێنێکیش دا کار بکەن .. سزای خۆیان لەسەری وەردەگرن ..

کەوانە لایەنێکی تر هەیە کە سەرچاوەی هەڵەی چاپەمەنیەو ئەویش نووسەر خۆیەتیو .. چۆن وشەکان دەنووسێ .. هەر وەك خۆی لە لایەن کرێکاری چاپخانەوە (تیپ ڕێکخەر .. یا لاینۆتەرەوە) وێنەی دەگیرێتەوە .. ئەلێم (وێنە) چونکە ئەو هەر ئەوەندەی لەسەرەو لە (وێنە) گرتنەوەی پیتو وشەکان زیاتر نازانێ .

بۆ چارەسەرکردنی ئەمەش .. دەبێ لە نووسەر خۆیەوە دەستپێبکەین و پیتو وشەکان بە جوانی و ئاشکرا و بەجۆرێکی وابێ لە لایەن کرێکاری لاینۆوە بە ڕێك و پێکی (وێنە)ی بگیرێ ..

بۆ ئەم مەبەستەش وا ئەم چەند سەرنجانەی خوارەوە دەخەینە پێش چاوی نووسەران و هیوادارین لەگەلماندا لەم ڕووەوە هاوکاری بکەن .. چونکە لە ئاقیکردنەوەی بەردەوامماندا بۆمان ڕوون بۆتەوە کە زوربەی هەرە زۆری هەڵەی چاپەمەنێکان لەم خاڵانەدا کۆدەبنەوە :

١ ـ دانانی خاڵ ـ نقطە ـ لە جێ٣ەی خوی دا .. یا دانەنانی چوکڵەی هەندێ پیت

ا ـ دنیا ـ دەبێتە (دینا) ..

نیە ـ دەبێتە (بنە) .

بنیات ـ دەبێتە (نبیات) یا (بینات) .

ب ـ بینرا ـ دەبێتە (بیزا) یا بەپێچەوانەوە .

گز ـ دەبێتە کنر یا بەپێچەوانەوە .

ج ـ پەنجەرە ـ دەبێتە (پەبخەرە) .

سەرنج ـ دەبێتە (سەربخ) .

بخۆ ـ دەبێتە (نجۆ) .

پێنج ـ دەبێتە (پێبخ) یا (پێنج) .

د ـ بەیان ـ دەبێتە (بەبان) .

یار ـ دەبێتە (بار) .

ئەگەر کاتێك دا خاڵی پیتەکەیەك تۆز پانتر یا گەورەتر بێ .

٢ ـ پیتی (م) لە دوای پیتی (ن) .. لە کاتێك دا پێکەوە دەنووسێنرێ .. دەبێتە یا دەبنە (غ) وەك :

ا ـ نموونە ـ دەبێتە (غوونە) .

نمەنمە ـ دەبێتە (غەغە) .

نمرە ـ دەبێتە (غرە) .

گەنمەشامی ـ دەبێتە (گەغەشامی) .

ب ـ پیتی (م)ی کۆتایی گەر جوان نەنوسرێت دەبێتە (ح) هەروەها پیتی (م)ی سەرەتا دەبێتە (حـ) وەك :

مەرام ـ دەبێتە (مەراح) .

مەمە ـ دەبێتە (حەحە) .

یا بە پێچەوانەوە .. وەك :

حەمە ـ دەبێتە (مەمە) .

نووح ـ دەبێتە (نووم) .. هتد .

٣ ـ تێکەڵاوبوون لەنیوان پیتی (د ، ر ، و)دا وەك :

دوور ـ دەبێتە (دوود) .

روو ـ دەبێتە (دوو) و بەپێچەوانەشەوە ..

وەرز ـ دەبێتە (دەرز) .

٤ ـ تێکەڵاوی نیوان پیتی (ز)و (ن) .. وەك :

ڕەوەز ـ دەبێتە (ڕەوەن) .

نان ـ دەبێتە (ناز) .

٥ ـ لەبێك چوونی دووپیتی (لا) لەگەڵ (را)دا وەك :

ڕاخەر ـ دەبێتە (لاخەر) .

لاو ـ دەبێتە (ڕاو) .

٦ ـ دانەنانی خەوتی سەر پیتی (ڤ ، ێ ، ل)و خەوتنی ژێر (ڕ) لە جێی خۆیدا .. وەك :

مێو ـ دەبێتە (میڤ) .

گوێ ـ دەبێتە (گۆی) .

دڵی ـ دەبێتە (دڵێ) .

دڵۆفان ـ دەبێتە (دڵوفان) .

خڕ ـ دەبێتە (چـر) .. هتـد .

٧ ـ چوکڵەی کۆتایی پیتی (س ، ش) دەبێتە (ی) یا پیتی (ی)ی بەستراو بە کۆتایی (سـ ، شـ)وە نامێنێ وەك :

کەس ـ دەبێتە (کەسی) .

هاوبەشی ـ دەبێتە (هاوبەش) .

٨ ـ پیتی (ه)ی ناوەڕاست دەبێتە (ه) وەك :

کفتە ـ دەبێتە (کفتە) .

مفت ـ دەبێتە (مفت) .

٩ ـ درێژکردنەوە .. یا پان کردنەوەی پیتی (ن)ی کۆتایی دەبێتە (ت)و بەپێچەوانەش .. وەك :

کان ـ دەبێتە (کات) .

پەت ـ دەبێتە (پەن) .

١٠ درێژکردنەوەی کلکی پیتی (ی) کۆتایی ، گەر بە پیتی ترەوە نووسابێ .. زۆر جار دەبێتە (حا) .. وەك :

کانی ـ دەبێتە (کانحا) .

گلەبی ـ دەبێتە (گلەبحا) .. هتـد .

بەپێچەوانەشەوە .. ریحانە ـ دەبێتە ریی نە .. جا ئیتر نازانم ئەم نووسینەی منیش چەندی هەڵە تێدەکەوێ !! هەر وەکو ناشزانم نووسەران تا چ ڕادەیێك بە دەنگمانەوە دێن ؟!

هەڵەچاککەرێك

سەرە دەزوی وازێك

کەمال نوری مەعروف

کوڕینە بەڕاستی ساڵەکەی نەهاتە گەروابڕوا بەردێکمان بۆ ئاژنەتە سەر بەردێ . ئەرێ برا چ فەوماوە ، هیچ بوە خوانەخواستە . ئەرێ وااڵا بو ئەوە باشین هەر لەمال نەبینەدەر ، توخوافەت دیونە چوار ڕوشنبیرو [illegible] ئەگەر ئەمانداریە هیچیان بەبۆ لەدیان لەگەڵ یەکتر باش نەبن ، خوا خوایانە بەکیکیان هەڵنەنێو بەهەموویان [illegible] سەری بێ ، بەهەزار زەحمەتو کوێرەوەری یەکی [illegible] ئەرێ برا خۆ بەردی [illegible] بەم جۆرە ، بەزیت بە خۆتا [illegible] کەوبەکیك [illegible] .

[illegible] ئەوەی نەمێنی ئەی شاعیر بەخوا قوربە [illegible] بکا باشترە .

برا بۆ ؟ تاکوبوکەی ڕاست کۆ نەبین . ئای چ نەخۆشی [illegible] .

برا من باشقول لە تۆ تۆلەمن بەخوا ئاتەینە ڕاستی و لە خزمەتە بەروزەکە دوور [illegible] ، بەڕەو [illegible] نەڕۆین . خەنکیش چاوەڕێی نیە یە بەردێکیان بو بنێمە سەر بەردی بی ئەوەی بتوانین هیچ بەدەستەوە بدەین . دەسا کوڕینە بادەس بخەینە ناو دەسی یەکتری و دوو دڵی و ڕابی گۆڕ بکەین و خومان بەزین بە ئاوی زەمزەم و ئامانجمان خزمەت کردنی زیاتی کوردی ڕەسەن بیت و خۆ دوور بگرین لە هەموو مەبەستیکی تایەجی و هیچی تر .

[illegible] ئەوەی [illegible] ئەی شاعیر [illegible] بەخوا قوربە [illegible] بکا باشترە .

برا بۆ ؟ تاکوبوکەی ڕاست کۆ نەبین . ئای چ نەخۆشی [illegible] .

برا من باشقول لە تۆ تۆلەمن بەخوا ئاتەینە ڕاستی و لە خزمەتە بەروزەکە دوور [illegible] ، بەڕەو [illegible] نەڕۆین . خەنکیش چاوەڕێی نیە یە بەردێکیان بو بنێمە سەر بەردی بی ئەوەی بتوانین هیچ بەدەستەوە بدەین . دەسا کوڕینە بادەس بخەینە ناو دەسی یەکتری و دوو دڵی و ڕابی گۆڕ بکەین و خومان بەزین بە ئاوی زەمزەم و ئامانجمان خزمەت کردنی زیاتی کوردی ڕەسەن بیت و خۆ دوور بگرین لە هەموو مەبەستیکی تایەجی و هیچی تر .

هەرەوزی نیشتیمانی سەرتاپاگیر

ـ هەرەوزی نیشتیمانی سەرتاپاگیر بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانەیە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ .

ـ لەناوبردنی نەخوێندەواری ئاواتێکە کە حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست بۆ جەماوەر وەدیدێنێ .

ـ هەرەوزی نیشتیمانی سەرتاپاگیر بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری خۆکردنێکی شۆڕشگێڕانەیە بەناو بنکەکانی دواکەوتن دا .

ـ ئەو دایکەی خوێندەوارە دەستەبەری پێگەیاندنی نەوەی دوارۆژە .



ئەمین شوان لە ئینگلیزیەوە کردوویە بەکوری

دەرگای ژووری دانیشتنەکەی کردەوەو بێدەنگ لەسەر قەنەفەیەك دانیشت و بە توڕەیی یەوە چاوی بڕیە لویس . ئەمیش لە تەنیشت ئاگردانەکەوە ڕاوەستابوو ، دەستی بە ڕەفەکەیەوە گرتبوو چونکە خۆی بۆ ڕاگیر نەدەکرا .

ـ بۆچی نەت هێشتوە ئەم منداڵە بێتە ژوورەوە ؟

بە تەوسێکەوە ، سەیرێکی کردو ئینجا وتی : حەز دەکەی تۆش بڕۆ ملت بشکێنە . هەموو تان ملتان بشکێنن .

وەکو شێت ، باوکم لێی داڕساو هیچی بەردەست نەکەوت فلچەبەکی جل پاك کردنەوەنەبێ ، کە هەڵمەتی دایەو تادەستی تێیدابوو تۆی سرەواندو شراخەی لە لاجانگی هەڵساند .

لێدانەکە ئەوەندە قایمبوو ، کە لە تاواندا وەکو کێچ ڕاپەڕیو بەدەوری خوێدا دووخولی خواردو ئینجا وەکو بە پیری یەکێکەوە بچێ بەرەو دەرگا تاوی دا .

ئەو کردارەی باوکم زۆر پێ ناخۆش بوو ، ئیتر لەبەر چاوم کەوت . لەبیرم نەماوە لەوەدوا چی ڕووی دا . واتێبگەم ، دوای ئەوە سیدنیش هاتەوەو باوکم هەردوکمانی خستە ناو جێوەو خۆی لێیداو ڕۆیشت .

لەدواییدا زانیم کە باوکم و لویس بەیانیش هەرشەریان بووبوەوە وباوکم چووبوو بۆ مالی برایەکی کە خانوو بەرەیەکی زۆری لەو ناوە هەبوو . چونکە پاشەڵی پیس بوو ، لویس لە خۆیەوە ڕقی لەو برایەی باوکم دەبۆوەو هەرگیز هاتوچۆیانی نەدەکرد .

بەڵام هەموو ئەوانە بەجێی خۆیان . باوکم لویسی خۆش دەویست . زۆر شەو ئەگەر سەرخۆش نەبوایە ، بەر لە نووستن ماچی دەکردو ئینجا شەو باشی لێدەکردو دەچووە ناوجێ . زۆر جاری تریش ، بێگومان ئەگەر سەرخۆش نەبوایە ، نانی بەیانیانی دەخواردو باسی شانۆی بۆ لویس دەگێڕایەوەو منیش چاوم دەبڕیە جولانەوەکانیو بە وردی گوێم لە قسەکانی دەگرتو هەموویم لە میشکمدا دەچەسپاند .

ڕۆژێك کۆمەڵەی نەهێشتنی بەدرەفتاری لەگەڵ منداڵاندا ، هاتن بۆ لای لویسو ئەمیش هاتنیانی یەکجار پێ ناخۆش بوو . کۆمەڵەکە ڕاپۆرتێکی پۆلیسی پێ گەیشتبوو لە بارەی منو سیدنی یەوە ، چونکە جارێکیان لەسەعات سێی بەرەبەیاندا بەخەوتوویی لەبەر ئاگردانی کابرایەکی یاساولدا هەردوکمانی دیتبوەوە . ئەوە شەوە ، وەکو دێتەوە بیرم ، لویس بەلەسەبوو بوو دەرگای لە هەردوکمان داخستو نەیهێشت بچینە ژوورەوە . ناچار ماین ڕووبکەینە ژوورەکە باسلول کە ئاگرێکی خۆشی کردبوەوە . کە گەرممان بوەوە خەومان لێکەوتو پاش ماوەیەك دوو پۆلیس لە خەویان هەڵساندینو بردیانیانەوە ماڵو درەگایان بەلویس بۆمان کردەوە .

ماوەیەکی پێ چوو . باوکم بۆ نومایش چووبوو بۆ دەرەوەی شار ، بەتێك کاغەزێکی بۆ لویس هێناو پاش نەختێك زانیم کە دایکم لە نەخۆشخانە دەرچووە . ڕۆژێك یان دوانی پێچوو ، ژنی خاوەن خانوەکە هاتە سەرەوەو وتی ژنێك لەبەر دەرگایەو داوای سیدنیو چارلی دەکا . لویس وتی ئەوە هەیە و لەبێ دایکتانە . تا نەختێك هەردوکمان لە خۆشیدا تاس بردیەوەو وەکو باوەڕنەکەین وابوو . ئینجا سیدنی ڕایکردە خوارەوەو منیش دوابەدوای ئەو . هەردوکمان پێکەوە خۆمان فڕێ دایە باوەشیە وە . دەتوت گەشکە گرتوومانی . هەمان ئەو دایکە ڕووخۆشە ، دەم بە پێکەنینە دڵسۆزەی جاران بوو . بە قەدەر موبەك نەگۆڕابوو . تا ماوەیەکی درێژ بە سۆزەوە هەردوکمانی بەخۆیەوە گوشی .

دایکم ، بۆ ئەوەی نەیەتە ژوورەوەو چاوی بە لویس نەکەوێ چونکە هەردوکیان یەکجار ڕقیان لەیەك دەبۆوەو لە دەرگا وەستا تاهەردوکمان خۆمان کۆکردەوەو شتەکانمان ئامادەکرد ، ئینجا لویس خواحافیزیەکی گەرمی لەمن ـ و تەنانەت لە سیدنیش ـ کردو ماڵمان بەجێ هێشت .

دایکم ژوورێکی لە پشت چوار ڕیانی کینینگتن نزیك ترشیاتخانەیەك گرتبوو . هەر لە پاش نیوەڕۆوە ، بۆنی سرکە ئەو ناوەی داگیردەکرد . زوورەکە هەرزانبوو ، هەموومان پێکەوە تێی خزابووین . دایکم بەتەواوی ڕەنگی هاتبۆوەسەر خۆیو هەر لەوە نەدەچوو کە تازە لە نەخۆشی هەڵسابێتەوە . ئۆخەی وادیسان یەکترمان گرتەوە ئەگەر چەرخی چەپێکەرد لێکمان نەکاتەوە ! زۆرباش ئەو ماوەیەی دوای ئەو کارەساتەم لەبیرنیە . هەر ئەوەندە دەزانم گیروگرفتی زۆر گەورەمان نەبوو . دە شلینگە حەفتانەکەی باوکم بە ڕێکوپێکی وەردەگیراو دابکیشم دەستی کردەوە بە گرێ چنیو دیسانەوە کەوتەوە سەر هاتو چۆکردنی کێشە .

تاکە ڕووداوێکی ئەو دەورەم هەرگیز لە بیر ناچێ . قەسابخانەیەك لەو سەری جادەکەی بەردەم ماڵمانبوو ، هەموو ڕۆژێك بەمێگەل مەڕیان بە بەردەمماندا بۆ ئەوێ تێپەڕدەکرد . ڕۆژێکیان مەڕێك لەڕانێك دەرچوو ، وەکو بزانێ بۆ کوێی دەبەن فرتەی لێکردو ئەو کۆڵانانەی گرتەبەر . کابرای خاوەن ڕان گەوتەدوایو خەڵکێکی زۆر بۆسەیرکردن کۆبوونەوە . هەندێك ویستیان بیگرنو بۆ خۆیان بیڕفێنن . هەندێکی تر ، هەربەدەوریدا ڕایان دەکرد . سەرتان نەیەشێنم ، کردیان بەمرخێش مرخێشێك نەبێتەوە . منیش بەشادیەوە ، بەوەی کە وەکو ئاسك جامبازەی دەکردو بەسووکی دەیتوانی بۆرزگارکردنی گیانی خۆی لەدەست ئەم هەموو خەڵکە خۆی دەربازبکا ، بەدەوریدا زریقو باقمبوو . مەسەلەکە زۆر سەیربوو . بەڵام کاتێك لەکۆتاییدا گرتبانو ئەویش ناچار بەرەو قەسابخانە کەوتەپێشیان ، ڕاستی تراجیدیاکە سڕی کردمو لە سوتدا هیچم بۆنەکرا ئەوە نەبێ خۆم بکوتمە ماڵەوەو دەستبکەم بەگریانێکی زۆر گەرم . هەر چەند دایکم هەوڵی لەگەڵمدادا ژیرم بکاتەوە تاماوەیەك نەهاتمەوە سەرخۆ ، کێ دەڵی هەر ئەو بەهارەئێوارە خەماویەو ڕاوراوێنە سەیرە کە تاچەند ڕۆژ دوای ئەوە هەر لەبیرم دەرنەدەچوون ، لەمەودوا نەبوون بە هەوێنو سەرچاوەی هەموو فێلمەکانم ـ واتە پێکەوە بەستانی تراجیدیاو کۆمیدیا ؟

ئێستا قوتابخانە ئاسۆی تری لێوە دەردەکەوێ : مێژوو . شیعر . زانست .... بەڵام هەندێ لە دەرسەکان، بەتابیەتی حیساب ، هەتا بڵێی ناخۆشو بێتامن .

مێژوو ، تۆماری دڵڕەقیو زوڵمو زۆرو دڕندەیی بوو . هەر پاشایەو دەکوژرێو هەر مەلیکەو براو برازاژنی خۆی دەکوژێ . جوگرافیا لە نەخشەو نەخشەکێشان بەولاوە هیچیتری تێدا بەستە نەبوو . شیعر لەبەکار هێنانی بیرتیژی بەولاوە هیچی ترنیە . پەروەردە مابەی سەرسوڕمانبوو لام . حەزم لە زانست دەکرد .

بەڵام داخەکەم ! هەر تەنها بەکێك هەبوایە، بیزانیایە فرۆشیاری بکا : هەر تەنها پێشەکییەکی وورژێنی لەبارەی هەریەکێ لەو بابەتانەوە بژم بخوێندایەتەوە کە لەوانەبوو خۆتووکەی بیرم بدەن ، لە جیاتی ڕاستی ڕەقو تەق نەختێ مێشکمی بەدووکەڵی خەیاڵ قانگ بدابە ، شتێکی لە بارەی ژمارەوە پێم بوتایە ، نەخشەی خەیاڵ وروژێنی بۆم بکێشایە ، تۆزێك شتی لە بارەی مێژووەوە بەگوێمدا بسرکاندایە ، مۆسیقای شیعری فێرمبکردایە ، لەوانەبوو بیم بە بلیمەتێك !

هەر لەو کاتەوە کە دایکم هاتبوەوە تەکمان ، هەمەر لەبارەی شانۆو مەزنی شانۆوە بەگوێیدا دەخوێندم. بە وەهەستە مەستی دەکردم کە گوایە گیانم جۆرە بەهرەیەکی تێدا دەدرەوشێتەوە . لەم کاتەدا ، لە لە قوتابخانە ئۆپەرێتی « سیجدریلا » نیشان دراو هەر ئەمە ئارەزووی ئەوەی لە گیانمدا وروژان کە ئەوەی دایکم هانی دەدام بۆی لەوێ تاقیبکەمەوە . لەبەر شتێك منیان بۆ هیچ دەورێك لەو ئۆپەرێتەدا هەڵنەبژاردبوو . لە ناخەوە هەستم بە ئارەزایی دەکردو خۆم لەوانەی کە هەڵبژێرابوون بە باشتر دەزانی . زۆر شێوەی ناشیرینو بێسەرەوە بەرەو کرچوکاڵی دەورەکانم بەلاوە جێگەی ڕەخنەبوو . وۆرم حەزدەکرد بەهەرەی خۆمو ڕێ نوێنیەکانی دایکم لەوێ تاقیبکەمەوو . زۆرم لا مەبەستبوو لەگەڵ تیپەکەدا تێکەڵبم ، بە تایبەتی ئەو کچۆڵەیەی کە دەوری سیندریلای دەبینی ، یەکجاری دڵی ڕفاندبووم. تابڵێی جوانو نەرمو نیانبوو . تەمەنی هەرخۆی دەدا لە چوارده . بەدزیەوە یەکترمان خۆش دەویست ، بەڵام ئەو چ لە تەمەنداو چ لە باری کێژمەڵبەتیەوە خواردنی من نەبو .

ڕاستیەکەیت دەوێ ، بەشدارنەبوون لە ئۆپەرێتەکەدا نەختێ دەماری گرتم زۆرتر لەبەر ئەوەی لە ڕاوەستان شانبە شانی کچۆڵەکە بێبەش بووم .

بەڵام نەمدەزانی هەر دوو مانگ دوای ئەوە سەرکەوتنێکی گەورەم چنگ دەکەوێ . دایکم بە ڕێکەوت پارچە شیعرێکی کورتی لە ڕۆژنامەیەکدا کەوتبوە بەرچاو کە باسی پشیلەیەکی دەکرد . شیعرەکەی لێ دەرهنابوو هێنایەوە مالو داوای لێم کرد لەبەری بکەم . منیش پاش ئەوەی باش لەبەرم کرد ، هەر لە بەرخۆمەوە بۆ ئاوەڵێکی قوتابیمم دەخوێندەوە . لەم کاتەدا ، یەکێك لە مامۆستاکانمان بەتەکماندا ڕەت بوو و کە گوێی لە شیعرەکە بوو ، هەڵوێستەیەکی کردو بەزۆر پێی خوێندمەوە . چونکە شیعرەکە خۆش بڕو وباسەکەی سەیربوو ، ژوور بە ژوور گەڕاندمیو پێمی خوێندەوەو هەموو قوتابیو مامۆستاکان بەتکەوە دەچوون لەبەر پێکەنین . لەمەوە لە قوتابخانەکەدا ناو بانگم دەرکردو ئەگەرچی بەرلەوە لە پێنج ساڵیدا لە جیاتی دایکم چووبومە سەر شانۆ ، ئەمە لەباری عەمەلیەوە ، هەوەڵ چەشتنی هۆشیارانەی تامی بەناوبانگیم بوو .. قوتابخانەکە ، چڕژاو لە قوتابیەکی نەناسراوی شەرمنۆکەوە بووم بە بنێشتەخۆشەی ژێردانی هەموو قوتابیەکان ، چ کچ چ کوڕ ، هەروەها هەی مامۆستاکانیش .

شتەکە هەر بە ناوبانگیەوە نەوەستا ، بەڵکو لەباری دەرسەکانیشەوە سوودی بەخشیو بوو بە هاندەری کۆشش کردن بۆم .

فەسلی سێیەم

پاش ماوەیەك ، دەستم لە خوێندن هەڵگرتو کەوتمە تەك تیپێکی سەماکردن ، کە ناوی « تیپی » هەشت لاوەکەی لانکشایەر » بوو . میستەر جاکسنی سەرۆکی تیپەکە ناسیاری باوکم بوو ، بۆیە ئەم دایکمشی هێنایە سەر ئەوەی لە تیپەکەدا بمێنمەوە چونکە یەکەم دەکەومە سەر ڕێبازی هونەرو باش ئەوە لە بارەی ژبانیشەوە بارمەتیەکە بۆ ئەو چونکە خواردنو نوستنم دەکەوێتە ئەستۆی تیپەکە جگە لەوەی کە هەفتەی تیو کراونیشی دەدەنێ لە جیاتی ئەوەی من کاریان لەگەڵدا دەکەم .

میستەر جاکسن بۆوە پیاوێکی پەنجا ساڵە بوو . بەر لەوەی ئەو تیپی سەماکردنە پێك بهێنێ ، مامۆستای قوتابخانەبوو . ئەم ژنەی ئێستای بە هۆی ڕۆژنامەوە

بڕوانە : ل : ٧

Institut Kurde de Paris

خزمەتو پاکو خاوێنی لە :

مەلبەندی چاودێری پیرو پەکەوتەکاندا لە سلێمانی

فریسا عبدالله پ. هاوکاری لە سلێمانی

چەند شەقامو ناوبازاڕی شارەکەمان براژێنرێتەوە ... چەند پرۆژەی گەورەی بەرهەمهێنەر لە ناوچەکانی وڵاتەکاماندا بکرێتەوە .. !تەنها یەک دیاردەی پڕ ناسۆر لەباڵیاندا بۆمان دەبێتە کەدەر ... ئەوەی لە یاڵ ئەم پێشکەوتنەدا ئەو دیاردەیە ببینێت ، بە تایبەتی ئەگەر کەو کەسە میوانێکی بێگانە بێت راستەوخۆ روتیو برسی یەتیمان بە سەردا دەسەپێنێت ..

لێرەدا مەبەستمان لەو دیاردەیە پەرەوازە بوونی پیرو پەکەکەوتەکانی شارەکانمانە ، ئەگەر بهێلرێت لەناو بازاڕو شەقامەکاندا دەست لەمو لەو بان بکەنەوەو شەویش لەبەر دەرگای مزگەوتەکانماندا رۆژ بکەنەوە ئەوا ئەو کەدەرە بۆ خۆشمان دەگونجێت ...!! ئەگەر واتە پێویستە لایەنێك هەبێت هەوڵی هەڵبرزکاندنو لەناوبردنی ئەو دیاردەیەی دابێت ... با بزانین کەی وە چۆن بوە ؟ دەربارەی ئەم مەبەستە کاک عبدالقادر نوری بەڕێوەبەری مەلبەندی چاودێری کردنی پیرو پەکەکەوتەکان لە پارێزگای سلێمانی پێمانی ووت :

عبدالقادر نوری

لە ساڵی ١٩٧٦دا ئەم مەلبەندەمان کرایەوە .. ئەمەش بەهەوڵی پارێزگاری سلێمانیو هاریکاری کردنی ئەمینداری گشتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ناوچەی کوردستان بوو ... پاشان مەلبەندەکەمان بە هەموو پێداویستیەکی تەجهیز کرا لەگەڵ ئەرخان کردنو دابین کردنی خواردەمەنی چاک .. پاشان کاک عبدالقادر ووتی :

مەلبەندەکەمان بریتیە لە دو هۆڵی گەورە ،یەکێکیان بۆ پیاوانو ئەوی کەشیان بۆ ژنان .

ژمارەی پێخەفەکانمان ئێستا بەنجا پێخەفە بەڵام لەم کاتەدا تەنها (٩) ژنو (٢٢) پیاومان وەرگرتوە .

لێرە بەرگدروی تایبەتی خۆمان هەیەر بەرگی هاوینەو زستانەبان بۆ دەدورین لەگەڵ سەرتاشێکو برین پێچێکی هەمیشەیی .

لە دوایدا کاک عبدالقادر دەربارەی وەرگرتنیان وتی :

بەم دوو چەشنە وەر دەگیرێن :

١ ـ ئەو کەسانەی لەناو بازاڕو گۆڵانەکاندا سوال دەکەن پۆلیس وەک ئەرکێکی رەسمی سەرشانی خۆیان بۆمان کۆ دەکەنەوەو بە پێی یاسای ژمارە [٩٠ ، ٩١]دادگا رەوانەی ئێمەی دەکا ... ئێمەش دوای ئەوەی راپۆرتی خەستەخانەمان پێدەگا ، تێکەڵاوی ناو ئەوانی کەیانی دەکەین .

٢ ئەو پیرو پەکەکەوتانەی کەس و کاریان توانای بەخێوکردنیان نییە ، خۆیان دەیانهێنن و بە رەسمی داوای وەرگرتنیان دەکەن، بێگومان لەوەرگرتنیشیاندا ئەم مەرجانە رەچاو دەکەین :

أ پیر : ژن بێت یان پیاو نابێت تەمەنی لە (٦٠) ساڵ کەمتر بێت .

ب . پەکەکەوتەکان :ئەمان لە هەر تەمەنێکابێت وەردەگیرێن .. ئینجا بەم شێوەیە خواردنیان دەدرێتێ :

أ ـ بەبانیان : هەموو کەمێک دلگیر دەبن بەڵام لە دواییدا بۆیان روون دەکەینەوە کە میری نیشتمانی ئەم مەلبەندەی لەبەر دابین کردنی زیانی رۆژانەی ئەوان کردۆتەوە .. پاش ئەوەی داخوازیەکانیان وردە وردە بۆ جێبەجێ دەکرێت ئیتر لە گەڵماندا رادێن .

« نەنەخانمو کاک عزیز »

نەنەخانم : یەکێکە لەو ئافرەتانەی بۆ دوو ساڵ دەچێت لەم مەلبەندەدا شەوو رۆژ پێکدەگەیەنێت ، ئێستا تەمەنی لە (٩٠) ساڵ زیاترەو رەنگو بۆیەکی خاوێنی هەیە ، بەڵام لە کاتی وەرگرتنیدا زۆر نەخۆشو لاواز بووە .

عزیز : یەکێکە لەو کرێکارانەی لێرە خزمەتیان دەکا .. سەرو زمانی زۆر لە گەلیانا شیرینەو ئەوانیش زۆریان خۆش دەوێ هەر کە بزانێ خەریکە پەستی دەیان گرێت کۆیان دەکاتەوەو هەندێ قسەی خۆشیان بۆ دەکا .. بەتایبەتی لەگەڵ (نەنە خانم)دا زۆر بەینیان باشە .

پەک کەوتەکان لە رابوردودا

لەم سەردانەماندا .دەستی نەنە خانمی گرتو هێنایە لامان . راستیەکەی وەک ووتمان بەساڵدا چووەو زمانە زۆر ئازاری داوە ، بۆیە هەر چی یەکی دەوت قسەوباسی تێکەڵ وبێکەڵ بوون زیاتر داستانێکی هەڵبرزکاوی بچربچری دەگێڕایەوە .. دایاربوو مسۆگەر کردنی ژیانی پاشە رۆژی کۆسپێکی گەورەبوە بە لایەوە چونکە دەیووت [تا کۆی نەکەینەوە نیمانە] ، (لەسەرمان دەلەرزیمو لار دەبوومەوە) ، (مامە شیخ عبدالله ... من تەماعم لە کاسپی نەگرتووە).

لە کۆتاییدا هیواداریەن وێنەی ئەم چەشنە مەلبەندانە لە وولاتەکەماندا زیاتر بایەخیان پێ بدرێت .

بەرگ دروی مەلبەندەکە

هۆلی نانخواردنی ئافرەتان

ژوری نووستن .

بۆچی شوێنەوارێت دەوکێ بێ خواردنن

میللەتو دەوڵەتێت جهانێ شانازیێ ب شوینەوارێت خو دکەن ب هزارا دینارا دەزخن تاکو جهەکی ئان ئاقاهیەکێ شوێنەوار دەرخن ژبن عەردی یان پارزنە ژ هەرفتنێ . ئوب هەمی هێزاخو پروپاگەندێ وراگەیاندنێ بروژنامو دەزگاییت بێ تێل بو دکەن تاکو بەرێ خەلکێ خویو بیانی بکەقینێ .

راماناوان ژی ژفی کاری ئەوە ئەو خەلکێ دچینە سەرەدانا فان جها دێ دوو قازانجا گەهینیتە میری ژلایەکی دێ بینە ئەگەر پارەکێ باش ژخەلکێ بیانی دێ ژدەرفە هێنە ناف میللەتی هەلبەت ئەفە بازرگانیەکا باشە ئو ژلایێ دیفە دێ بیتە ئەگەر سەرەدا نکەرێت بیانیدێ هەست ب ژیارو بازێریاوی میللەتی کەت ئو پروپاگەندێ وراگەیاندنێ بوکەت ب کورتی دێ بو دەهولێ فوتن بەلاش . گرنگیا شۆینەوارێت بو ئەگەرنەتەوێت یەکگرتی بریاردا هەمی شوینەوارێت وەختێ خو دەولەتێت ئیمپریالزم ژمیللەتێت پاشکەفتی دزین و برینە عەنتیکە خانێت بگەرینەفە بو خودانێت وان . بێگومانە عیراقێ ژمێژە پێنگاف یاهافتی بوپاراستنو دەرهینانا شوینەوارێت عیراقێ رێفە بەربەکا گشتی یا پێك هینای بنافێ رێفەبەریا شوینەوارێت گشتی . بەلێ نزانین کا بۆچی لێپرسیارێت وێ بدرستی بوی کارێ بستوێ خوفەگرتی پێ نارابن . هەمی شوینەوارێت پارێزگەها دهۆکێ لپشت گۆهێ خوفەبێت هاڤێتین . چ سەخبێریێ لێناکەت هێدی هێدی بیتهورکومن گەلەکژ وان گای کوریا ژێ مایی . هەکە بگەهێ بیت ژگەهاوان رابری هەکە لدوبف مەترسیا لسەربیت وەکی مەگوتی بیت بینە هەزلك هەکە بێژن ئەم جهێت وان نزانین نیشانێت هەمیا . بیت لنك وان . بەلێ دیارە ژخەم ساریاوانەو بێکەسیا فان شوینەوارایە . بیت کو لپارێزگەها دهوکێ .

شوینەواژی ئەفێت خارنە .

١ ـ شکەفتا هەلامەتا لگوندی گەفەرکێ .

٢ ـ پرا دەلال لزاخو .

٣ ـ خانا کورێت گافانا .

٤ ـ شوینەوارێت ئامیدیێ .

٥ ـ شوینەوارێت گەلیێ رێکا شیخ ئیسلام .

صدیق علی ئامیدی

یاسای لە ناوبردنی نەخوێندەواری

لەژمارە ٤٢٨ و ٤٢٩ و ٤٣٠ی هاوکاریدا بەشی یەکەمی یاسای هەرەوزی نیشتیمانی سەرتاپاگیر بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری بە ئیجباری بڵاوکرایەوە. لەم ژمارەیەوە بەزنجیرە بەشەکانی تری یاساکە پێشکەش دەکەین بەخوێنەران .

ـ هاوکاری ـ

بەندی ((١١))

یەکەم ـ کاروباری بەرێوەبەرایەتیو دارایی و فەنی لە هەموو پارێزگایەکدا فەرمانبەرێك لە پلەی بەرێوەبەردا ئەیگرێتە ئەستۆو پێی ئەوترێ (بەرێوەبەری بە ئیجباری لەناوبردنی نەخوێندەواریو بە فرمانێکی سەرۆکی دەزگای راپەراندن دادەمەزرێ . ئەو پارێزگایەی کە زیاتر لەیەك بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی تێداهەیە ، بەگوێرەی ژمارەی ئەو بەرێوەبەرایەتیانە بەرێوەبەری تێدا دەبێ .

دووەم : بەرێوەبەرێتی بە ئیجباری لەناوبردنی نەخوێندەواری پەیوەندی بە بەرێوەبەری گشتی پەروەردەی پارێزگاوە دەبێ بە گوێرەی ئەو دەسەڵاتو فرمانانەی کە ئەنجومەنی بەرز دایان دەنێ .

سێیەم : ئەنجومەن بۆی هەیە لە دەسەڵاتەکانی خۆی بدا بە سەرۆکەکەی .

جوارەم : سەرۆکی ئەنجومەنی ناوچەیی بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی خۆی بدا بە بەرێوەبەری گشتی پەروەردەی پارێزگاو بەرێوەبەری گشتی پەروەردە بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی خۆی بدا بە بەرێوەبەری بە ئیجباری لەناوبردنی نەخوێندەواری

یەکەم : لەهەموو قەزایەك یان ناحیەیەکدا، ئەنجومەنێك بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری بەگوێرەی قەوارەی ئیداریو بە بریاریکی سەرۆکی ئەنجومەنی ناوخۆیی پارێزگا (پارێزگار) بەم جۆرەی خوارەوە پێك دێ :

أ ـ قایمقام یان بەرێوەبەری ناحیە سەرۆك

ب ـ لیپرسراوی رێکخراوی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست جێگری سەرۆك

جێ ـ نوێنەرێك لە جیاتی ئەو رێکخراوە میللیو یەکێتیی بیشەیی یانەوە کە لە مادە (٢)ی ئەم یاسایەدا ناوبراون ئەندام

د ـ سەرۆکی ئەنجومەنی گەل ئەندام

هـ ـ سەرپەرشتکەری پەروەردەیی ئافرەتی لەناوبردنی نەخوێندەواری ئەندام

و ـ سەرپەرشتکەری پەروەردەیی لیپرسراوی لەناوبردنی نەخوێندەواری دەمراست .

دووەم : سەرۆکی ئەنجومەنەکانی لەناوبردنی نەخوێندەواری لە ناحیەکاندا ئەندام دەبن لە ئەنجومەنی لەناوبردنی قەزادا ئەندام دەبن .

سێیەم : سەرۆکی ئەنجومەنی قەزا ، لەسەر راسپاردەی ئەنجومەنی ناحیە ، بۆی هەیە ئەنجومەنی ناوچەیی بۆ لە ناوبردنی نەخوێندەواری لەدێیەکاندا پێك بهێنێ لەو کەسانەی کە ئەنجومەنی ناحیە هەڵیان دەبژێرێ هەرکە پێویستی ئەمەی ویست .

جوارەم : ئەنجومەنەکانی قەزاو ناحیەکانو ئەنجومەنەکانی دێیەکان ، لانی کەم ، مانگی دووجار ، یان هەر کە پێویستی وای ویست ، کۆدەبنەوەو کۆبوونەوەکانی لە بارەی بانگهێشتنیو نیسابو دەنگدانەوە دەکەونە بەر ئەو ئەحکامانەی کە لە مادەی (٥) ی ئەم یاسایەدا باسکراون .

پێنجەم : ئەنجومەنەکانی قەزاو ناحیەکان ئەو کارانە دەگرنە ئەستۆ کە لە بەندی (سێیەمی) مادەی (١٠) دا باسکراونو ئەنجومەنەکانی قەزاو ناحیەکان بریارو راپۆرتەکانی خۆیان بۆ ئەنجومەنی ناوخۆیی لە پارێزگادا بەرز دەکەنەوەو ئەنجومەنەکانی ناحیەکانیش بریارو راپۆرتەکانی خۆیان بۆ ئەنجومەنی لەناوبردنی نەخوێندەواری لە قەزادا بەرز دەکەنەوە .

بەشی لێکۆڵینەوە :

فراوان بوونی چاندنی توتی چاك لە ناوچەی کوردستانی عیراقدا

چاندنی توتنو تەنباك لەوچاندنانەن کە پێویستیان بە دەستی کارگێڕی شارەزاو لێهاتو هەیە لە کاروباری چاندندا ، بەتایبەتی چەندنی تەکنیکی نوێو شارەزایشی لە قۆناخەکانی بەرهەمهێنانو ساخبۆتەوە ئەوتەقەللایەی بۆ چاندنی توتن دەدرێ (١٨) جار لەو تەقەللایە زیاترە کە لەچاندنی بەرهەمی دانەویلەدا دەدرێ .

● زەویو زاری چاك بۆ چاندنی توتن

زەویو زاری چاكو شیاو بۆ چاندنی توتنی رۆژهەلاتی چاك لە وڵاتەکەماندا دەکەوێتە ناوچە شاخاویەکانی کوردستانی عیراقەوە . بەڵام زەویو زارەکە پارچە پارچەی بڵاوە لە پاناییەکی کەمو دیاری کراودا ، لەبەر ئەوە خێزانە جوتیارە کان ناتوانن لە دوو دۆنم زیاتر توتن بچێنن ئەم کەمیەیەش لەبەرهەمدا بە پێی ناوچە کشتوکالیەکان دەگۆڕێن بە سروشتو ئاو هەواو جۆری زەویەکە . دیسان جۆرو دەرەجەی چاکی توتنەکە لە هەمان زەویدا بە پێی جیاوازی لقو گەڵاکانی دەگۆڕێ .

پانایی رێگا دراو بە چاندن لە نێوان ٣٠ـ٦٠ هەزار دونمدایەو موعەدەلی بەرهەم لە ماوەی پانزە ساڵدا دەگاتە نزیکەی ملیونیك کیلۆ گرام توتن ، بەرهەمی ساڵی ١٩٧٦ گەیشتە٦ ملیۆنو ٧١٨ هەزارو ٤٩٠ کیلو گرام یە پێچەوانەی ساڵەکانی بەر لە ١٩٧٦ بەهۆی زیادبونی نرخی توتنەوەو هاندانی جوتیارانو کەم کردنەوەی ناتەواویەکانی بەرهەم هێنانو رێگانەدان بە هێنانی توتن لە دەرەوە.

● مەلبەندەکانی لێکولینەوە .

چەندان مەلبەندی لێکولینەوەو ئیستگەی بەرهەمی توتنی چاککراوو تاقی کردنەوە هەنو ژمارەیان دەگاتە ٩ ئیستگەی بەرهەمی توتنی ئەفرەنجیو موختەبەری توتن لە بەگرەجۆ کە لە ساڵی ٩٧٦وە کاری تیا دەکرێو ئەمساڵ تەواو دەبێو ئیتر پیویست ناکا لەم بارەیەوە متماتە بە شارەزایی دەرەوەی وڵات بکرێ .

● فراوانبونی چاندنی توتن .

بنەڕەتی پیویست بۆ فراوان کردنی چاندنی توتن دانراوە بە تایبەتی توتنی ئەفرەنجی کە راپورتی شارەزاکان ئەوەی دووپات کردۆتەوە خەسائیسی بنەڕەتی توتنی ئەفرەنجیان دباری کردوە کە لە لای خۆمان دەچێنرێ هەروەك ئەو توتنە ئەفرەنجیەیە کە لە چینو هیندەوە دەهێنرێ .

لە ساڵی رابوردودا بەشی دیاری کراوی چاندنی توتن لە هەرچوار سەرۆکایەتی کشتوکالی ناوچەی باکوور دانرا بە مەبەستی رێکخستنی ئیجازەی چاندنی توتنو دابەش کردنی پاناییەکانی زەوی زاری چاندن لە پاڵ رابەرێتی کردنو هاوکاری کردن لە لایەن ئیستگەکانی لێکولینەوەو دابەش کردنی شەتڵی چاك بەسەر جوتیارەکاندا .

● گیڵگەی دەوڵەتی تایبەت بۆ تۆوی چاك

بریاریش وایە ، گیڵگەکانی دەوڵەت کە تایبەتن بە بەرهەمی تۆوی چاککراوەوەو دابەش دەکرێ بەسەر جوتیارەکاندا لەگەڵ پەینی کیمیاویدا ، فراوان بکرێنو دیسان کۆمەڵانی هەرەوەزی تایبەت بە چاندنی توتن دادەمەزرێ لە ناوچەکانی دەشتی بتوێن لە پارێزگاری سلیمانی . هەروەها بریارە لە سەر رێوشوێنی گیڵگەی هەرەوەزکاری کشتوکالی چەند گیڵگەیەك لە لایەن دەوڵەتەوە دروست بکرێن لەگەڵ بەکارهێنانی مەکینەی نوێ لە چینەوەو وشك کردنەوەی توتندا .

Institut Kurde de Paris

ئەو دیاردەیەی یۆتۆپیانە چارناکرێت

فوئاد قەرەداغی

لە سەرەتای ساڵی (١٩٧٠)وە رەخنەی ئەدەبی ، وەکوو لقێکی گرنگی ئەدەب بە تەوژم هاتۆتە ریزی لقەکانی تری ئەدەبەکەمانەوە • شان بە شانی شیعرو چیرۆك و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دەروات و لە ماوەیەکی ئێجگار کورتدا شوێنی خۆی خۆش کردووەو بووەتە مەیدانێکی بەرین بۆ زۆرانبازی‌ی نێوان رێبازە ئەدەبی‌یە جیاوازەکان بەجۆرێك ئەوەندەی لەم چەند ساڵەدا لە شیعرو چیرۆك توێژراوەتەوە، لە مێژووی دەیان ساڵی ئەدەبی کوردیدا رووی نەداوە•

رەخنەی ئەدەبی وەك ئامرازێکی خەباتی ئایدیۆلۆجی لە هەموو لقەکانی تری ئەدەب زیاتر زۆرانبازی‌ی تێدا رەنگ ئەداتەوە لە بەر ئەوە شەقلی ئەو زۆرانبازی‌یەو چۆنایەتی‌یەکەی دەگرێتە خۆی‌و راستەو خۆ جیاوازی رێبازو بیرکردنەوەو هەڵوێست لەم بوارەدا شتێکی ئاسایی‌یەو بەهەوڵدانی دەستکردو خۆزگەو هیوای چاك ناتوانرێت بنەبڕ بکرێت •

توندوتیژی لەم بوارەدا هەردەم رەنگدانەوە خەباتی ئایدیۆلۆجی‌و رووانگەی فەلسەفەی‌و چۆنیەتی تێگەیشتنە لە جوانی • رادەی توندو تیژی‌یەکەیشی بەپێی ئەرکەکانی قۆناغی مێژوویی‌و چۆنیەتی ریزبوونی چینەکان‌و ئاستی رۆشنبیری‌و هەست بەلێپرسینەوە کردنی مێژوویی ئەدیب‌و رەخنەگرەکان ئەگۆڕێت • ئەمانە بەگشتی ئەو جەوهەرە پێك ئەهێنن کە ئەبێتە دیوی دەرەوەی دیاردەکە چونکە جەوهەر بنەمای دیاردەیەو هەرگیز لەبەك جیا ناکرێتەوەو بە هەر دووکیان واقیعێك نیشان ئەدەن • لە بەر ئەوە جیاکردنەوەی هەر دیاردەیەك لە جەوهەرەکەی تێگەیشتنێکی لاسەنگ‌و یەك لایەنیمان ئەداتێ‌و هەردوو دیوی دەرەوەو ناوەوەی واقیعمان لێ ئەشێوێنێ‌و رێمان بێ هەڵە ئەکات • جگە لەمەش، هەر دیاردەیەك ئەنجامە بۆ هۆیەك‌و هۆیەکشە بۆ ئەنجامێکی تر • بۆیە دیسان تێ نەگەیشتن لەمە ئەبێتە هۆی لێکدانەوەیەکی یەك لایەنی‌و نەپێکانی‌و واقیعی نیستاو نەبینینی رەوتی دوایی دیاردەکە •

لێکۆڵینەوە لەرەخنەی ئەدەبیمان ، لە بەرتیشکی ئەو راستی‌یانەی سەرەوە ، واقیعی ئیمرۆی رەخنەی ئەدەبی‌ی کوردو رەوتی ئایندەیمان بۆ روون ئەکاتەوەو راستترین هەڵوێستمان ئەخاتە بەردەم •

لە ماوەی هەشت ساڵی رابوردوودا ، کە رەخنەی ئەدەبی ، وەك لقێکی سەرەکی مەیدانی ئەدەب هاتۆتە پێشەوە ، هەمیشە گە لێك بۆ چوون‌و تێگەیشتنی جیاجیا ئە بارەیەوە هەبووە لە نێوان ئەدیبەکاندا لەرووی ئەرکەکانی‌و ئوساوبی بەدی‌هێنانی ئەو ئەرکانەی • دەنگی زاڵو بیروڕای باو (سائد) رەتکردنەوەی ئەو جۆرە رەخنانە بووە کە لەو کاتەوە تا ئیمرۆ لەسەر یەك بەرنامە بەردەوامە لەکاری رەخنەگریدا •

هەموو ئەو تۆمەتەو کەموکووڕی‌یانەی ئیمرۆ دەدرێتە پاڵ رەخنەی ئەدەبی، هەرهەمان ئەو تۆمەتانەیە کە لەگەرمەی مشتومڕە فراوانەکەی ساڵی ١٩٧١ - ١٩٧٢دا لەمەڕ (روانگە)کرا ، ئەدرایە پاڵی ، هەر ئەو تۆمەتانەیە لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٦ یشەوە بەردەوام ئەدرێتەپاڵی تا ئەو رادەیەی کەم نووسەری کورد هەیە چەند دێڕێکی نەنووسیبێتەو رای تایبەتی خۆی لەم بارەیەوە دەرنەبڕیبێت •

زوربەی شاعیرو چیرۆکنووسەکان ، وەك مافێکی سروشتی‌و لە پێناوی بەرگری‌کردن لە ئەدەبە باوەکەی خۆیان لەبەرەی رەت کردنەوەی ئەم جۆرە رەخنەیە‌دا راوەستاون‌و زۆربەی ئەو دادو بێدادی‌یەی لەدەست رەخنە ئەکرێت لەلایەن ئەوانەوەیە • یەم پێیە ئەبینین ناکۆکی نێوان نووسەرانی کورد دەربارەی چۆنیەتی رەخنەی ئەدەبی‌و ئەرکەکانی‌و شێوەی وەك دیاردەیەك ناکۆکی‌یەکی دەستکردە لە لەیەك دوور هەڵدابێت بەڵکو تەمەنێکی هەیەو رەگ‌و ڕیشەی قووڵ رۆشتووەو بە درێژایی هەشت ساڵو بگرە زیاتریش خۆی داکوتاوە • لەبەر ئەوە ئەم دیاردەیە درێژە ئەکێشێتەو سەرکوتاندنەوەی رەخنەی ئەدەبی‌و رێگەگرتن لە گەشەکردنی‌و پەنابردنە بەرهۆی نایەجێ بۆ خەفەکردنی تەنها بۆ ماوەیەك شێوەی دیاردەکە ئەگۆڕێت بان دیاردەکە سەر دەکات بەڵام ئەوەی لە جەوهەرەکەیدا جۆشی ئەسێنێتەو پیش دەخواتەوە لە بەکەم هەلدا بۆ جارێکی تر دەتەقێتەوە .

هۆیەکانی ئەم دیاردەیە هەندێکیان سەرەکین‌و هەندێکی تریان لاوەکین • ئەوەی ئەبێتە هۆی درێژەکێشانی زۆرانبازی لە مەیدانی ئەدەبدا هۆیە سەرەکی‌یەکانن ، ئەو هۆیانەن کە جەوهەری دیاردەکەن ، هۆیە لاوەکی‌یەکان شتێکی کاتین‌و لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخی خۆیدا نامێنن‌و هۆی تر لەجێگەیاندا سەر هەڵ ئەدا •

بە بڕوای ئێمە رەچەڵەکی چینایەتی‌و شۆناسنامەی چینایەتی ئەدیبەکان‌و بەو پێیەش ئایدیۆلۆجی جیاوازیان‌و باری سەرنجی جیاوازیان بۆ سەرجەمی مەسەلەکانی ژیان یەکێکە لەو هۆ سەرەکی‌یانەی ئەبێتە مایەی مانەوەی دیاردەکەو لابەلانەبوونی ناکۆکی‌یەکان • ئەمە یاسایەکی زانستی‌یەو بمانەوێ‌و نەمانەوێ کاری خۆی ئەکات‌و بەربەستکردنی خۆهەڵخەڵەتاندنەو دواخستنی کاری یاسا زانستی‌یەکەیە •

رەخنەو رەخنەلەخۆگرتن لەمەیدانی ئەدەبدا وەك هەر مەیدانێکی تری ژیانی کاریکی کۆمەڵایەتی دیموکراتی‌یە •

ئامادەبوونی هەر ئەدیبێك بۆ وەرگرتنی رەخنەو رەخنە لەخۆگرتنیشی بەندە بەرادەی بڕوا بوونی **بەکارکردنی** دیموکراتی‌یانەوە •

بڕوابوونیش تەنها سەلماندنی سەرەتا دیموکراتی‌یەکان نی‌یە بەڵکو **کارپێکردنە** • کارپێکردنی دیموکراتی‌یانەش لەخۆیەوە دروست نابێت بەڵکو لەئەنجامی پەروەردەکردنێکی درێژخایانەوە پەیدا ئەبێت کە لە ماڵەوەو قوتابخانەو کۆمەڵگا بەگشتی دەوریان ئەبێت لە دروستکردنیدا • ئەم گیانە دیموکراتی‌یە لەکۆمەڵگایەکی دواکەوتوودا کە هێشتا گیانی عەشیرەت گەری تێدا مابێت هەروا بەئاسانی دروست نابێت‌و هەموو تاکێك - کەم یان زۆر - بەشێکی ئەو گیانی عەشیرەت گەری‌یە لە ناخیدا ئەژی •

ئەم گیانە (١) لەرەوتی کۆمەڵگاداو لە هەردوو پرۆسێسی گوڕانوە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا بەرەو دامەزراندنی سۆشیالیزم‌و پاشان بنیات نانی سۆشیالیزم بەرە بەرە لەناو ئەچێت یۆیە خۆراهێنانی ئەدیبەکان بەگیانی دیموکراتی‌و کارپێکردنی هاوبەشی‌یەکی چالاکانەیە لەخەباتی کۆمەڵایەتیدا بەرەو کۆمەڵگای سۆشیالیزم ئەو کۆمەڵگایەی کە بەراستی‌و بێ ئارایشتی بۆرجوازیانە دیموکراتی تێدا چاو هەڵئەهێنێت •

هۆیەکی تری ئەم دیاردەیە خۆ بەزل زانینە لە ئاستی جەماهیرداو بڕوانەبوونە بەوەی کە ئەدەب پێویستە لەخزمەتی جەماهیردا بێت • زۆربەی ئەدیبەکان پاش بلاوکردنەوەی بەرهەمەکانیشیان هێشتا هەر بەمولکی کایەتی‌ی خۆیانی دەزانن لەبەرئەوە ئەو مافە بەخەڵکی نادەن کەرەخنە لە بەرهەمەکانیان بگرن ، ئەو راستی‌یە ناسەلمێنن کە هەر بەرهەمێك پاش بلاوبوونەوەی لەخاوەندارێتی ئەوەوە دەردەچێت‌و دەبێتە موڵکی کۆمەڵانی خەڵکی جا ئەو خەڵکە لێی تێبگەن یان بەهۆی نەخوێندەواری‌و نزمی ئاستی ، رۆشنبیری‌یەوە لێی تێنەگەن •

بڕوابوون بەوەی ئەدەب ئەبێت ئاوێنەی ژیانی جەماهیر بێت‌و بۆ جەماهیر بنووسرێت یەکێکە لەو سەرەتایانەی ئەدیبی راستۆ لە ئەدیبی درۆزن‌و ئەدیبی خۆنەویست لە ئەدیبی خۆپەرەستە جیادەکاتەوە • ئەمە جگە لەوەی ئەو ئەدیبەی بۆ جەماهیر بنووسێت پاشەڕۆژیش لێك ئەداتەوەو ناوبانگی کاتی مەستی ناکات‌و چاوی خۆی لەو راستی‌یە نانووقێنێت کە لە بەردەم ئەوەکانی داهاتوودا بەرپرسیار ئەبێت‌و ئەم بیەوێت یان نەیەوێت لێی ئەپرسنەوەو لەرووی مێژوویی‌یەوە هەڵی ئەسەنگێنن‌و حوکمی خۆشیانی بەسەرا ئەدەن ئەگەر چی‌خۆیشی لەژیاندا نەمابێت • بۆیە بەربەستکردنی رەخنەی ئەدەبی لەلایەن هەر ئەدیبێکەوە دڵی خۆ خۆش‌کردنێکی کاتی‌یەو بگرە رازی‌کردنی گیانی خۆویستن‌و پاراستنی ئەو ناو بانگە ئەدەبی‌یەیە کە ئێستا لە ژیانی خۆیدا هەیەتی • ئەم هەڵوێستە گەلێك جیاوازە لەو هەڵوێستەی کە **ئەدیبێکی** خاوەن بڕوا بەجەماهیر ئەیبێت • هەڵویستی ئەمیان دڵ‌کردنەوەیە بۆ رای خەڵکی‌و گرژ ئەبوونە لەئاستی رەخنەکانیاندا سەبارەت بەوەی جەماهیر بەخاوەنی بەرهەمەکانی ئەزانێت‌و دوا حوکم ئەداتە دەست ئەوان جا جەماهیرە جەماهیری ئەمرۆ بن‌یان جەماهیری دوا رۆژێن کە بێگومان لە جەماهیرەکەی ئێستا هوشیار ترئەبن •

ئەو ناکۆکی‌یەی کە لەسەر رەخنەی ئەدەبی هەیە‌و ئەویستریت زۆر زیاتر لەقەوارەکەی خۆی قەبەبکرێت - بۆ هەر نیازێك بێت - لەجەوهەردا ناکۆکی‌یە لە سەر چۆنیەتی تێگەیشتن لەوسێ هۆیە بنچینەیی‌یە واتە: مۆرکی چینایەتی ئەدەب ، (ممارسە)ی دیموکراتی لەمەیدانی ئەدەبدا (رەخنەو رەخنەلەخۆگرتن) خاوەندارێتی ئەدەب لەلایەن جەماهیرەوە • ئەمە جەوهەری دیاردەکەیە • هۆیە لاوەکی‌یەکانی تر پێی دەڵێن ((شتی شەخسی)) بڕشتی ناکۆکی‌یە لە سەر ئەم تێگەیشتنە جیاوازانە •

لێرەدا نامەوێت نکوولی لەوە بکەم کە شتی شەخسی لە ئارادا نی‌یە بەڵکو بەپێچەوانەوە ناکۆکی‌یە فیکری‌یەکان بووەتە بنەمای رق‌وکینەو ناخۆشی شەخسی سەبارەت بەرواڵەتی عەشایەرانەو تێنەگەیشتن لە جۆری ناکۆکی‌یەکان • بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەنووسینی رەخنەگرە کاندا « ناکۆکی‌یە شەخسی‌یەکە » کەمتر رەنگی داوەتەوە ئەگەر مەوزوعی‌یانە بەراوردی بکەین لەگەڵ نووسینی هەندێك لە شاعیرو چیرۆکنووسەکانمان • هەر لە ئایەرەکانی هاوکاری‌و رۆشنبیری نوێ‌و بەرەی رۆشنبیری کۆنەپارێزی پاشکۆکەیدا دەتوانین نموونە بۆ ئەو بەراوردکردنە بهێنینەوە •

بزوتنەوەی رەخنەی ئەدەبی‌ی کورد لەوەتەی وەك لایەنێکی سەرەکی هاتۆتەکۆری رۆشنبیری‌ی ئەدەبیمانەوە گوڕو تەوژمێکی گەورەی لەگەڵ خۆیدا هێناوە لەبەر ئەوەو نەك هەر خەریك نی‌یە شاعیرەکانمان لە شیعر وتن‌و چیرۆکنووسەکانمان لە چیرۆکنووسین پخات بەڵکو بووەتە هۆیەك لە هۆیەکانی راکێشانی سەدان لاوی کورد بەرەو خوێندنەوەو هاوبەشکردن لەژیانی ئەدەبیماندا • هەر لە پۆستەی خوێندەوارانی رۆژنامەو گۆڤارە کوردی‌یەکاندا بەدەیان‌و سەدان ناو ئەبینین کە بەگەرمی ئەیانەوێت بینە ئەدیب‌و لەرێی ئەدەبەوە خزمەتی گەلەکەیان بکەن • نیشانەیەکی ئاشکرای بزوتنەوەیەکی رۆشنبیری‌ی‌و ئەدەبی فراوانەو بەلگەی تینوێتی لاوەکانمانە بۆ ئەدەب‌و رۆشنبیری‌ی نەتەوایەتی‌یان‌و مژدەی دەرکەوتنی دەیان شاعیرو چیرۆکنووس‌و رەخنەگری بەتوانا‌و لێهاتووە لەپاشە رۆژداو مزگێنی شکاندنی قۆرخ کردنی ئەدەبە‌و سرینەوەی ئەو تاپۆ ڕەشەی ئەدەبەکە چەند رۆشنبیرێك داوای خاوەندارێتی پێدەکەن •

ئایا چارەی ئەم دیاردەیە چی‌یە ؟ کاك حسێن عارف لە ژمارە (٤٤٨)ی رۆژنامەی (هاوکاری)دا ئەم پرسیارە دەکات‌و بێ وەڵام بەجێی دەهێڵێ تا بەمە دەرگا بخاتە سەر پشت بۆ ئێمەی رۆشنبیرانی کورد کە لە سەری بدوێین • بۆیەوا لەباری سەرنجی خۆمەوە چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم دیاردەیە رروون دەکەمەوە•

١ - بوونی ناکۆکی لە ئەدەبدا وەك بوونی لەهەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یان دیاردەیەکی سروشتی‌دا شتێکی موتلەقەو ، لە سەرەتای سەر هەڵدانی دیاردەکەوە تانەمانی‌و دیسانەوە سەرهەڵدانی تردا ، هەر ئەمێنێت • لەبەر لەشێوە یەکی رۆشنایی ئەم راستی‌یە زانستی‌یە مەسەلەی ئەدەبدا درێژ خایانەو نابێت چاوەڕوانی یەك لاکردنەوەیەکی کوتوپڕی لێبکەین • بۆیە گرژی هەڵوێستەو پەنابردنە بەر هۆیەکانی سەرکوتاندنەوەی ،لایەنێك یان چەند لایەنێکی زۆرانبازی‌یەکە بەهەر شێوەیەك بێت خزمەتی بۆ پێشەوە بردنی زۆرانبازی‌یەکە ناکات‌و رێگەی گەشە کردنی ئەدەبەکەش دەگرێت •

(٢) هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە رەوتی خویدا لە هەموو کات‌و شوێنێکدا بەیەك شێوە ناڕوات چونکە لەگۆڕانێکی هەمیشەیی‌دا ئەبێت بەپێی یاسای ناکۆکی‌یەکانی ناوەوەی ئەو دیاردەیە شوێنی‌و کاتی‌و کارتێکردنە جۆر بەجۆرەی لەگەڵیدا ئەگرێتە سەری • ئەمەش ئەم راستی‌یە زانستی‌یەش ئەمەیدانی رەخنەی ئەدەبی‌ی ئەدەبیدا وامان لێدەکات کە شێوەکانی رەخنەو شێوازی بەکارهێنان‌و لەیەك جیاوازی‌یەکە بەشتێکی ئاسایی وەربگرین •

بەئاسایی وەرگرتنی دیاردەکە ئەبێتە هۆی خاوەنی هەڵوێستەو گوێ گرتن لەیەکتری‌و دیسیپلینی خۆی‌و خۆراهێنان بەگیانی دیموکراتی •

بەئاسایی زانینی ئەم دیاردەیە لە ئیمرۆی بارەی رەخنەی ئەدەبیدا واتای بەئاسایی زانینی شێوازی نووسینی رەخنەکانە هەر لەو رەخنانەی بۆ بیاهەڵوێن‌و موجامەلە ئەنووسرێن تا ئەو رەخنانەی بۆ راستکردنەوەو هوشیار کردنەوەی خەڵکی ئەنووسرێن‌و **تا ئەوانەشی کە بە نیازی شکاندن ریسواکردنی بەجێ‌و بێجێ ئەنووسرێن •**

هیچ یەکێك لەم شێوازی نووسینانە مەترسی نی‌یە بۆ ژیانی ئەدەبیمان چونکە چ ئەدەبە رەسەنەکەو چ رەخنە رەسەنەکە لە مەودایەکی مێژوویدا ، ئەو مەودایە دوور بێت یان نزیك ، خۆی خۆی ئەسەپێنێ‌و ژیان‌و ئەمری بۆخۆی ئەپچڕێت ئەوی تریش هەر لەگەڵ ئەمانی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتی‌یەی هێناوی‌یەتەکایەوە لە شوێنی خۆیدا ئەپووکێتەوە•

(٣) ئەدیبان‌و نووسەرانی کورد ، بەگشتی ، دەستەیەکی رۆشنبیری گەلەکەمانن ، هەموویان بەتێکرایی خاوەنی هوشیاری‌یەکی گشتین کە هەڵ‌و مەرجی لەباری کۆمەڵایەتی بۆی رەخساندوون• پلەی جیاوازەو • ئەم هوشیاری‌یە تایبەتی‌یە بەرژەوەندی‌ی چینایەتی‌و فەلسەفەی ژیان‌و هەوڵ‌و کۆششی تایبەتی خۆشیان بۆ خۆ هوشیار کردنەوە ، رادەوسنووری دیاری ئەکات• ئەم رادەو سنوورەی هۆشیش ناستی تێگەیشتنیان لە سەرجەمی مەسەلە کۆمەڵایەتی‌یەکانی دیاری دەکات‌و ئەبێتە هۆی ئەو جیاوازی‌یەی هەستی پێدەکەین لە بیروڕاو هەڵوێست‌و رەفتاری رۆژانەی هەر یەکێکیان لەهەموو بوارەکانی ژیاندا • ئەمە راستی‌یەکە هەموو دەیبینین‌و سەلماندنی ناوێت • بەڵام لەهوشباری‌یە گشتی‌یەکەدا لەیەك نزیکن‌و دەتوانن کۆمەڵایەتی بگەن کە ئالۆزکانی تیدا نەبێت • ئەم تێگەیشتنە چونیەکە جۆرێك بەرپرسیاریتی ناوکۆیی ئەسەپێنێ‌و چەند خالێکی یەکانگیر بوون لەنێوانیاندا دروست دەکات بە جیاوازی هۆشیاری تایبەتی‌یە کەیانەوە • بەتەنگەوە هاتنی زمانی کوردی ، بۆ پێشەبردنی ئەدەبی کوردی، پاراستنی خەسڵەتی نەتەوایەتی لایەنی کەمی ئەو خاڵانەیە کە تەبایی دەکاتە پێویستی‌ی سەرشانیان بۆیە نواندنی چالاکی‌ی ئەدەبی‌و زۆرانبازی لەکایەکانی تیدا ئەدەبدا پێویستە ئەو خاڵانەی تیدا رەچاو بکرێت‌و نەکرێتە قوربانی‌ی ناکۆکی‌یە لاوەکی‌یەکان واتە لە هەموو بارێکدا رادەی خۆبەستنەوە بەو خاڵانەوە محەکی رادەی دڵسۆزی بێت بۆ گەلەکەمان •

٤ - بەپێی خالی پێشو یەکگرتن‌و زۆرانبازی وەك دوو لای یەکێتی‌یەکی دیالێکتیکی لەبەردەم شاعیرو چیرۆکنووس‌و رەخنەگرەکاندایە یەکگرتن لەسەر ئەو لایەنەکەمەی ئامانج کە هوشیاری‌یە گشتی‌یەکە زامنێتی‌و زۆرانبازیش لەسەر قووڵبوونەوە لەو ئامانجە‌و هەموو مەسەلانەی تر کە لەمەیدانی ئەدەبیدا جیاوازی بیروڕاو بۆ چوونی جیا جیای لەسەر هەیە •

سەلماندنی یەکگرتن‌و زۆرانبازی پێکەوە مەسەلەی ئامرازەکەشی دەهێنێتە پێشەوە • ئایا ئامرازی هەر دوو لایەنەکە چی‌بێت ؟دەستنیشان کردنی ئەم ئامرازە دەرگای مەزن ئەبینێت لەدوور خستنەوەی ئەو (سلبیات)ەی لە زۆرانبازی‌یەکەوە ئەپرسکێ• ئەم ئامرازە بەلای منەوە نووسینە چونکە نووسین لەچوارچێوەیەکی تەسکدا نامێنێتەوەو ئەکەوێتە بەردەم جەماهیرو راستگۆیی‌و ناراستگی‌یی ئەچێتە بەردەمی خەڵکی‌و مەسەلەی راستی یان چەوتی‌ی رێبازە ئەدەبی‌یەکان‌و نوێنەرانی ئەو رێبازانە لە نێوان نووسینەکانەوە ئاشکرا دەبێت دیارە دوا بڕیاری سەرکەوتنی رێبازێك لەو رێبازە ئەدەبیانەی کە هەیە بەند ئەبێت بەوەوە کە چەند ئەتوانێت ئاوات وئامانجەکانی کۆمەڵانی خەڵکی دەربڕێت‌و ببێتە رێبازی بنیاتنانی دوارۆژێکی گەشەدار • لەبەر ئەوە پەنا بردنە بەرنووسین‌و سنوورکێشان بۆ زۆرانبازی‌یەکە لە چوارچێوەی‌نووسیندا ئەرکی سەرشانی هەموو ئەدیبانەیە کە بەتەنگ دوارۆژی ئەدەبەکە مانەوەن • بەکورتی چ رەخنەگرەکان‌و چ شاعیرو چیرۆکنوسەکان رازی نەبوونی خۆیان لەبەرهەمی یەرامبەرەکانیان تەنها لەشێوەی نووسیندا دەربڕن •

٥ ئالوگۆڕکردنی بیروڕا دەربارەی ناکۆکی‌یە ئەدەبی‌یەکان‌و مشتومڕ لە سەریان لەشێوەی نووسیندا پێویستی بەلاپەڕەی رۆژنامەو گۆڤارە کوردی‌یەکان هەیە • ئەم

بروانە : ل : ٧

لەشیعرە بڵاونەکراوەکانی

زەکی ئەحمەد هەناری

ئەگەرچی ئەدەبەکەمان هەنگاوی فرە مەزنو پێشکەوتووانەی بە خۆیەوە دیوەو قوتابخانەی کلاسیکی ماوەیەکە جێهێشتووە لەڕۆڵی ئەوەشیدا ئەدەبی کلاسیکی نرخ‌و پلەی خۆی دیارەو هەرگیز بە نەمری دەمێنێتەوەو ڕۆژ بە ڕۆژیش بەرهەمی بڵاونەکراوەی‌تری دەچێتە سەرو بڵندو باڵاتری دەکات •• لەژمارە (٤٩)ی‌بەیانی بەرێزدا هەندێ لە هۆنراوە بڵاونە کراوەکانی مامۆستا زەکی هەناریم خستە بەرچاو کە بۆ منداڵانی کوردستانی دانابوو ••

ئەمجارەش لایەنێکی تر لە هۆنراوە کلاسیکیەکانی شاعیر دەخەمە ڕوو • بە هیوای دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی کلاسیکی‌مان‌و پەرەپێدانی •

مامۆستا زەکی ناوی (محەمەدە کوڕی ئەحمەد)ە ، ناز ناوی شیعری (زەکی (یە ، لە کۆیە ساڵی ١٩٠٩ چاوی هەڵیناوە ، لە سەرەتادا لە حوجرەی مزگەوت خوێندویتی پاشان چۆتە قوتابخانەو ساڵی ١٩٢٦ خوێندنی سەرەتایی لە کۆیە تەواو کردووەو چۆتە ئامۆژگای مامۆستایان لە بەغداو ساڵی ١٩٢٨ بە پلەی یەکەم دەرچووە ، بەرەو شارە خنجیلانەکەی حاجی‌و دڵدار گەڕاوەتەوەو بۆتە مامۆستای قوتابخانەی باواجی بەم شێوەیە خزمەتی رۆڵەکانی نەتەوەکەی کردووە ، لە کۆیەو ڕانیەو هەولێر تا لە ساڵی ١٩٦٧ گیانی بەرزی لە لێدان دەکەوێ‌و تەمەنی درێژی بۆ نەوەکانی جێدێڵێ •

مامۆستا زەکی لە هەڕەتی لاوێتی‌دا وەکو زۆربەی شاعیرە کلاسیکیەکان ئەوین‌و جوانی ئافرەت دەبێتە سەرچاوەی هۆنراوەکانی‌و دەکەوێتە جیهانی دڵداری‌و عیشقەوە ، بۆیە لە هۆنراوەی (جوانی) دا ئەم سۆزە دەردەبڕێ‌و دەڵێ :-

جوانیت هەردەم هەر لە هەبوون بێ
ڕووت درێژی ساڵ وەك لالە گوون بێ
خەیاڵی عیشقت لەسەری ئێمە
هەموو ڕۆژ هەبێ ، هەر لە زۆر بوون بێ
هەر سەروێ بڕوێ لەناو چەمەندا
لەناستی باڵات سەری نخووون بێ
چاوێك بە خرایە تەماشای تۆ کات
وەك گەوهەری سوور غەریقی خوون بێ
چاوت لە ڕێگای دڵ فڕاندنا
بۆ جادوو کردن خاوەن فنوون بێ
لەهەر کوێ دڵ بێ لە غەمی تۆدا
بزێو بێ ئارام لە هات‌و چوون بێ
باڵای گشت دوتبەر لە هەموو جیهان
لە پێش بەژنی تۆ هەروەکو نوون بێ
دڵێ لە عیشقی تۆدا خاڵی بێ
لە حەلقەی وەصڵت ڕوو زەرد زەبوون بێ

ئەم لەعلەی لێوت گیانی (زەکی)یە
دوور لە لێوانی پیاوانی دوون بێ

بەڵام زۆری پێناچێ گوڵی باغی هیوای شاعیر سیس دەبێ‌و بە ئاواتی دڵی ناگاو بەدڵ تەنگی‌و ناسۆری‌یەوە دەڵێ :-

دڵم غەمگینە خەو ناچێتە چاوان
کە هێور نابێ چاوی پڕ لە هێشان
ئەگەر گشت کەس هەووی دلخۆش‌و شادبن
لە لای من بەندە ژین دنیایە زیندان
ئەگەر شابم لە دنیادا بە پووڵێك
دڵم مەحزون بێ چاوم پڕ لە گریان
بڵێسەی ناو هەناسەم مەهجەری دل
لە چاو ئەرژێنتە خواری ناو بە تۆفان
دڵی غونچەم لە گوڵشەن هەر کە پشکوت
غەمی پایز وەراندی دای بە دۆران
کە باڵای ڕاستەکەی من وا بە گەنجی
لە ژێر باری غەماندا بوو بە گۆچان
لە بۆ زانینی تاڵ‌و خۆشی دنیا
هەزار نادان‌و (زەکی) ماوە حەیران

مامۆستا زەکی زیاد لە پێویست وێڵ‌و عەودالی زانست‌و زانینی بووە ، وەکو مۆمێك بۆ ڕۆناك کردنەوەی تاریکی گەلەکەی سووتاوە ، وەهانی داون کەدوای‌زانست زانیاری بکەون کە بنچینەی شارستانیەت‌و پێش‌کەوتنی کۆمەڵە ، بۆیە لەهۆنراوەی کە بە نێوی (زانین داینناوە، دەڵێ :-

زەمین پێویستی چەند بە بارانە
زانین بەم پێیە پێویستی گیانە
بە تینە ئەمەی دانایەو پیاو
زانین دڵێ پیر نەکاتن بە لاو
نەزان تاریکی‌یە ، چرای زان پێکە
کێ دەڵێ زانلو نەزان وەك یێکە
ئەتوێ بە باشی خۆت‌و گەل بژین
وڵات ببێتە باغ بۆی بکەی پەرژین
ژیان خۆش بکرێ ئێکتر بناسین
ئەمەت بۆ پێك دێ بە زانین زانین
لەکۆ هەڵکرا چرای زانستی
ڕێی ڕاستی‌و هەستی بۆ دیار خستی
کتێبخانەی گشت بەهەشتی مێشکە
بێ ! مەلی گیانت لەزانین خۆشکە

(کەمال مستەفا مەعروف)

Institut Kurde de Paris

بەرێز وەزیری رۆشنبیری و هونەر (پاشماوە)

کردنی کەلەپوری رۆشنبیری نەتەوەی عەرەبمان لەم بۆچوونو تێگەیشتنەمانەوە هەنگاومان ناوە بۆ بوژاندنەوەی سێ شوێنەواری گەورە کە ئەوانیش بریتین لە بابلو ئاشورو رزگارکردنی جێگای شوێنەوارو شەرستانی یە کۆنەکان لە کەلەبورماندا .

هەروەها وتویەتی : بیروباوەڕو کرداری ناشارستانی بەردەوامە لە ولاتی فەلەستنی داگیرکراوماندا کە لە سەر بنچینەی دەستدرێژی و رەگەزپەرستی و بەسووك روانینی مرۆڤ بۆ برای دامەزراوە .. کە شانی داوەتە سەرعونسوری تاریکی مێژووی مرۆڤایەتی لەکاتێکا مرۆڤی هاوچەرخ هەنگاو بەرەو هونسورە رۆشنەکان دەنێت بۆ زیادکردنی هاندانی بەرەو خۆشەویستی و هاوکاری مرۆڤایەتی لە جیهاندا .

بەڕێز وەزیری رۆشنبیری و هونەر گەشبینی خۆی نیشان داوە بەرامبەر ئەوەی کە نەدوەکە ئەنجامی چاك وەدەست بهێنێت بەجۆرێك خزمەتی پرۆژەکانی شوێنەواری ئاشورو بابل و حەمرین بکات .

لەکۆتاین وتارەکەیدا داوای کردووە ، بۆ گرتنە ئەستۆی پرۆژەی دامەزراندنی مەلبەندێکی جیهانی بۆ شوێنەوارەکانی ولاتی میسوپۆتامیاو زمانەکەی بە ئامانجی کۆکردنەوەی هەموو ئەو وەسیقانەی پەیوەندیان

بە شارستانێتی عیراقەوەهەیە ، بۆ هەلگرتن و پارێزگاری کردنیان وە بۆ ئەوەی هەموو ئەوانەی تۆیژەرن سوودو کەلکی لێوەربگرن ، وە بو ... ی چاکترین خزمەتی نەتەوەی عەرەبمان بکات

ئەو دیاردەی (پاشماوە)

رۆژنامەو گۆڤارانە بۆ ئەوەی بتوانن دەورێکی کاریگەر ببینن لەژیانی ئەدەبیماندا نەبنە هۆیەك بۆ ئالۆزاوی کردنی بارە ئەدەبی یەکە

پێویستە بێلایەنبن لەئاستی مشتومڕە ئەدەبی یەکەدا .

لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە دوالە دەستەی نووسەرانی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانە بکەم وەك بیروڕای ئەدەبییان بێلایەنبن ، چونکە لەو باوەڕەدانیم هەرگیز کەسێك هەبێت بێلایەن بێت بەلکو مەبەستم ئەوەیە کە وەك کار هەلسوڕێنەری ڕەسمی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانە لایەنی ڕێبازێك یان ئەدیبێك نەگرن دژی ڕێبازێك و ئەدیبێکی تر بەلکو لەبلاوکردنەوەدا بەیەك چاو سەیریان بکەن . خۆ ئەگەر هەر یەکێکیشیان خۆی وەك تاك ڕای تایبەتی هەبوو ئەوا دەتوانێت وەك تاك لایەنگیری ڕێبازێك بکات و لەباری سەرنجی تایبەتی خۆیەوە بنووسێت . دەستەی نووسەرانی رۆژنامەو گۆڤارەکان ـ تا ڕادەیەکی زۆر ـ ئەرکێکی مێژوویی یان لەسەر شانە هەق وایە ئەم جەندە تروسکایی یەی رۆشنبیری کوردی باشترین شێوە بەکار بهێنن بۆ خزمەتی ئەدەبی یەکەمان . نە (حصانەی) ئەدەبی بدەن بەهەندێك و نەگۆڕەو شاری نووسینی هەندێکی تر بدەن .

٦ تێکڕای ئەو خالانەی تا ئێستا لێی دواین دەمانگەیەنێتە ئەنجامێك ئەویش هەلکردنی دروشمێکی گونجاوە لەگەل باری ئیمرۆی ئەدەبیماندا ، دروشمێکی ئەوتۆ کە هەلوێستی دیموکراتی یانە شێوەی بێت و یەکگرتن و زۆرانبازی ناوەڕۆکی بێت . ئەو دروشمەش بۆ پرۆسەی ئەدەبی یە . ئەگەر ئەدیبانی کورد بەم گیانەوە قۆلێ لێ هەلماڵن زوربەی زۆری ئەو گیروگرفت و کێشانەی روو ئەدات بەئاسانی چارەسەر دەکرێت .

٧ ـ خوێندەوارانی کورد ، بەتایبەتی ئەدەب دۆستان ، شارەزایی یەکی کەمیان هەیە لە ئەدەبی گەلانی تردا . ئەم نەشارەزایی یە ئەدیبەکانیشی گرتۆتەوە . ئەوە ندەشی کە شارەزان بریتی یە لەو نەختە ئەدەبەی لەزمانە بێگانەکانەوە کراون بە ئەدەبی ، بە شێوەیەکی گشتی ئەدەبی دنیای سەرمایەداری یە .

ئەم نەشارەزایی یە کارێکی ئەوتۆی کردووە کە هەرچی لەویە بهێنرێت بەپیرۆزو راست بزانرێت بۆیە هەر لێکدانەوەیەکی ئەدەبی بەبێی (قاعدە) کانی ئەو ئەدەبە نەبوو رەت ئەکرێتەوەو هەللای لەسەر دروست دەبێت . جا بۆ ئەوەی خوێنەرانی کورد بتوانن رایان هەبێت لەهەلسەنگاندنی ئەو مشتومڕە ئەدەبی یانەی ناو بەناو بەتوندی سەرهەل ئەدا ، پێویستیمان بە (ا) بزوتنەوەیەکی وەرگێڕان هەیە بۆ زمانی کوردی . ئەمە ئەرکێکی رۆشنبیری یە کە دەزگای رۆشنبیری یەکانی کورد بەرپرسیارن لێی و بەشێکی گرنگی ئیشوکاریانە کە تا ئێستا وەك کارێکی سەرەکی دەستی نەدراوەتێ . هەروەها ئەرکێکی گرنگی سەرشانی ئەو نووسەرانەیشە کە شارەزایی یان لەزمانی عەرەبی و زمانەکانی تردا هەیە ،

ب ـ خوێندنەوەی ئەدەبی جیهانی هەیە . خوێندنەوەی ئەدەبی جیهانی واتای خوێندنەوەی ئەدەبی گەلە جیاجیاکانی جیهانە ، واتای خوێندنەوەی ئەدەبی سەر بەرێبازە جیاجیاکانی ئیمرۆی جیهانە بەتایبەتی ئەو ئەدەبەی کە زۆربەی خوێنەرانی کورد لێی بێبەشن . مەبەستیشم لەو ئەدەبە ئەوەیە کە لە کار خانەی رژێمی سەرمایە داری یەوە نەخرابێتە بازاڕی رۆشنبیری ی جیهانی یەوە .

خوێنەرانی کورد ، بەتایبەتی ئەدیبان و ئەدەب دۆستان زۆریان لە سەر ئەلیۆت و پاوندو جویس و پیکێت و بوجین ئۆنسکۆو سارتەرو کامۆو فرۆیدو ویلسون ... هتد بیستووەو خوێندووەتەوە . ئەمە خۆی لەخۆیدا شتێکی باشە بەلام باشی شارەزابوون لەمانەدا چاکتر دەر ئەکەوێت کاتی ئەو ئەدەبەش بخوێنن رێتەوە کە بەپێچەوانەی ئەدەب و سەرچاوەی فەلسەفەیی ئەمانەوە بێت .

لە ئەدەبی جیهانیدا بەدەیان ناوی ئەدەبی و رۆشنبیری ی وەك بریخت و لوکاش و بلیخانۆڤ و لوناچارسکی و ژدانۆڤ و لوشین هەیە کە بەرهەمەکانیان بەکوردی نییەو کەم خوێندەواری کورد هەولی خوێندنەوەو ناسینیانی داوە . لەناو گەلی عەرەبیشدا ـ کە زمانەکەیان سەرچاوەی سەرەکی ی پەیوەندیمانە بەئەدەب و رۆشنبیری ی جیهانی یەوە ـ بەدەیان ناوی وەك ذنون ایوب و علی جواد الطاهر و یوسف عبدالمسیح ثروة و ناجی علوش و رشاد ابوشاور و خلیل احمد خلیل و محمد مفید الشوباشی و یوسف ئیدریس ... هتد هەیە کە ئەگەر نووسینەکانیان نەیشکێت بەکوردی دەتوانریت بەعەرەبی بخوێندرێتەوە تا ئەدەب دۆستان و رۆشنبیرانی کورد تینوێتی رۆشنبیری خۆیانی پێ بشکێنن و بەرۆشنبیری یەکی ئەدەبی فراوانەوە هاوبەشی بکەن لە زۆرانبازی ی مەیدانی ئەدەبداو بتوانن ببنەخاوەنی هەلوێستی راستەلەهەلبژاردنی ئەدەبی راستەقینەی ئیمرۆو دواڕۆژی گەلی کورد ئەمانە باری سەرنجم بوون دەبارەی چۆنیەتی مامەلەکردن و جوولانەوە بەرامبەر ئەو دیاردەیە بەو هیوایەی ئەم جۆرە تێڕوانین و جوولانەوەیە زەمینەی « چارەکردنی » خۆش بکات و هەموو ئەدیب و ئەدەب دۆستە پێشکەوتنخوازەکانی کورد ساز بدات لەمەیدانی خزمەت کردنی ئەدەبەکەیان و گەلەکەیاندا .

تێبینی یەکان

١ ـ مەبەست گیانی عەشیرەت گەری یە .

٢ لەم وتارەدا بەدرێژی لەمەڕ بۆڕبۆڕینی ئەدەبی نادوێم چونکە لەوتارێکی تردا بەدرێژی لێی دواوم .

بڕوانە رۆژنامەی هاوکاری ژمارە (١٤٠ ، ١٤١) تشرینی یەکەم و دووەمی سالی ١٩٧٢ .

هەولێر لە رۆژی (پاشماوە)

وە لە دوای کۆتایی هاتنی ئەم میهرەجانە بروسکەیەکی پیرۆزبایی لە لایەن جەماوەرانەوە بۆ وبەرێز سەرۆکی فەرماندە احمد حسن البکر و جێگری سەرکردایەتی شۆڕش بەڕێز صدام حسین نێردراو تیایدا پەیمانیان تازە کردەوە بۆ بەشداربون لەم هەنگاوە پیرۆزەداو پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕش .

پ. « هاوکاری » لەهەولێر

داستانی ژیانم (پاشماوە)

هێنابوو . بە بۆزێکەوە ، دەیوت لە سێ سەد نامە کە بۆم هاتوە ، ئەم ژنەم هەلبژاردوە . بەلام ژن چ ژن . یاخوا بە نسیبی دوژمنت بێ . تا بڵێی منداڵێکی لە میستەر جاکسن بووبوو ، یەکجاری وەکو ناشیرینو بێ فەڕ بووو چونکە بە ئاخری عەمر منداڵێکی لەمیستەرجاکسن بووبوو یەکجاری وەکو شەغرەی شکاوی لێ هاتبوو .

رۆژانی یەکشەمە ، هەموو ئەندامانی تیپەکە پێکەوە دەچوون بۆ کەنیسە من نەبەم ، چونکە ئەوان هەموو کاسۆلیك بوونو من پرۆتستانت . لەبەر دڵی دایکم نەبوایە ، منیش دەچوومە سەر مەزەبی ئەوان چونکە زۆر حەزم لەو خەیالیەتە بوو کە لە کاسۆلیکیەتدایە جگە لە داب و روسمە ئاینیەکانی کە سرنجیان رادەکێشام .

چوار هەفتە خرامە ناو مەشق کردنەوە ، بەلام هێشتا زاتی ئەوەم نەبوو بە تەنیا لەسەر شانۆ سەمابکەمو وەکو ئاوەلەکانم پێ بەزەویدا بکێشم ... بۆیە تا فێربووم ، چەند هەفتەی کێشا . حەزم لێبوو ، بەتەنیا لەسەر شانۆ دەرکەوم ، چونکە ئەمە نەك تەنها هەر پارەی زیاتری تێدا بوو ، بەلکو دەبوە مایەی بلاوبوونەوەی ناوبانگیش . ئاواتەخوازی ئەوە بووم ببم بە کومیدیستێك ، بەلام ئەم ئاواتە بە ئاسانی نەدەهاتە دی چونکە دەماری دەویست ، بە خۆدا راپەڕمانی دەویست . لە دڵی خۆمدا پلانی ئەوەم دا دەنا لەگەل ئاوەلێکی ترمدا پێکەوە لەسەر شانۆ شتی کۆمیدی بنوێنین ... بە خەیاڵ کۆشك و تەلارم دروست دەکرد ، پارەم کەلەکە دەکرد ، لەهەموو لاوە خەلك بە چەپلە ڕێزان دەورەیان لێدەدام . بۆ ئەم مەبەستە چەند هەنگاوێکیشم نا ، کەچی کە هاتە سەرکردار ، هەموو بوو بە بڵقی سەر ئاو .

لەماوەیەدا ، کۆمەلێك هونەرمەندی ئینگلیز خۆیان کوشت ، لەمانە مارسلین ، ئی. ئی. دەنفیل ، مارك شەریدان ، فرانك کوین .. زۆرم ئەکتەری کۆمیدی دیوە ، بەلام ئەوانەی کە زۆرتر چوونەتە دڵمەوە لەبەر ئەوە نەچوونەتە دڵمەوە چونکە لە هونەردا لەوانی تر سەرکەوتوتربوون بەلکو لەبەر ئەوەی لە دەرەوەی شانۆ شەخسیەتی تاکیان هەبوو . لەوانە زارمۆ ، دان لینۆ کە پاش گریمالدی بە گەورەترین کۆمیدیستی ئینگلیزی دادەنێم . جگە لەمان ماریا لۆید وبرانسیشم بەلاوە هونەرمەندی گەورەن . ویلیامزیشم خۆش دەویست کە لە لاسایی کردنەوەی شەخسیەتەکانی چارلز دیکنزدا وەستابوو . هەر ئەم خۆی کارێکی وای تێکردبووم ، کە شەخسیەتەکانی دیکنز هەموو لە دڵمدا جێگەی تایبەتیان هەبێ ، بۆیە زۆر جار منیش لاسایی ئەمم کەردەوە . رۆژێکیان لاسایی کابرا پیرەی « ئەنتیکەخانە کۆنەکە »م دەکردەوە ، کە مبستەر جاکسن بە سەردا هات و گەلێکی بەشانو باهودا هەلدامو بە بلیمەتی دانام . ئیتر لەو کاتەوە ، بڕیارم دا هەر کۆرێکی هونەری ، هەرباسی ئەو بلیمەتەی دەکرد کە تازە خەریکە سەر لە هێلکە دەردێنێ .

رووداوی هەرە گرنگ لە شانۆی میدلبۆرۆ رووی دا : پاش ئەوەی بەرنانەی سەماکردنمان پێشکەش کرد ، میستەر جاکسن چوە سەرشانۆو پاش ئەوەی سەرێك هات و چووو کۆکەیەکی کردو قوڕگی پاك کردەوە ، وەکو ئەوەی خەریك بێ هەلسانەوەی مەسیح راگەیەنێ ، وتی : خەلکە گوێ بگرن ، بلیمەتیکم لەنا و منداڵەکانی تیپەکەمدا دۆزیوەتەوە . وا ئێستا پێشکەشتانی دەکەم تا لاسایی برانسی ویلیامزتان بۆ بکاتەوە لەدەوری پیرەمێردەکەی « ئەنتیکەخانە کۆنەکە »ی چارلز دیکنزدا .

لەپێشدا خەلکەکە ئەوەندە گوێیان نەدایە مەسەلەکە ، چونکە ئەو ئێوارەیە لە پێکەنین کەیل بووبوون . درێژەی نەدەینێ ، هەر بە جلەکانی سەماوە هاتمەوە سەر شانۆوو خۆم وەکو پیاوێکی نەوەد ساڵە لێ کرد . لەوناوە تەپلەیەکی گەورەم دەستگەوت و کردم بە سەردا . ئەمە زیاتر دیمەنی سەیرتر کرد . خەلکەکە بە هەریەکێ لە جولانەوەکانم ، دەیاندا لە هاڕەی پێکەنین و تا ماوەیەك هەر شتی سەیرم بۆ کردن .

جگە لەسەما کردن ، من و ئاوەلەکانم هەمیشە هەوڵمان دەدا شتی تریش فێربین . من ئارەزووم لە سیحربازی کۆمیدی هەبوو ، بۆیە هەندێ پارەم کۆکردەوەو چوار تۆپم پێکڕی و ڕۆژی نزیکەی چوار سەعات لە تەك قەرەوێلەکەم رادەوەستام ومەشقم دەکرد .

لەم ماوەیەدا ، باوکم تووشی نەخۆشیەکی گران هات . میستەر جاکسن کە هەتا بڵێی پیاوێکی بەدڵو دەروون پوو ، نومایشێکی تایبەتی بۆ باوکم تەرخان کرد . گەلێ هونەرمەندی کۆمیدی تریش داهاتی نومایشی خۆیان بە باوکم بەخشی . شەوی نومایشەکەی خۆمان ، باوکم هاتە سەر شانۆ ، بەلام زۆر بە گرانی هەناسەی بۆ دەکێشرا . لە تەنیشت شانۆکەوە وەستابووم و چاوم بڕیبوە ئەو ، هەرگیز نەمدەزانی کەمال ئاوابیمان لێدەکاو مردنی نزیك بۆتەوە .

کە تیپەکەمان لە لەندەن بوو ، هەموو هەفتەیەك سەرم لە دایکم دەدا . ئەوەی لە یادگارەکانی ئەو ماوەیە لەبیرم مابێ ئەوەیە ، کە دەسکورتی و نەبوون هێشتا هەر باڵی ڕەشی بەسەرماندا کێشابووو بنەدەگمەن نەبێ نەمان دەتوانی لە ماڵی خۆمان یەك ژەم چێشت لێنێین . لەم ڕووەوە ، چەندین یادگاری تاڵم لە یادە .

★

ڕاستە ، هەموو سەربەرەوژوورکەیەك ، سەربەرەوخوارکەیەکی لەدوایە . بەم جۆرە ژیانی تاریکی ئێمەش لە ناکاودا کەلەبەرێکی ڕووناکی تێدا کرایەوە . کۆنە دەستەخوشکێکی سەر شانۆی دایکم وازی لە شانۆ هێنابوو بوو بە جارەیەکی کابرایەکی کۆلۆنێکی پیری دەولەمەندو بەمە کەوتبوە ناو

پیرۆزبایی (پاشماوە)

نەکەن ، ئەرکی سەرخستنی ئەم هەرەوەزە دەکەوێتە سەر ئەو دەولەتانە خۆیان کە قۆلی کار لەم مەیدانەدا لێهەلدەماڵن ... بۆیە ، بە بۆنەی دەست کردن بە هەرەوەزی نیشتیمانی سەرتاپاگیرەوە بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری لەولاتەکەتاندا ، پیرۆزبایی گەرمی خۆم و پیرۆزبایی ڕێکخراوی یۆنیسکوتان بۆ ئەم هەنگاوە گەورەیە بۆ دەنێرم کە تێیدا هەموو پێویستیەکانی سەرکەوتن ڕەچاوکراوە لەبەر پشتگیری کردنی گەورەی سەرکردایەتی سیاسی لێی ، سووری کاربەدەستانی عراق لەسەر کۆکردنەوەی هەموو توانا کان و دابین کردنی هەموو پێویستیەکانی بەجێهێنانی بەباشترین شێوە .

بەم دەسکەوتە مەزنە ، ئەو بەلێنە دێننە جێ کە بۆ جێبەجێکردنی راسپاردەکانی کۆنفرانسی بەغدا بۆ لەناوبردنی بەزۆری نەخوێندەواری کە لەمایسی ١٩٧٦دا گیرا ، داتان .

هەروەها بەم بۆنەیەوە ، ئەو هاوکاریە پتەوە دەنرخێنم کە لە نێوان یۆنیسکۆو حوکومەتی عراقدا لە ساڵانی رابردووەا هەبوە و دووپاتی دەکەمەوە بۆتان کە ڕێکخراوی یۆنیسکۆ هەمیشە ئامادەیە هەموو یارمەتی و کۆمەکێك پێشکەش بە حوکومەتەکەتان لە چوارچێوەی لەناوبردنی نەخوێندەواریدا بکا .

لە کۆتاییدا ، ئاواتەخوازم هەرەوەزی نیشتیمانی سەرتاپاگیر هەموو سەرکەوتنێك بێنێتە دەست تا لەچەند ساڵی ئایندەدا ئامانجەکانی بێتەدی .

بەهەشتێکی خەیالیەوە . ئافرەتێکی یەکجار فەنتازی ی پرۆپۆشتەی رەزا شیرینی رووح سووك بوو ، مالی کۆلۆنێل لە ناوچەی ستوکۆیل بوو ، کە خوشترین گەڕەکی نەوساکە ئەوساکە بوو . ئەوەندە بە دیداری دایکم گەشایەوە ، کە بوو بە دڕك و نووسا بە یەخەمانەوەو زۆری لێکردین کە هاوینە کە لای ئەو ڕابۆیرین . هەر من و دایکم نوون چونکە سیدنی لای ئێمە نەبوو ، بۆیە نەختێ بارمان سووك دایکم بە ئاسانی قایل بوو . سەرەڕای ئەوە ، بە دەستە رەنگینەکانی کە لە گرێچنیدا شاوەستایەك بوو ، بە ئاسانی خۆی دەبردە هەموو دلێکەوە .

بەم جۆرە بۆ بەیانی بارگەمان لێناو بەرەو ماڵی کۆلۆنێلی خوابێداو کەوتینە ڕێ . بارگە چ بارگە ، هەموویت کۆ بکردایەتەوەو لە کەرێکت بنایەو بێ پەروا یەك قۆناخ هەتا ئەوپەڕی دنیا لێت خوڕیایە . کاتێك کە لە دەرگای دەرەوەوە پێمان نایە ژوورەوە ، سەیر دەکەین ماڵنیە بەهەشتێکە بۆخۆی . پڕە لە نۆکەرو کارەکە . هەموو ژوورەکانی بە بۆیەی پەمەیی و شینو کاڵبۆیاخ کرابوون . بەردەکان هەموو لە قەدیفە ی گران دروست کرابوون . زایەخ هەمووی بریتی بوو لە مانووری بەنرخ . جگە لەمەی باخەکەی ئەوەندەی مێوەی جۆراجۆری پێوەبوو ، کە پیاو لەوانەبوو پێویستی بە خواردن هەرنەبێ .

کارەکەرەکان بریتی بوون لە چوار ئافرەت : ئاشچی یەکو سێ بەردەستکەر . جگە لەمن و دایکم ، میوانێکی تریشی لێبوو . کوڕە جاهێلێکی درزی ڕەزاسووك کە جۆتەسمێلێکی سووری هەلقاچراوی هەبوو . زۆر بە شەوکەت و بۆشناخ بوو . هەتا کۆلۆنێل لەماڵ نەبوایە ، ئەو لەماڵەکەدا هەموو شتێك بوو ، بەلام هەرکە کۆلۆنێل دەهاتەوە ئەودەبوو بە تیکەیەك نان و قووت دەدرا .

کۆلۆنێل جار بەجار نەبێ نەدەکەوتەوە ماڵ . هەفتەی جارێك یان دوو جار . کە لە ماڵبوایە ، ئیتر ماڵەکە دەبوو بە ئاشی ئاو کەوتوو . دایکم هەمیشە ئامۆژگاری دەکردم کە لە شوێنێك چەپبەو نەچمە بەر دەستو پێ . ڕۆژێکیان کۆلۆنێل خەریك برو لە سەرەوە دەهاتە خوارەوە ، منیش بە راکردن خۆم کرد بە هۆڵەکەدا . کە دیمی ، بە ڕوویەکی خۆشەوە بزەیەکی بۆ کردم و ڕۆیشت . کابرایەکی باڵا بەرزی بە هەیبەتو سام بوو . نیمکۆتێکی رەشی لە بەردابوو وشەپقەیەکی قووچی رەشی بە سەرەوەبوو . مووی هەردوو لاجانگی سپی بوو بوون .

سەرم لێ دەرنەدەکرد ، بۆچی کە کۆلۆنێل دەهاتەوە ، ماڵەکە وەکو ماستی مەیوی لێدەهات ، کەچی هەر کە دەردەچووو گوڕەجاهێلەکە دەگەڕایەوە ، دەکەتەوە جۆش و جونبوش .

وەکو دەڵێن ، هەندێجار پیاو بە ئاسانی ئاخوڕی لێ تێك دەچێ ! تێ ناگەم چۆن ئەوەندە زوو ژیانە کۆلۆلانەکەی جارانم خستە پشتگوێ و لەگەل کاروانی ئەمژیانە نوێیەدا کەوتمە ڕێ و لە ماوەی یەك هەفتەدا لەگەلیدا بووم بە ماستو ڕۆن ! هەموو بەیانیان سەگەکانم دەخستە دوای خۆم و بە درێژەی جادەکەدا پیاسەیەکم دەکرد ، ئینجا بەر لە چێشتەنگاو بەرەو ماڵ بامدەدایەوە . پاش ئەوە بەکسەر بۆ سەر مێزی نادەخواردنی بەیانیان کە بە قاپو کەوچك وچەتاڵو چەقۆی زیوین رازابوەوە . خوا بیدا بە رهێلەیەك دەیدا!

بەلام ، داخی گرانم ئەم خۆشی یە کورتەشمان پێوە نەهاتو کەوتینەوە سەربای بەڕە . ڕۆژێك لە ناکاودا دایکم وتی ڕۆلە میوان شەوورۆژێك خۆشەو وەکو کێك وایە تا دێ کونتر ورەقتر دەبێ ، جا بەر لەوەی بەڕەمان لە ژێر هەلتەکێنرێ ، با ڕوو بکەینەوە ماڵە کەی خۆمان . ئەمەم لە لایەکەوە پێخۆش بوو ، چوونکە ئیتر ئەمە بکەو ئەوە مەکەو وەرە ئێرەو بچۆرە ئەوێم لە سەر لادەچوو ، لە لایەکی تریشەوە پێم ناخۆش بوو ، چونکە دەبوو بچینەوە باوەشی هەمان دەسکورتی و بێ جێو ڕێیەکەی جارانەوە .

ماوێتی

Institut kurde de Paris

ئەرتیریا « پاشماوە »

پەلاماری بدەنو زیانێکی زۆر بەسەرو ماڵی بگەیەنن .

لەلایەکی ترەوە راگەیاندنێکی سەربازی شۆڕشی ئەریتریا رای گەیاند هێزەکانی لە دوو شەممەی رابوردوودا (٧٠) سەربازی ئەسیوبیابی یان کوشتوەو زمارەیەکی تریشیان لێ بریندارکردونو سێ زری پۆش و ئۆتۆمۆبێلێکی سەرباز گواستنەوەشیان لێ لەناو بردوون .

جموجوڵی « پاشماوە »

لە بواری پەیوەندی سیاسی دەربارەی بارو دۆخی لوبنان دوکتۆر سلیم الحص سەرەك وەزیری لوبنان لەگەل باڵیۆزی ئەمەریکا جۆن غنتروین کۆبۆتەوە .

لە دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکە باڵیۆزی ئەمەریکا کە لەگەل نووسەکانی وتوە دوکتۆر سلیم الحص باسی دۆخی لوبنانمان کردوە بەلام شتێك دەربارەی خواروو لوبنان بۆ ڕۆژنامە نووسەکانی نەدرکاند .

لەلایەکی ترەوە پاپا کاردینال باولو برتولی نێراوی پاپا لەگەل سەرۆك الیاس سرکیس سەرکۆماری لوبنان کۆبۆتەوەو نامەیەکی تایبەتی لە پاپا یوحنا پۆلسی دووەمەوە داوە بە الیاس سرکیس کە پەیوەندی هەیە بە هەلوێستی فاتیکانەوەیە دەربارەی کێشەی لوبنان . هەروەها نێردراوی پاپا لەگەل سەرەك وەزیرو سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانو وەزیری دەرەوەو ژمارەیەك لە پیاوە سیاسی یەکانو لیژنەی سراوە فەلەستینی یەکان کۆدەبێتەوە .

هەوائێك « پاشماوە »

بریندارکردنی یەکێکی تر دێ ، لە هێرشێکدا کە پێنجێ کۆمەڵێکی چەکدار بردیانە سەر بانقێکی حوکومەت لە شاری جافناو ٢ر١ ملیۆن روپیەیان لێی دزی .

ئەمە جاری دوەمە کە هێزەکانی حوکومەت دەخرێنە وەزعی ئامادەبوونەوە بۆ ئەوەی شایانی باسە کاتێك شەڕوشۆڕەی کە لە و کاتەوە ئەم حوکومەتەی ئێستا هاتۆتە سەر کار دەستی پێکردوە . ئەوە شایانی باسە کاتێك کە سیریمانۆ بەندەرەنایکەی سەرۆك وەزیری پێشینی لە هەلبژاردنەکانی ئەم دواییەدا سەرنەکەوت ، ئەم حوکومەتەی ئێستا هاتە سەرکار ،

لە چوارچێوەی تەقەللای « پاشماوە »

ڕێککەوتنەکە مۆر بکرێ و لەم بارەیەوە سەرۆکی حکومەتی دوژمن لە دوانێکدا کە بە پەیامنێری رۆژنامەی سفنسکادا جلاتی سویدی راگەیاندوەو رۆژی پێنج شەممەی رابوردوو لە ئیستیکهولم بلاوکرایەوە ، روونی کردەوە کە هەتا پەیمانەکە لەم رۆژەشدا مۆرنەکرێ ، بەلایەوە وایە « مەسەلەکە بەهۆی ئەمەوە دۆڕراو نییە » ، بەلکو دەتوانرێ تا گەیشتن بە مەبەس لەسەر وتوویژکردن بەردەوام بن .

دەربارەی پێشنیازەکانی ئەم دوایی یەی ساداتیش ـ بیگن نیشانیدا کە داخوازی ناشیاو دەخرێتە . دەم ئیسرائیلو بەتایبەتی سەبارەت بە نشتەیەکی کات دیاریکراو بۆ حوکمی ئۆتۆنۆمی لە (یەهوداو سامیرەو عەزە) ، بەلام لەسەر قسەکانی رۆیشتو وتی « ئامادەیە هەندێ شێواز قبوڵبکا » بەس ئەم شێوازانەشی بەوە دیاری کرد کە وەك « لە خێراترین کات کە لەتوانادابێ » یاخود « لە دوارۆژێکی نزیکدا » بێ .

هەروەها دووپاتی کردەوە کە مەسەلەی بڕباردانی چارەنووس بۆ ئەو ناوچانە لەگۆڕیدا نییەو واتە « بەلێ بۆ حوکمی ئۆتۆنۆمی »و نەخێر بۆ « دەسەلاتداری » .

لە لایەکی ترەوە سید مرعی یارمەتیدەری سادات بەرەو ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج کەوتەڕێ ، بۆ ئەوەی لە حیاتی سادات خەلاتی نۆبللەکە وەربگرێ .

● سادات خۆشحالی خۆی بەرامبەر سەردانەکەی فانس دەردەبڕێ

لە لایەکی تریشەوە سادات خۆشحالی خۆی بەرامبەر ئەو سەردانە دەربڕی کە هەفتەی داهاتوو فانسی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ ناوچەی عەرەبی دەیکا .

پێشانگای تایبەتی هونەرمەند رەمزی قطب الدین

● لەژێر چاودێری بەرێز جعفر عبدالکریم حسین جێگری پارێزگاری سلێمانیدا کۆمەڵێ هونەرو وێژەی کوردی مەڵبەندی گشتی پێشانگایەکی تایبەتی بۆ هونەرمەند رەمزی قطب الدین کردەوە • ئەم پێشانگایە لە هۆڵی سانەوی کوردستانی کچان‌بوو ماوەی دوو رۆژی‌خایاند •

● هونەرمەند گەلێ هونەری تازەی لەوێنەکانیدا بەکارهێنابوو بەشی زۆری تابلۆکانی بەشێوەی هەڵکەندن دەرهێنابوو لە قافزن‌و مس‌و تەختەو گەلێ شتی‌ترو

ویستبوی هونەری گرافیک لە هونەری تەشکیلی کوردیدا دەربخات ئەم‌هونەرمەندە تارادەیەك سەرەتایەکی سەرکەوتوانەی بەدەست‌هێناوە ئەمەش بەگوێرەی رای‌هەندێ لە هونەرمەند گەلێ هونەری گرافیک داوەتە هونەری گرافیک بەهینە ناوهونەری کوردیەوە من هیوادارم بەردەوام لە بواری هونەرەکەی خۆیدا تێبکۆشێت بۆ هێنانەدی پاشەڕۆژێکی روناکی هونەری رەسەنی کوردی‌و هەمووشمان مەبەستمان پێش خستنی هونەری کوردیە •

حمە سعید حمە کریم فرج
پ • هاوکاری لە سلیمانی

لەو هونەرمەندانە ئەلێم کە لەکاتی کردنەوەی پێشانگاکەدا ئامادەبوون‌و رای‌خۆیان لێدەبڕی •

● هەر لەناو هۆڵەکەدا هونەرمەندی ناوبراومان بینی‌و دەربارەی ژیانی خۆی وتی •

× ساڵێ ١٩٥٥ لەشاری خانەقین لەدایك بووم • ئێستا قوتابی پۆلی پێنجەمی پەیمانگای هونەرە جوانەکانم بەشی گرافیك لەبەغدا •

لە ساڵی ١٩٧٧داو لەشاری خانەقین پێشانگایەکی تایبەتی ترم، کردەوەو هەر لەو ساڵەدا بوو کە بەهاوبەشی هونەرمەند مظفر احمد لە بەغدا پێشانگایەکمان کردەوە. ئەم ساڵیش ١٩٧٨ هاوبەشی پێشانگای پۆستەری کوردی هاوچەرخم کرد کە لەهۆڵی کۆمەڵێ رۆشنبیری کوردی لە بەغداد کرایەوەو هەر ئەم ساڵ هاوبەشی پێشانگای هەرێمی لاوانی کەر بەلام کردو لە هەموو پێشانگاکانیشدا تارادەیەك ئەتوانم بڵێم سەرکەوتووبووم •

لەم پێشانگایەشدا ٢٩ تابلۆم پێشان‌داوە کە هەموویان هونەری گرافیکن‌و شێوەبەکی تازەن لە هونەری تەشکیلی کوردیداو هەمووکات هیوام سەرکەوتنو پێش‌خستنی هونەری کوردی هاوچەرخە کە بگاتە ریزی هونەری گەلە پێش کەوتوکان •

● دوای ئەوە هەر لە هۆڵەکەدا هونەرمەند عەلی جۆلامان بینی‌و دەربارەی چۆنیەتی پێشانگاکە لیمان‌پرسی‌وئەویش وتی •

ئەوەی سەرنجی راکێشام تابلۆ گرافیکیەکان‌بوو کە هونەرمەند هونەرمەندانە لە هێڵ‌و دابەش کردنیاندا سەرکەوتوەو هیوادارم کە بتوانێ بەردێ بنێتە سەر هونەری تەشکیلی کوردی‌و دوارۆژێکی رونی هەبێت • لێرەشدا ئەوەی ئەمەوێ رونی بکەمەوە ئەوەیە کە هونەرمەند لەداهاتودا ئەبێ رۆحیەتی کوردەواری ون‌نەکات چونکە تاقە قوتابخانەی هونەرمەند کە لەپوری نەتەوەکەیەتی بۆیە پێوبستە هونەرمەند ئەو رێرەوە ون نەکات •

● هونەرمەند ئیسماعیل خیاط مان بینی‌و ئەویش دەربارەی هونەرمەندی ناوبراو وتی •

× هونەرمەند رەمزیم لاپەسەندەو هونەرمەندێکی دڵسۆزە لە ئیشوکارەکانیداو لە ئاهونالەی هونەرمەندا ئەژی‌و بابەتەکانی کە هەڵێ بژاردوون دوارۆژێکی رونناك‌و چاکی لێوە دیارەو سەرکەوتو ئەبێت ، بەتایبەتی لە

بریتی لە شیعرێکی درێژی شاعیری لاو عباس عبدالله یوسف لە ٥٤لاپەڕەی قەوارە بچوکدا لەم دواییەدا کەوتە بازاڕەوە

چالاکی رۆشنبیری کوردی

رۆشنبیری جەماوەر لەسلیمانی یادی « گۆران » دەکاتەوە

رۆژی هەینی رابوردوو ، لیژنەی رۆشنبیری بەڕێوەبەریتی جەماوەر لە سلیمانی کۆڕێکی فراوانی بۆ بیرەوەری شاعیری نەمر « گۆران » ڕێکخست‌و لەم کۆڕەدا چەند باسێکی ئەدەبی‌و رۆشنبیری پێشکەش کرا لەگەڵ وتاری بنەماڵەی « گۆران •

● ● ●

شکور مستەفا لە ناظم حیکمت دەدوێ

سبەینێ ئێوارە سێ شەممە لیژنەی رۆشنبیری یەکیتی نووسەرانی کورد مەڵبەندی گشتی کۆڕێکی رۆشنبیری ساز دەکاو تیایدا مامۆستا شکور مستەفا لە تاقی‌کردنەوەی شانۆگەریەتی شاعیری گەورە ناظم حیکمت دەدەێ کۆڕەکە لە هۆلی کۆمەڵەی کۆڕەکە لە هۆلی کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی دەبێ لە بەغدا •



گۆران

شکور

ئەم کاتەت باش

دوو هونەرمەند لە دهۆك ● نەوال حمید

کچێکی هونەرمەندە لە شاری دهوك پێشکەشی کردون • نواندنادا بەشداری کردوە کە تیپی مەڵبەندی لاوانی دهوك بێشکەشی کردون • ئێستا قوتابیە لە پۆلی چوارەمی ئامادەیی هیوای وایە زیاتر لەچالاکی هونەری شارەکەدا بەشداری بکا •

● عبدالله اسماعیل

لە ساڵی ١٩٦٠ لە بەرواری بالا لەدایك بووە ئێستا قوتابیە لە ئامادەیی پشەسازی لە دهۆك • هیوا خوازە تیپی تایبەتی شانۆیی لە دهوك دامەزرێ‌و خزمەتی خواستەکانی جەماوە ریکا •

لێرەوە

« بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە »

لاری لەوە دانیە کە هونەرمەند پێشەنگی پێشکەوتن‌و سەرهەڵدانەو • وەکو سەربازێکی نەناسراوە لە پێناو خزمەتی کۆمەڵ‌و هەمیشە لەم مەیدانە پڕ هیلاکی‌یەدا دەتوێتەوە ••• لە ولاتان ، هونەرمەندان گوڵی پیرۆزبایی‌و ریزی بێسنووریان لەپەخە ئەدرێ ، بۆ ئەوەی زیاتر بەرە بە بەرهەمەرەنگینەکانیان بدەن‌وسووربن لە سەرئەم‌پەیامە پیرۆزە ••• بەلام هونەرمەند لای ئێمە ، لە زۆر حالەتدا وەکو کەسێکی تری ئاسایی وایە تەنانەت زۆر جار هێرشی نابەدڵی جەبردرێتە سەرو تانەو توانجی تێرەگیری لەم رۆژانەدا لە گەشتێکی شاری سلێمانی‌دا ، لەقوتابخانەی ناوەندی (سەرچنار)ی کچان ، ئەم هەڵوێستەتاڵەم لەبلاوکراوەیەکی ساڵانەداو لەژێر ناوونیشانی (نوکتە!) بەك داخوێندەوە •• لە هونەرمەند (••••) یان پرسی ، ڕات چیە بەرامبەر بە هونەرمەند عبدالحلیم حافظ ••• ؟لەوەڵامدا وتی : ئەگەر لەتوانای‌دا هەیە با حەیرانەیەکمان بۆ بێت •

کێ لەم هەڵوێستە تاڵە بەر پرسیارە •• دەبێ بۆچی هونەرمەندێك ، کە بەدرێژایی زیاتر لە چارەگە سەدەیەك خزمەتی هونەری کوردی کردبێ ، بەمدڵ رەفی‌یە ، هەوڵبدرێ لە نرخی هونەرە رەسەنەکەی کەم بکرێتەوە ••؟

عبدالله بەرزنجی

کاتێ کە وێنە دەدوێت

ئەم شەقامەی لەم وێنەیەدا دەیبینن شەقامی « احمد مختار جاف »ە کە گەورەترین شەقامی هەڵەبجەیە بەوجۆرە دەبینن ئاسنگەرو تەنەکە چی‌یەکان چۆن شەقامەکەیان کردۆتە بازاڕی گەرمی خۆیان‌و ڕەشەوڵاخێکی زۆری تێدا بلاوبۆتەوەو لە تیژ ڕۆشتنی ئۆتۆمبێل‌و تراکتۆرێکی زۆری بازاڕەکە لەگەڵ تۆزا بەدەرەوەنی‌یەو ، تائێستا هۆبوون بۆ چەند کارەساتێکی ناخۆش ، ئیتر چارکردنی ئەم‌گرفتە هیوایەکی گەورەی دانیشتوانی هەڵەبجەیە ،لەلایەن کاربەدەستانی دڵسۆزەوە ، ئەمەش نمونەی خۆش‌گوزەرانی‌یەکی تەواوە لەسەرانسەری عێراقی نیشتماندا ••

سەرنجی کاربەدەستان بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە ئەم وێنەیە ڕۆژی چوارشەمە ریکەوتی ٢٥-١٠-٩٧٨گیراوە•

جەباری حاجی کەریم

له چالاکی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی له هەولێر

ئەحمەد سالار و باسێکی هونەری

کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی له هەولێر ، لەم رۆژانە میوانداری له هونەرمەندی ناسراو ئەحمەد سالار کرد بۆ پێش‌کەش کردنی باسێکی هونەری له ژێر ناونیشانی « سەرەتایەك لە مێژووی هونەردا » •

له پێشەکی کۆڕەکەدا مەهدی ئومێد هونەرمەندی ناوبراوی پێش‌کەش کردو بەناوی کۆمەڵی هونەرو وێژەو دانیشتوانی کۆڕەکەوە بەخێر هاتنی کردو باسی ئەوەی کرد کە رۆڵێکی دیارکراوی هەیە له پەرەپێدانی‌بزووتنەوەی شانۆی کوردی‌دا •

ئەنجا مامۆستا ئەحمەد دەستی‌کرد بەخوێندنەوەی باسە فراوانەکەی کە بریتی بو له دەست‌نیشان کردنی سەرەتای پەیدابونی شانۆو دیارخستنی ریبازە مێژووی‌یەکانی هونەری نواندن و کارتێ‌کردنی راستەوخۆی هونەرمەندان لە بەرەو پێشەوە بردنی شانۆی جیهانی‌دا •

هەروەها هەندێ بیروڕای هونەری شێ‌کردەوە کە لەباسەکەدا وەك سەرچاوەیەك بایەخی پێدابو•

دوایی هاتە سەر باسی شانۆی عیراقی‌و هاتنە مەیدانی هەندێ هونەرمەندی شانۆی جنستەروو کە بەشداری‌بان لە گەشەسەندنی شانۆی عیراقدا کردوەو چەندپێ ناسەیەکی هونەری روون‌کردەوە کە له کاروباری شانۆدا هونەرمەندان بایەخی پێ دەدەن •

هونەرمەند سالار لەباسە فراوانەکەی‌دا نەپەرژایە سەرشانۆی کوردی ، بەلام لەوەڵامی پرسیاری دانیشتوانەوەئەوەی ئاشکراکرد کە شانۆی کوردی هێشتا لەهەنگاوناندایەو لە چاوشانۆی جیهانی‌دا نەخەملیوە • بەلام سەرباری هەوئیکی پێ‌ئەندازە لەکاردایە بۆ ئەوەی شانۆی کوردیش بگاتە ئاستی پێ‌گەیشتن‌و بتوانێ لە پاشەرۆژدا ناسنامەیەك بۆخۆی بدۆزێتەوەو ئەمە هیوای هەمو هونەرمەندێکی لێهاتووە کە لە پێناو پاشەرۆژی شانۆی کوردی‌دا خۆی هیلاك ئەکات •

- شیرزاد-

ڕێرەو

لوتکەی گەورە بەلوتکەی هاوشانی دەڕاڕێنەرە بەڵام ئەوانەی لوتکەنین ، تەنگاو دەبن کە لوتکەنانی دەورو پشتیان نەبینن

هاوڕی صدام حسین

- نەخوێندەواری پڕ مەترسی‌ترین کۆسپە لەرێگای پێشکەوتنی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابوریدا •
- هەرەوەزی نیشتیمانی‌ی لەناوبردنی نەخوێندەواری هۆشیاری جەماوەر قووڵتر دەکاتەوە •
- هەرەوەزی نەهێشتنی نەخوێندەواری پتەوکەری ڕێڕەوی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمانە •
- وەرزێری خوێندەوار وەرزێرێکی بەرهەمهێنەرە •
- ئازادکردنی مرۆڤ لە نەخوێندەواری پێویستی‌یەکی دیموکراتی وئینسانی‌یە •
- ئافرەتی خوێندەوار ئافرەتێکی بەرهەمهێنەرە •

چاپکراوی نوێ

ئۆتۆنۆمی

زمارە (٥) ی ساڵی سێیەمی بڵاوکراوەی « ئۆتۆنۆمی » کە ئەنجومەنی باسادانانی ناوچەی کوردستان دەری دەکا دورچو ، لەم ژمارەیەشدا دەنگوباسەکانی دام‌و دەزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنومی‌و چالاکیەکانیان بڵاو کراوەتەوە بێجگە لە چەندان ریبوتاج دەربارەی لایەنەکانی ناوەدانی‌و بەرهەمهێنان لە ناوچەی کوردستاندا •

● ● ●

لم نیازمە

خێزان

یارمەتی تێ‌گەیشتنی منداڵ

بە داخەوە ، زۆردایك‌و باوك هەن ، تاوەکو ئێستا بەتەواوی نازانن ، پێویستی منداڵ چیەو زۆر جار روو دەدا دایك‌و باوك گوێ بە ڕێگاو ئوسوڵی هاوچەرخی پەروەردەی منداڵەکانیان نادەن ، یان هەندێکیان گاڵتەیان بە بەهرەی سەرەتایی منداڵەکانیان دێ ، لەکاتێکدا دایك بەتایبەتی زۆر پێویستە ئاگای لە پەروەردەکردنی توانای منداڵەکەی بێ‌و لە بیرکردنەوەو وزەی تێ‌گەیشتنی بکۆڵێتەوە ، بەتایبەتی لەپلەی یەکەمی فام کردنەوەیدا ، چونکە منداڵ لەوتەمەنەدا وەك تینوو حەز بە زانینی زۆرشت دەکا ، حەزدەکا زۆر بپرسێ بۆ ئەوەی زۆرتر بزانێ دایك‌و باوکی ژیرو وریا دەبێ ئاگاداری ئەوەبن چۆن وەڵام بۆ پرسیارە سەرەتایی‌یەکانی منداڵەکان لە هەلدە بژێرن ، ئەمەکان دەبێ لەسەر بنەڕەتی پەروەردەی نوێ‌بێ ، کە یارمەتی دەری منداڵەکە بێ بۆ تێ‌گەیشتن ، بەو رادەیەی لەگەڵ تەمەنیا دەگونجێ •

یاری منداڵ

- ٢ -

ئەو شتومەکانەی منداڵ یاریان پێدەکا ، مایەی شادی‌و خۆشی ئەو منداڵەیە ، لە خۆشی ئەو منداڵەیە ، لە گریاندا منداڵ بە یاری ژیر دەبێتەوە ، لێرەوە غەریزەی خۆشەویستی منداڵ پەروەردە دەبێ •

شارەزاکان دەلین چاکتر وایە واز لە منداڵ بهێنرێ خۆی چۆنی دەوێ وا یاری بە شتومەکەکانی بەردەستی بکا ، ڕەك بووکە شووشەو شتی تر ، چونکە توانای خۆ خەریك کردنی لای دەچەسپێ کە ئەمە هەر لەسەرەتاوە چاکترین یارمەتی دەرە بۆ دایك لەکاتی دەست گیراویدا بە ئیشوکاری ناو ماڵەوە •

منداڵی زۆر بچکۆلە بە بارێك کە رەنگاو رەنگ‌و سووك بێ رادێ وەك « شەق شەقە »و « زەنگ » ، بەلام لە تەمەکانی تردا دەبێ ئیتر قوناخی وریایی لە هۆڵبژاردنی یاری منداڵەکاندا لەسەر بنەڕەتی وردبینی‌و بەپێی راسپاردەی پەروەردەیی وابێ ، بارمەتی دەری پێ‌گەیاندنی راستی منداڵەکەبێ •

● شنە عزەت ●

لە بیرەوەری پینج ساڵەی کۆچی دوایی هونەرمەند (رفیق چالاك)

● لەم دواییەدا بیرەوەری رابوردنی پێنج ساڵ بە سەر کۆچی دوایی هونەرمەندی نەمر « رەفیق چالاك »دا رابورد کە لە ٧ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٣دا کۆچی دوایی کرد •

● ئەم هونەرمەندە لە ساڵی ١٩٢٣دا لە سلێمانی لەدایك بووەو بەدرێژایی تەمەنی وەك هونەرمەندێکی لێهاتووی شارەزا ژیانی لە پێناوی هونەری‌شانۆدا تەرخان کرد ، ئەمە بێجگە لەو توانا و بەهرە لێهاتوانەی لەمەیدانی ئەدەبیدا هەبوو •

لە ساڵەکانی پەنجادا تیپی هونەرە جوانەکانی لە سلیمانی دامەزراند کە دەورێکی پیرۆزی گێرا لە دانانی بەردی بناخەی شانۆی کوردی هاوچەرخدا • هەروەها لە رووی چالاکی کوردیەوە ، رۆژنامە نووسێکی لێهاتووی خاوەن پێنووسێکی بەهێزی رۆشنبیرانە بوو •

● لەدوای کۆچی دوایی کە لەشاری بەغدا بوو ، تەرمەکەی برایەوە شاری سلیمانی‌و لەگردی سەیوان بەخاك سپێرادرا •

● لە بیرەوەری پینج ساڵەی کوچی دواییدا ساڵو لە گیانی پاکی هونەرمەندی نەمر « رەفیق چالاك » •

Institut Kurde de Paris